ئی.بی. سۆن

# را پۆرتێك
# لەبارەی
# سلێمانی ناوچەیەك لە كوردستان

نوسینی
مه یجەر ئی.بی. سۆن

لە ئینگلیزیەوە
محەمەدئەمین حسێن ( مینە )

2023
چا پی دووەم

لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار- سلێمانی

ناوی کتێب: سلێمانی ناوچەیەک لە کوردستان

بابەت: مێژوو.

نوسینی: مەیجەر سۆن.

وەرگێڕانی: محەمەدئەمین حسێن ( مینە )

نوسینەوە و دیزاین: مینە.

دیزایینی بەرگ: مینە

چاپی دووەم/ 2023

نرخ: 5000 دینار

ژمارەی سپاردنی (1064) ساڵی 2007، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان پێدراوە

بەهیچ شێوەیەک ریگەپێدراو نییە کە ئەم کتێبە هەمووی یان چەند بەشێک فۆتۆکۆپی بکرێت، یان چاپبکرێتەوە، یان وێنەی لەبەر بگیرێتەوە بێ ئاگاداری و رەزامەندی نوسراوی کتێبخانەی یادگار. بە پێچەوانەوە کەسی سەرپێچیکار ریوشوێنی یاسایی لەبەرامبەر دەگیرێتەبەر

# پێرست


پێشەکی وەرگێڕ ........................................ 1

ووتەیەك بۆ چاپی دووەم ........................................ 5

پێشەکی نووسەر ........................................ 9

بەشی یەکەم ........................................ 12

1) سنوورەکانی کوردستان ........................................ 12

2) سنووری ئەو ناوچەیەی کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە ........................................ 15

3) تێبینی لەبارەی ناوچە میریەکانەوە ........................................ 16

بەشی ئێران ........................................ 19

دانیشتوان ........................................ 20

سروشتی وڵاتەکە ........................................ 23

سەرچاوەی ئاو ........................................ 26

کەش و ئاووهەوا ........................................ 31

بەروبوومی سروشتی ........................................ 33

زمان ........................................ 35

ئایین ........................................ 38

پەیوەندییەکان ........................................ 39

کەرکوك بۆ سلێمانی ........................................ 39

کەرکوك بۆ ئاڵتون کۆپری ........................................ 43

کەرکوك بە تاوغدا بۆ کفری و بەغدا ........................................ 44

کەرکوک بۆ کۆی سنجاق........................................45
سلێمانی بۆ کفری ........................................46
سلێمانی بۆ هەڵەبجە ........................................47
سلێمانی بۆ پێنجوێن........................................51
سلێمانی، سەردەشت، مەرگە........................................52
سلێمانی، سەردەشت، کۆی سنجاق و بۆ موسڵ........................................53
مەرگە بۆ رانیە بۆ رەواندوز ........................................54
مەرگە بۆ کۆی سنجاق و ئاڵتون کۆپری ........................................54
مەرگە بۆ بانە و سەقز ........................................55
هەڵەبجە، مەیدان، شیروان بۆ خانەقین ........................................56
هەڵەبجە بۆ زەهاو........................................57
هەڵەبجە بۆ جوانرۆ (بۆ کرماشان) ........................................58
هەڵەبجە بۆ پڵنگان بۆ سنە ........................................59
هەڵەبجە بۆ پێنجوێن ........................................60
پێنجوێن بۆ مەریوان و لەوێشەوە بۆ سنە........................................61
پێنجوێن بۆ بانە و سەردەشت (بۆ سابلاخ)........................................62
بانە بۆ سنە ........................................63
مەریوان بۆ پاوە بۆ کرماشان........................................63
(1 تێبینیە گشتیەکان........................................65
بارهەڵگرتن بەئاودا........................................67

2) هێزی سەربازی لە ناوچەکەدا ........ 67

شوان ........ 68

هەمەوەند ........ 68

رانیە ........ 68

پشدەر ........ 69

بانە ........ 69

جاف ........ 69

هەورامان ........ 70

مەریوان ........ 70

شەرەفبەیانی ........ 70

ولاخدارە کەرکوکیەکان ........ 71

هەڵەبجە و عەبابەیلێ ........ 71

حەسەنانلو (سونی) ........ 79

خۆراسانلو (سونی) ........ 80

حەیدەرانلو (سونی) ........ 80

شوکاک یان شقاق (سونی) ........ 80

قەرەپەپاخ (شیعە) ........ 81

برادۆست ( تێکەڵ) ........ 81

هەکاری (سونی) ........ 82

شەمدینان (شەمزینان) (سونی) ........ 83

جەلو (سونی) ........................................................ 83
ئۆرەمەر (سونی) ........................................................ 83
زێباری (سونی) ........................................................ 84
کۆمەڵەی خێڵە موکریەکان ( سونی) ........................................................ 84
مامەش(سونی) ........................................................ 84
مەنگوڕی (سونی) ........................................................ 85
پشتدێر یان پشدەر (سونی) ........................................................ 85
بڵباس (سونی) ........................................................ 85
رانیە (سونی) ........................................................ 86
مەرگە (سونی) ........................................................ 86
بانە (سونی) ........................................................ 86
شوان (سونی) ........................................................ 86
هەمەوەند (سونی) ........................................................ 87
جاف (سونی) ........................................................ 87
سولاحی یان سەلاحی(سونی) ........................................................ 88
شەرەفبەیانی (سونی) ........................................................ 88
باجلان (سونی) ........................................................ 88
سنجابی (شیعە) ........................................................ 89
رێژاو (سونی و عەلی وڵڵاهی) ........................................................ 90
ئەحمەدوەند یان ئەحمەدەوەند بەهتویی (سونی) ........................................................ 90

گۆران (عەلی وڵڵاهی)......................................................90
هەورامان (سونی).........................................................91
مەریوان (سونی)..........................................................91
بەشی سێیەم ..............................................................95
مێژووی پەیوەندیدار بە سنوورەوە ............................................95
حەسەنانلو..............................................................116
هەکاری.................................................................118
موکری یان مکری........................................................121
ئەردەڵان ...............................................................123
جاف ...................................................................128
گۆران..................................................................135
هەمەوەند ...............................................................138
بەشی چوارهەم..........................................................143
هەمەچەشنە ............................................................143
دووەم/ زمان ...........................................................151
سێیەم/ کولتوور ........................................................160
3/ هێزی سەربازی تورک لە ناوچەکەدا.......................................165
چوارەم/ پۆست ..........................................................169
پێنجەم/ بازرگانی – کشتوکاڵ...............................................170
پاشکۆی (I) .............................................................172

بنەماڵەی شێخانی باشووری کوردستان ........................................ 172
پاشکۆی (ب) ........................................................................ 177
ڕێگەکان و نرخی کرێی وڵاخ ........................................................ 177
پاشکۆی (ج) ........................................................................ 200
پاشکۆی (د) بەردەوامە .............................................................. 213
شێوەکانی فرمان .................................................................... 216
دەمی ئێستای هەواڵگەیاندن ......................................................... 216
کرداری ڕابردووی دوور .............................................................. 217
داهاتو ................................................................................ 218

# پێشەکی وەرگێڕ

سەدەیەك لەمەوبەر (مەیجەر سۆن) بە فرمانی دەوڵەتی بەریتانی وەك نوێنەر و گەڕۆك و گەشتیار هاتە کوردستان و لە ناوچەی سلێمانیدا بۆ ماوەی سێ ساڵ زیاتر مایەوە. لەسەر خواستی دەوڵەتەکەی و بە مەبەستی تێگەیشتن لەم ناوچەیە، لە رووی سەربازی و سیاسی و بارودۆخی ناوچەکە و شێوەی ئەو میللەتانەی لێرەدا دەژین، هەروەها لە رووی کلتور و زمان و بیروبۆچوون و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئاستی شارستانی و رۆشبیری و ئایین و زۆر لایەنی ترەوە، دەست بەکاربوو تا ساڵی 1910. بەزۆریش لە ناوچەی سلێمانیدا ماوەتەوە و بەتایبەتی لە شاری سلێمانیدا تەواو شارەزای لایەنە جۆربەجۆرەکان بووە.

ئەم کتێبەی لەبەر دەستدایە، راپۆرتێکە بۆ حوکومەتی بەریتانیا، دوای ئەوەی مەیجەرسۆن لە کارەکەی دەبێتەوە و کۆتایی بەو ماوە دیاریکراوە دێت بۆ مانەوەی لە ناوچەکەدا. لەبەرئەوەی ئەو سەردەمە وڵاتەکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا لە رووی ئیداریەوە سەربە هندستان بوون، بۆیە ئەم راپۆرتەش لە شاری (کەلکەتا) چاپکراوە.

منیش وەك کارێکی مێژوویی لەبارەی کوردستانەوە ئەرکی وەرگێڕانەکەیم گرتە ئەستۆ و لەسەر ئەرکی مەڵبەندی کوردۆلۆجی چاپ و بڵاوکرایەوە.

لە لایەکی تریشەوە، کەمێ ئاگام لە نوسەرەکەشی بوو، دەشمزانی تا رادەیەکی زۆر دڵسۆزانە و راستگۆیانە بیروبۆچوونەکانی دەردەبڕێ. بەڵگەکەشم زیاتر لەوەوە

سەرچاوەی هەڵگرتبوو، کە ئەو سەردەمانەی من لە بەریتانیا دەژیام، بیستم کە ژنەکەی مەیجەر سۆن، پەیوەندی کردبوو بە چەند کوردێکی دانیشتوی بەریتانیاوە و پێی ڕاگەیاندبوون، گوایە مەیجەر سۆن سامانێکی لە دوا بەجێماوە و لە وەسیەت نامەکەیدا بە خاڵێك هێمای بۆ ئەوە کردووە حەزدەکات ئەو سامانە دوای خۆی بەکاربهێنرێ لە پڕۆژەیەکدا بۆ کوردستان. من ئەو کاتە بیرم تەنیا لە دڵسۆزی ئەو پیاوە دەکردەوە بەرامبەر وەفا و ئەمەکی رەسەنانەی کە لە دواچرکەی ژیانیشیا کوردی هەر لە یاد بووە. بەڵام کاتێ کە ئەم بابەتەم بەرچاو کەوت، ئیدی تەواو دڵنیابووم، نەك هەر لە دڵسۆزی، بەڵکو لە راستگۆیشی، لەگەڵ خۆی بە پلەی یەکەم و لەگەڵ دەوڵەتەکەی بە پلەی دووەم و لە دوایشدا لەگەڵ میللەتی زۆرلێکراوی کوردیش لەو سەردەمانەدا. مەیجەر سۆن لە نوسینەکەیدا بە هیچ جۆرێ سڵی لەوە نەکردۆتەوە کە پەنجە بۆ هەموو کون و کەلەبەرێك درێژ بکات و لە هەموو بوارێکدا بۆچوونی راستگۆیانەی بخاتە روو. ئەو نوسینەشی تەنیا وەك ئەرکی سەرشانی بەرامبەر دەوڵەتەکەی خۆی نەنووسیوە، بەلای منەوە ئەوە زۆر روونە کە هاوئاهەنگی و دڵسۆزی تایبەتی هەبووە بەرامبەر مەسەلەی کورد و لە زۆر شوێنی نووسینەکەیدا هەست دەکەم وەك کوردێکی داخ لە دڵ ئەو راوبۆچوونانەی هەیە.

راپۆرتەکەی مەیجەر سۆن، وەك کڵاوڕۆژنەیەك وەهایە و لە رووانگەیەکی زۆر بەرزەوە لە واقیع و بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان دەکۆڵێتەوە و لە کوێدا ستەمی بەدی کردبێ باسی لیێوە کردووە، با ئەو ستمە کوردیش کردبێتی لە کورد یان لە کلدانی یان جولەکە و ئەرمەنی. کەواتە لای ئەو مەسەلەکان بەگشتی وەرگیراوە و نەهاتووە تەنیا تیشك بخاتە سەر ئەو لایەنەی خۆی یان دەوڵەتەکەی

مەبەستیەتی. بەڵکو وێنەیەکی فۆتۆگرافی ئەو سەردەمە و راستەقینەی مەسەلەکان و جوانی و ناوێزەیی نەخشاندووە، هەروەها لە میانەی نوسینەکەیدا هەندێ پرسیاریش ئاڕاستەی بەرپرسانی خۆی دەکات، کە بۆچی میللەتێکی وەکو میللەتی کورد نابێ سەربەخۆ و سەربەست بێت؟

لای مەیجەر سۆن تاکی کورد هاوشێوەی خۆیەتی و لە ناوچەکەدا جیاوازە و لە رووی کلتوریەوە نیزیکایەتی بەدی دەکات لە نێوان ئەوان و نەتەوەکانی رۆژئاوادا. ئەوەتا لە باسی ژنی کورد و ئاستی کۆمەڵایەتیان بە تەواوی هاودەنگە لای ئەو لەگەڵ ژنانی رۆژئاواییدا.

منیش وەك وەرگێڕی ئەم بابەتە هەوڵمداوە زۆر بە ئەمانەتەوە کارەکە جێبەجێ بکەم و کەم و زۆر دەستکاری ناوەرۆکم نەکردووە. هەر بیرو بۆچوونێکیش، ئەگەر بەلامەوە کەموکوڕیەکی تیابووبێ وەك خۆی دامناوەتەوە، نیشانەیەکی پرسیارم لە تەکیا داناوە، یان کەوانەیەکم خواستووە و رونکردنەوەیەکم لەسەر نوسیوە، یاخود لە پەراوێزدا هێمای بۆ کراوە.

نوسینە ئینگلیزییەکە تەمەنی سەد ساڵە و زۆر ناوی شوێن و ناوچە و تیرە و خێڵ بە روونی دیار نەبوون، منیش زۆر هەوڵم داوە کە هەڵەی تێدا نەکەم، بۆ ئەو مەبەستەش پرسیارم لە زۆر لە دۆستان و خاوەن زانیاریەکان کردووە، کە بە سوپاسەوە لێرەدا ئەرکەکانیان دەنرخێنم.

خۆ ئەگەر ناوی تیرەیەك، یان خێڵێك و ناوچەو شوێنێك بە هەڵە نوسرابێ، ئەوە لەوانەیە دوای ئەو سەد ساڵە گۆڕانکاری بەسەر هاتبێ و ئەمڕۆ بە ناوێکی ترەوە ناو دەبرێت، بۆ نمونە ئەو لە نوسینەکەیدا شاری مەهاباد، یان سابڵاخی بە (سوچبلاخ)

نوسیووه. یان باسی شوێنێك دهكات له داوێنی پیرهمهگروون و به (سهردهشت) ناوی دهبات، كه ئێمه دهزانین شاری سهردهشت له دیوی ئێرانه و به بیرهوهری زۆرمان سهردهشتمان نهبیستووه له خوارووی كوردستان، ههرچهند خۆشی له پهراوێزدا هێمای بۆ ئهوه كردووه كه ئهو ناوه تێكهڵ نهكرێت به سهردهشتهكهی دیوی ئێران. به بڕوای من زۆر لهو شوێنانه نهماون و ناوهكهشیان كوێربوونهتهوه.
كهواته خوێنهری ئازیز لهوانهیه ههندێ لهو وشانه بهرچاو بكهوێت، هیوادارم له نرخی بابهتهكه و وهرگێڕانهكه كهم نهكاتهوه.
بیر و بۆچوونهكانی ئهم دهقه راستهوخۆ تایبهته به خودی نووسهرهوه، لهوانهیه ههندێ وشهی زۆر زهق و هێرش ئامێزی تێدا بێت، بهڵام كهم تا زۆر ئهوه رای نووسهره و ههندێ جاریش ویستوومه كهمێ سادهتری بكهمهوه.
وهك زمانی وهرگێڕانهكهش، ههر كهموكوڕیهك بهدیكرا، كهمتهرخهمی وهرگێڕه و داوای لێبووردن دهكهم.

مینه/ سلێمانی
2007/11/27

## ووتەیەك بۆچاپی دووەم

خوێنەری ئازیز، بەخۆشحاڵییەوە کتێبی (سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان) جارێکی دی و لە بەرگێکی نوێدا دەکەوێتەوە بەر دیدی خوێنەران.

لێرەدا وەك وەرگێڕ، بەهەلم زانی کە هەندێ دید و بۆچوون و روونکردنەوەی زیاتر لەسەر بابەتەکە و خودی نووسەرەکەی ئاماژەبکەم. لەوانەیە لە چاپی یەکەمدا دەستم نەگەیشتبێت بە هەموو ئەو زانیارانە و یان با بلێم لە هەوڵی زوو بەچاپگەیاندنی بابەتەکەدا، کەمتر بەدواداچوون بۆ لایەنە پێویستیەکانی تر کرابێت.

لەبارەی ئەوەی کە لە پێشەکیەکەدا هێما بەوە کراوە، گوایە ژنەکەی مەیجەر سۆن پەیوەندی بە چەند کوردێکەوە کردووە، تا ئەو سامانەی کە دوای مەیجەر سۆن بەجێماوە، ئامادەکراوە لە پرۆژەیەکدا بۆ کورد، بەتایبەتی خەڵکی سلێمانی بەکاربهێنرێت. راستییەکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

دوای مردنی خاتوو لینێت لیندفیلد–Lynette Lindfield، هاوسەری مەیجەر سۆن لە ساڵی 1994، سندوقی متمانەی سۆن بۆ کوردستان دامەزرا بۆ پێشخستنی ئەو پرۆژانەی کە مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا دەکەن. ئەمانەتەکە لەلایەن شێری لایزەر – Sheri Laizerەوە بەڕێوەدەبرا، کە نووسەرێکی بەریتانی/نیوزیلاندیە و دۆستی کورد بوو، بەڵام پێناچێت چیتر ئەو سندوقی متمانەیە چالاك بێت. هەروەها شێری خۆشی ئێستا لە دەرەوەی وڵاتی بەریتانیا دەژی.

ئیلی بانیستر سۆن– Ely Bannister Soane - 1881–1923 ئەفسەر و زماناناس و بریکاری هەواڵگری و نووسەرێکی بەریتانی بووە، کە بە گەشتەکانی بەناو

کوردستان و میسۆپۆتامیادا ناسراوە، لەگەڵ کارە دەگمەن و گرنگەکانی لەبارەی نەتەوەی کوردەوە.

بەرهەمی نووسین و بڵاوکراوەکانی:

1. "تێبینی لەسەر زاراوە کوردیەکان: لقی شادی کرمانجی"، گۆڤاری کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیای بەریتانیا و ئێرلەندا، نیودەلهی: چاپخانەی زانکۆی کامبریج: سۆن، 1909.
2. "گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی باشوور بە زاراوەی کرماشان"، گۆڤاری کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیای بەریتانیا و ئێرلەندا، چاپخانەی زانکۆی کامبریج: سۆن، 1909.
3. گەشتێك بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادریاردا : لەگەڵ تێبینیە مێژووییەکان لەبارەی تیرە و خێڵەکانی کورد و کلدانەکانی کوردستانەوە. ماینارد و کۆمپانیا. سۆن، 1910.
4. ڕاپۆرتێك لەبارەی سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، کەلکەتا: سەرپەرشتیاری میریی. سۆن، 1910.
5. ڕێزمانی زمانی کرمانجی یان کوردی (بە ئینگلیزی و کوردی). لوزاك و کۆمپانیا. سۆن، 1913.
6. تێبینیەکان لەسەر هۆزەکانی باشووری کوردستان، چاپخانەی میریی، سۆن، 1918.
7. "کورتە ئەنتۆلۆژیایەکی شیعری گوران"، گۆڤاری کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیای بەریتانیا و ئێرلەندا، چاپخانەی زانکۆی کامبریج: سۆن، 1921.

8. "تێبینی لەسەر فۆنۆلۆژیای كورمانجی باشووریی"، گۆڤاری كۆمەڵەی شاهانەی ئاسیای بەریتانیا و ئێرلەندا، چاپخانەی زانكۆی كامبریج: سۆن، 1922.
9. "حیكایەتی سوتۆ و تاتۆ: دەقی كوردی بە وەرگێڕان و تێبینی". بولیتینی قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتناسی. چاپخانەی زانكۆی كامبریج. ئی. بی. سۆن؛ ڤلادیمێر مینۆرسكی، 1923.

مەیجەر سۆن تاكە گەشتیارێك بووە لە ناوچەكەدا كە هەوڵیداوە لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا جێپەنجەی خۆی جێبهێڵێت.

ئەوەتا ڕۆژنامەیەكی نیمچە هەفتانەی (تێگەیشتنی راستی)، تاكە بەڵگە و گەواهی ئەوە ئەدات، كە لەلایەن فەرماندەیی سوپای بەریتانیاوە لە عێراق لە 1/ كانونی دووەم/ 1918 بۆ 27/ كانونی دووەم/1919، 66 ژمارەی لـێ بڵاوكراوەتەوە.
لەو كاتەدا بەریتانیا لەگەڵ ئیمپراتۆریای عوسمانی لە شەڕدا بوو، كە لە سەدەی شانزەوە فەرمانڕەوایی عێراقی كردبوو. كاتێك لە بەهاری ساڵی 1918 هێزەكانی بەریتانیا دەستیانكرد بە بەرەو پێشچوون بۆ باكوور بەرەو ناوچەی كوردستانی باشوور، ئەو ڕۆژنامەیە بوو بە زمانحاڵی ئیمپراتۆریایی بەریتانیا، لە كاتی مامەڵەكردن لەگەڵ پرسە سیاسی و كۆمەڵایەتی و كولتوورییەكاندا، پڕوپاگەندەی بۆ پشتیوانی لە هەڵوێستەكانی بەریتانیاش دەكرد. ڕۆژنامەكە بە یەك ئانە—عانە، یان چوار فلس دەفرۆشرا، كە ئەو كاتە بڕێكی زۆر كەم بوو. بارەگای ئەو ڕۆژنامەیە لە بەغدا بوو، لە شەقامی نەهری ئێستا، لە هەمان بینای ڕۆژنامەی ئەلعەرەب.

ڕۆژنامەکە هیچ ئاماژەیەکی بە ناوی خاوەنەکانیان نەکردووە و سەرنووسەری گشتی و دەستەی نووسەرانی تێدا نەبووە و بابەتەکان لەژێر هێڵەکانی لاوەکیدا بڵاو نەدەکراونەتەوە. بەڵام دەزانرێت کە (مەیجەر سۆن) سەرنووسەری گشتی بووە و تەواوی توێژینەوەکەشی ئامادەکردووە بۆ بڵاوکردنەوە. سۆن شارەزایی لە زمانی کوردیدا هەبوو، لە کارەکانیدا لە لایەن شاعیر و کەسایەتی ئەدەبی، (شوکری فەزڵیەوە) یارمەتی دەدرا. تێگەیشتنی راستی بە مەبەستی ئەوەی وەك قۆڵێکی میدیایی و پڕوپاگەندە بۆ کۆکردنەوە و هاندانی کورد لە دژی تورکە عوسمانییەکان کار بکات، لە هەواڵ و بابەتەکانیدا هێرشی دەکردە سەر ئیمپراتۆریایی عوسمانی. هەروەها بە شکۆکردنەوەی ئایینی ئیسلام و پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتی کورد. پەرەی بە ئەدەبی کوردی و شیعری حاجی قادری کۆیی و نالی دەدا. هەروەها یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بوو کە لەبارەی مێژوو و بنەچەی نەتەوەی کوردەوە دەینووسی.

زۆر سەیرە لە کۆی ئەو گەشتیارانەی کە هاتوونەتە کوردستانەوە، کەسیان، کەم تا زۆر وەك مەیجەر سۆن لە بواری نووسین و توێژینەوەدا بەرهەمێکی ئەوەندەیان لەدوای خۆیان جێنەهێشتووە. هەرچەند ئەوەش ئاشکرایە مەیجەر سۆن وەك ئەفسەرێکی سیاسی لە ناوچەکەدا، بەدڵنیاییەوە لە پێناوی حوکومەتی بەریتانیدا کاریکردووە؛ بەڵام ئەو کارانەشی کە کردوونی پڕن لە دڵسۆزی و هەستی مرۆیانە بەرامبەر میللەتی کورد.

مینە/ مانچەستەر

2023

# پێشەکی نووسەر

ئەمە راپۆرتێکە لەسەر سلێمانی، ناوچەیەك لە کوردستان، لەگەڵ هەندێ تێبینی لە بارەی خێڵەکانی سەرسنووری تورکیا، وڵاتی ئێران و مێژووی کێشەی سنووری نێوان ئەو دوو وڵاتە.

ئەم راپۆرتەی خوارەوە کە لەبارەی ژیان و زمان و مێژووی خێڵە کوردەکان و جیاکەرەوەی جوگرافیایی ئەو ناوچەیەیە، لە ئەنجامی دەستکەوتی زانیارییەکانە لە ماوەی شەش مانگ مانەوە لەو هەرێمەدا.

لەو ماوەیەدا نووسەر، وەك فارسێك و لەبەر چەند هۆیەك خۆی گۆڕیبوو، کە سەرەکیەکەیان بۆ ئەوەی بە سەربەستی لەو وڵاتەدا بتوانێ بە هەموو لایەکدا بڕوات و بچێتە ناو هەموو چینە جیاوازەکانەوە. هەروەها پەیوەندیەکی نزیك و ناسیاوی لەگەڵ خەڵك و زمانەکەیاندا پەیدا بکات، هەموو ئەوانە پێویستە بۆ ناسینی کوردەکانی باشوور. هەروەها تێگەیشتن لە دیالێکتە جیاجیاکان کە مەبەستی سەرەکیم بوو.

بەشی زۆری مانەوەم لە کوردستاندا، لە سلێمانی بوو. بەڵام بەر لەوەی لەوێ جێگیربم، چووم بۆ هەڵەبجە، کە عادیلە خانمی جافی لێبوو، وەك (میرزا)یەکی ئێرانی و بازرگانێك پەسەندکرام، تا ماوەی چوار هەفتە مامەوە. لەو کاتەدا توانیم ناسیاوی پەیدابکەم لەگەڵ وەسمان پاشا و مەحمود پاشا و تایەر بەگ و مەجید بەگ، کە لە بنەماڵەی فرمانڕەوا بوون. هەروەها خەریکبوو وەك نووسەر– کاتبێکی ئێرانی لەلای وەسمان پاشا بمێنمەوە، کاتێ کوتوپڕ کەسێك لە بیارەوە هات، کە خەڵکی سنەی کورستانی ئێران بوو، کە لە ئەستەمبوڵ یەکترمان بینیبوو؛ هەر کە

بینیم، روانیم سەرنجێکی شەڕانی لێدام و بە ئاشکرا دژایەتیم دەبینی بەرامبەرم، بۆیە بە چاکمزانی ئەوێ بەجێبهێڵم. بڕیارمدا بچم بۆ هەورامان و مەریوان و پێنجوێن و هەندێ ووردەوالاّم لەگەڵ خۆمدا برد بەناوی بازرگانییەوە کە هۆیەیەکی پەسەند بوو تا بە ناوچەکەدا بتوانم بگەڕێم. هەروەها بووم بە شەریك لەگەڵ کوردێکی موکریانی، ئەوەی کە زمانەکەی خۆی بە باشی فێرکردم، لەگەڵ یارمەتیدانم لەو ژیانە بێنرخ و پڕ لە تەشقەڵە و سوکایەتیەدا وەك بازرگانێکی گەڕۆك لە کوردستاندا.

لە ماوەی ئەو گەشتەدا ناسیاویم لەگەڵ دوو سەرۆك تیرەی هەورامی سەر بە عوسمانی و سەر بە ئێران پەیداکرد، سوڵتان جافر و عەلی شاە کە دواتر دوژمنایەتیەکیان هەبوو لەگەڵ یەکدا. بە رێگەیەکی دوور و درێژدا چووین بۆ سلێمانی و بۆ ماوەیەکی کورت لەوێ مامەوە، گەشتێکم کرد بۆ بانە، بۆ بنێشت، بە مەرگە و کۆی سنجاق و سەردەشتدا گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. هاوڕێیەتیم لەگەڵ هەموو چین و توێژەکاندا پەیداکرد و تەنانەت لەگەڵ بەرپرس و فرمانبەرە تورکەکانیشدا. کاتێ لە مانگی ئابدا سلێمانیم بەجێهێشت و هەفتەیەك لە کەرکوك مامەوە، بە ناو وێرانەی وڵاتی هەمەوەندەکاندا تێپەڕیم، کە چەند مانگێك لەوەبەر لە سلێمانی سەرەتای بەهار، سێ ڕۆژێ لەگەڵ سەرۆکەکەیاندا مامەوە. من سێ هەفتەی تر لە کەرکوکدا مابوومەوە، ئێستا لەوێوە چووم بۆ ئاڵتون کۆپری و بە سواری کەڵەك بەرەوخوار بە زێکەدا بۆ دیجلە و بۆ بەغداد.

بۆ کۆکردنەوەی مەسەلە مێژوویەکان کە پەیوەندیی بە سنوورەوە هەیە، بایەخم داوە بە پەیمانەکانی نێوان وڵاتانی ئێران و تورکیا لەبارەی ئەرمینیاوە، هەروەها

مێژووی سێر جۆن مالكولم، كورزۆن، روداوەكانی ئەم دواییە لە (1907)ەوە لەگەڵ ئەو تێبینیانەی خۆم كە لە وڵاتی ئێران تۆمارمكردوون، رۆژنامەكانی تاران، لەوانە تایم، لەو كاتەوە 1909 من سورم لەسەر ووردی سەرنج و تێبینیەكان و رۆژنامە هاوشێوەكان، لەگەڵ كۆكردنەوەی زانیاری زیاتر. مێژووی تیرە و خێڵەكان ( جگە لەوەی لە حەسەنانلویە) كە یەكێكە لەو شتانەی من لەبەرئەوە سەردانم كردووە، تێبینی و بەڵگەنامەی باوەڕپێكراوم لەبارەوە كۆكردۆتەوەو دەتوانم چاوێ بگێڕم بە هەڵەبجە و پێنجوێندا كە دەكرێ لێی ووردبینەوە.

لە بەشی سێیەمدا پێرستێكی جوگرافیام بۆ وڵاتی ئێران رێكخستووە، لە دەرەوەی چوارچێوەی راپۆرتەكەدا، هەروەها پێرستێك بۆ جوگرافیای كرماشان كە باسی چەند ناوچەیەك دەكات و لە بەشی سنووردا باسی لێوەكراوە.

ئەگەر راپۆرتەكە لە هەندێ لاوە كەموكوڕی هەیە، ئەوەش لەبەرئەوەیە كە كاتێ من چووم بۆ كوردستان راپۆرت نوسینم بە بیردا نەهاتووە، خۆم بەتەنیا مێژوونوس و ئەنترۆپۆلۆگ و زمانەوان و زانیاری بووم.

لێرەدا پێویستە ئەو پێزانینە بەیان بكەم بەرامبەر ئەو یارمەتییە بە بەزەییانەی ئەفسەری پلە یەك، ئەی.ت. ولْسن.A. T. Wilson ، جەی.ئەی. J.A قونسڵی بەریتانی لە موحەمەرە. كە راپۆرتەكەی بە شێوەیەكی رێكوپێك رێكخست و یارمەتییەكی زۆری داوم لە راستكردنەوەی هەڵەی چاپدا.

E.B. SOANE

ئی. بی. سۆن/ موحەمەرە

1910/4/6

# راپۆرتێک
# لەسەر
# سلێمانی ناوچەیەک لە کوردستان
## بەشی یەکەم

### ( 1 ) سنوورەکانی کوردستان

کوردستان ئەو خاکەیە کە کوردەکان تێیدا نیشتەجێبوون، یان ئەو خەڵکانەی بە خۆیان دەڵێن کورد و بە زمانی کوردی دەدوێن. هەندێ لەو ناوچانەی کە بە شێوەیەکی راست پێویستە بخرێنە سەر ئەم خاکە، لەو وڵاتانەش وەك ئەرمینیا، میسۆپۆتامیا و ئازربایجان، کە ئەرمەنیەکان تێیدا نیشتەجێبوون، لە سوریاش عەرەب و تەتەرەکان.

زۆربەی کوردەکان لە هەندێ بەشی ئەم وڵاتانەدا، ناوچە شاخاوییەکانیان گرتووە و لەو بڕوایەدان کە ئەو شوێنانە کوردستانە.

دوو ناوچەی زۆر گرنگ لەم ناوچانە دانی پێدانانرێت کە کوردستانە، بەڵام کەوتونەتە ناو ئەم خاکەوە و ناوە گشتیەکانیان وەك ئەمانەی لای خوارەوەیە:

- باکووری میسۆپۆتامیا لە باشوورەوە دەورەدراوە بەهێڵێك کە لە بریجقەوە شۆربۆتەوە بەسەر ئەڤەرێستدا بۆ جەزیرەی ئیبن عومەر لەسەر دیجلە: باکوور، رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەلای ئەڤەرێست و دیجلە و بەرەو ئەو شوێنەی فراوان دەبێتەوە لە باشووری ئەرغانە، لەوێدا کە زۆر نزیکە لەیەك بدەن. لەم رۆژگارەی ئەمڕۆماندا، ئەم شوێنە سێ گۆشەیە بڕیار بوو بەشێك بێ لە

کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە رەگەز وانیە. هەرچەند بە تەواوی لە باکوور و رۆژهەڵاتەوە لە لایەن کوردەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە و تیایدا نیشتەجێبوون و بەرەو زۆر بوون دەچن.

- ئەم ناوچە سێ کۆشەیە بە نزیکی هاوڕێکە بە هێڵەکان لە ئاراراتەوە بۆ وان، لە (وان)ەوە بۆ موش، لە (موش)ەوە بۆ ئەرزڕۆم، لە ئەرزڕۆمیشەوە بۆ ئارارات، ئەمە بڕیاردراوە کە بەشێك لە ئەرمینیا بێت، هەرچەند کێشەی کورد و ئەرمەنەکان بۆتە هۆی داگیرکردنی، ئەوانیش دوا مللەت بوون پێش کوردەکان کە لەو ناوچەیەدا بوون.

سنووری رۆژئاوای کوردستان رێکخرابوو، ویلایەتی دەرسیم و مەئموراتولعەزیز بڕیاریاندا کورد لەلایەن تورکەوە پەسەند بکرێت، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لە سەلجوقیە تورکەکان و مەسیحیەکان لە دەشتەکانی ئەو پارێزگا شاخاوییە نیشتەجێبن.

لە باکووریشەوە خێڵە مەزنەکان، گروپێك لە کوردی کرمانجی و بەشێك لە کوردی زازا خاکەکانی باشووری ئەرزنجانیان داگیرکردبوو. لەکاتێکدا لە باکووری وڵاتی وان زۆر بە جوانی و بە ژمارەیەکی یەکسان دابەشکرابوو بەسەر تەتەر و ئەرمەن و کورددا.

سنووری باشووری بە شێوەیەکی بەش بەش هێمای بۆ کراوە و بەردەوامە لە جزیرەی ئیبن عومەرەوە بۆ موسڵ و لەوێشەوە دوای رێگەکە دەکەوێت بەناو هەولێر، ئاڵتون کۆپری، کەرکوك، کفری بۆ قزلڕەبات، پاشان بۆ مەندەلی و لە

مەندەلیشەوە بە نزیکی لەسەر هێلێك بۆ کەنگاوەر لە وڵاتی ئێران (ناوچەی کرماشان).

لێرەوە سنووری رۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێدەکات و دوای هێلێك دەکەوێت بەناو کەنگاوەر، بیجاڕ ـمیاندواو (میانداب)، شنۆ ـ ئارارات.

سنووری وڵاتی کورد بە دڵنیاییەوە لە ماوەی چەند سەدەیەکی رابردودا فراوان بووە، بە شێوەیەکی تایبەتی لە رۆژئاواوە، باشووریش بەرەو میسۆپۆتامیا و باکوور بەرەو ئەرمینیا، سوریەکان و تورکە نیشتەنیەکان، لەو دەورانەدا بوون بە نیوەجێگیر، تەنیا لە پێناوی ژیاندا لەگەڵ دانیشتوانی پێشوی ناوچەکەدا دەژیان. وەکو لە دەشتەکانی نێوان بریجق و وێرانشەهر دەیبینین لە (باکووری میسۆپۆتامیا).

لێرەوە کوردستان دەبینرێ، ئەو زنجیرە شاخانە دەگرێتەوە کە بە پێچەوانەی چیای تۆرۆسەوە بە هێڵێکی شێوە چەماوەیی دەستپێدەکات تا دەبێ بە چیای زاگرۆس. کە لە رۆژئاواوە دەوری وڵاتی ئێران دادە و کوردەکان دابەشدەکات لەگەڵ خێڵەکانی لوڕ لە باشووری هێڵە سنووریەکەیاندا.

ئەو مەودایە نزیکە لە هاوجوتی تەواوەوە لەگەڵ خاکەکانی (نایری) کە لە نەخشەکانی ئاشوریەکان و دەزگاکانی میدیای( ئەترۆپاتەن وماننا) بۆ کەمێ دواتریش. هەروەها لەوانەیە کە وڵاتە ئاریەکانی تێدا نیشتەجێ بووبێت، هەرگیز ئەوە روونەبۆتەوە کە بەر لەو مێژووە کێ لەوێدا جێگیر بووە، کە کۆچێك بەرەو رۆژئاوا هەبووە.

ئەو ناوچانەی کە بەم جۆرە داگیرکراوە نزیکەی 95000 میل چوارگۆشەیە.

ئەو دەشتاییانەی کە کوردستان دەبەستێتەوە بە باشوور و رۆژهەڵاتەوە، ناوچە نیشتەنییە شاخاوییەکانی دەکەوێتە ناو، لەبەر ئەوەی کوردەکان بەرگەی گەرما و هەوای شێدار ناگرن، هەروەها ئەوەی پشتی پێدەبەستن دۆزینەوەی لەوەرگایە بەدرێژایی ساڵ. بەم جۆرە هەمیشە کوردەکان لەسەر چیاکان دەبینینەوە. هەر ئەم رەوشتەشە کە لەوانەیە بەرگریی لە داگیرکردنیان کردبێت. لە سەردەمە جیاوازەکاندا و کەمتر رێی داوە بە نەتەوە جیاوازەکان تا خاکیان داگیربکەن.
لە باکووردا، گردۆڵکەکانی ئەرمینیایە سنووری سروشتی بووە و لە رۆژانی خۆیدا لەو وڵاتەدا کورد بەهێز بووە و یەکەیەکی سیاسی بووە.

## ( 2 ) سنووری ئەو ناوچەیەی کە لە را پۆرتەکەدا هاتووە

ناوچەکە لەژێر پێداچوونەوەیەکی قوڵتردا پارچەیەکی درێژکۆلەیە لە وڵاتێك، کە لە رۆژئاواوە بە رێگەیەك دەورەدراوە، لە ئاڵتون کۆپریەوە بۆ کەرکوك، لە باشوورەوە هێڵێ بەناو کەرکوکدا و ئیبراهیم خانچی و بانیخێڵان، بە درێژی شیروان یان رووباری سیروان بۆ ناوچەی چیاکانی هەورامان دەڕوات. رۆژهەڵاتی چیای هەورامان بۆ مەریوان و پێنجوێن، باکووری پێنجوێن بۆ ئاڵتون کۆپری.
ئەم سنوورانە ناوچەی تورکومانەکانی ئاڵتون کۆپری و کەرکوکیش دەگرێتەوە.
کوردەکانی وڵاتی شوان، وڵاتی هەمەوەندەکان، سلێمانی و بەشێك لە ناوچەی جافەکان بەسەر شارەزووردا دێت بۆ ناوچەکانی هەورامان* و مەریوان و پێنجوێن.

---

*ئۆرامان، ئۆرام، یان ئۆرامی یان اورامی، هەورام، بەپێی تاك و کۆی فارسی یان کوردی بەکاردێت.

## ( 3 ) تێبینی لەبارەی ناوچە میریەکانەوە

هەموو ناوچەیەك، جگە لەو بەشەی کەوتۆتە ناو خاکی ئێرانەوە، لە ناو ویلایەتی موسڵدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە دابەشکراوە:

1. موتەسەریفێتی سلێمانی
2. موتەسەریفێتی کەرکوك

ئەوانەش دیسانەوە لە راپۆرتەکەدا بۆ ناوچەی تر (قائیمقامیەت)دابەشکراون.

**سلێمانی:**

- قائیمقامیەتی هەڵەبجە و شارەزوور
- قائیمقامیەتی پێنجوێن.

**کەرکوك:**

- قائیمقامیەتی ئاڵتون کۆپری.
- قائیمقامیەتی ناوچەی شوان
- قائیمقامیەتی چەمچەماڵ (هەمەوەند)

بەڕێوەبەرێکی ناحیەی زۆر دابەشکراوە بەسەر ناوچەکانی تردا، بەڵام وەك پۆست لەم کاتەدا بەیان نەکراوە.

سیستمەکە بەم شێوەیە لە هەموو لایەکی ئیمپراتۆریەکەدا کاردەکات، بەڵام زۆر لاوازە، چونکە خێڵەکان ملکەچی فرمان نین.

هەروەها زیاتر بەرەو باكوور بۆ رەواندوز، كۆی سنجاق و ناوچەی مەرگە كە دانیشتوانێكی زۆری تێدایە و (هەموویان كوردن) و تا رادەیەكی زۆر بەهێزن. هەروەها ناوچەی شوان لە كەركوك بە هەمان شێوەیە، لە شارەزوور و زێدی هەمەوەندەكان بە هەرحاڵ میری هەیە، بەڵام هەر بە ناوە. ئەوەتا ماوەی دوو ساڵە هەمەوەندەكان یاخی بوون و ملكەچی فرمانی كەس نین جگە لە سەرۆكەكانیان.

بەڵام لە كاتێكدا شارەزوور وەك خاكێكی بە پیت و دانیشتوانێكی زۆر، ئێستا دەشتاییەكی پان وبەرینە كە جافەكان ساڵی دوو جار گەرمیان و كوێستانی تێدا دەكەن، وەسمان پاشای سەرۆكیشیان، وەك قایمقام و حوكومەت فرمانڕەوایی دەكات، بەچەشنی كوردەكانی شوان و چەمچەماڵ.[1]

میری لە سلێمانیش هەر بەو شێوەیە و بەناو دەستی گرتووە بەسەر ناوچەكەدا، هێزیشی بەسەر ناوشار و بەشێك لە ناوچەی سورچینەدا هەیە.

حوكومەتی كەركوك بەهەرحاڵ هێزی هەیە بەسەر ناوچە عەرەبی و توركمانیەكاندا، ناوچەكانی نێوان كەركوك و ئاڵتون كۆپری بریتیە لە گوندی سادە و ساكار و دەشتە نزمەكانیش كەوتونەتە لای سەلاحیە و كفری بەرەو باشوور.[2]

قائیمقامیەی چەمچەماڵیش وەكو حوكومەتەكەی سلێمانی سست و بێ دەستەڵاتە، شوێنێك هەیە لەسەر سنووری رۆژئاوای وڵاتی هەمەوەند و بۆ كۆنترۆڵكردنی خێڵەكە هەموو شارەكە رۆژانە لە مەترسیدا لەژێر فشاردا دەژین.

---

[1] تا تەموزی 1909 قایمەقامی چەمچەماڵ تورك بوو، تا ئەندامێكی بنەماڵەی شێخەكانی سلێمانی دەركەوت بەناوی شێخ ئەحمەد، خرایە جێی ئەو و تا ئابی 1909 لەو پۆستەدا مایەوە.

[2] ئەوانە ئەم ساڵ یاخی بوون، بەڵام لە تەموزی 1909 وە ملیان داوە.

جگە لە موتەسەریفی کەرکوك و قایمقامی هەڵەبجە کوردە، سەرتاپا ئەوانی تر تورکی گەندەڵ و نایاسایین و دوورن لە بەردیدی قوستەتینیە و سەربەستن بۆ بەرژەوەندی خۆیان، لە لایەن شێخەکانی سلێمانیشەوە رازی کراون لە پێناوی مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان و کوشتن و بڕین و تاڵانیدا.

والیەکانی موسڵ زۆرجار رازیکراون بە دیاری و باربوکردن لەلایەن دەستوپێوەندەکانیانەوە، هەروەها ئەنجامی ئەو بێ حکومەتیە و ناجۆری باردۆخەکە کاریکردۆتە سەر بازرگانی ناوچەی سلێمانی و هەڵهاتنی زۆر لە بازرگانە ماقولەکان بۆ دەرەوەی ئەو وڵاتە.

لە هەورامان بەشێکی بچوك هەیە، کاتێ رۆژئاواییەکان هاتونەتە هەورامان، لەژێر فرمانڕەوایی سوڵتان جافەری هەورامی تەوێڵەدا، کە وەك تورك دادەنرێت، لە رووی ئیداری و هەموو جۆرە خواست و مەبەستێك لەژێر دەستەڵاتی مودیری گوڵ ئەنبەردایە. بەهەرحاڵ ئەو ئێستا سەربەخۆیە، سوڵتان جافر دان ئەنێت بە دەستەڵاتی تورکدا تا سەربازەکانیان لە سلێمانیدا بن. ئێستاش دەتوانێت پەیمان ببەستێت لەگەڵ علی شای هەورامی ئێران، تا کێشەی خوێن رشتن و ناکۆکی نێوان سەرۆکەکانیان نەمێنێت.

## بەشی ئێران

بەشی ئێران ئەمانە دەگرێتەوە:

1. بەشێك لە ناوچەی هەورامان.
2. مەریوان.
3. سەردەشت و بانە.

یەکەمیان نیمچە پارێزگایەکی ئەردەڵانە، لەلایەن سەرۆکێکی بنەماڵەوە فرمانڕەوایی دەکرێت، علی شاە کە زۆربەی زۆری هێزەکەی هەیەو لە لایەن باووباپیرانیەوە مەشقیان پێکراوە. ئەوان نیمچە سەربەخۆبوون و لە سنە لەژێر دەسەڵاتی سوڵتانە بە تەمەنەکانی ئەردەڵاندا بوون. لە هەموو شتێکدا سەربەخۆن و چەند ساڵێکیشە باجیان نەداوە.

قەڵای مەریوان ناوەندی ئەو ناوەچەیەیە، لەو ناوەوە هاتوە کە چەند سەربازێکی ئێرانی تێیدا ماوەتەوە.بەڵام لەم سەردەمەدا مەریوان سەربەخۆیە، بەستراوە بە خێڵێکی هەورامیەوە، کە بەشێکی لەژێر نەخشەی ئیداری ئەردەڵاندا جیابۆتەوە. سەردەشت و بانە هەرچەند سەر بە دەستەڵاتی ئێرانین، کەچی لە لایەن تورکەکانەوە داگیرکراوە، ئێستاش ئەوان هەردووکیان سەر بە پارێزگای کوردستانن لەژێر نیمچە فرمانڕەوایی ناوەندی سابڵاخ، کە(خێڵێکی موکریە).

# دانیشتوان

لە ناوچەکەدا تێکەڵەیەکی زۆر هەیە، ئاڵتون کۆپری، کەرکوك پێکەوە، ئەو گوندانەی کە کەوتونەتە نێوانیانەوە لە خوار نزماییەکانەوە تا ئەو شوێنەی کە بەیەك دەگەن. هەموو ئەوانەی لەوێدا نیشتەجێبوون تورکومانن، کە دەڵێن گوایە:

1. ئەوانە ئەو تورکانەن کە لە دوا خەلیفەی عەباسی یاخی بوون.
2. سەلجوقیەکانی سەدەی یانزەن.

بە هەرحاڵ دانیشتوانی کورد لە شارەکاندا بەرەو زیادبوون دەچن، لە رۆژئاوادا بڵاوبوونەتەوە و لە هەرکوێیەك گردۆڵکەیەکی لێبێت جێگیر بوون. هەندێکیشیان لە دەشتە پانوبەرینەکانی دۆڵی دیجلەدان.

لە کەرکوکدا 900 خێزانی مەسیحی هەیە، کە زووربەیان ئاسووری و کلدانیین. هەروەها ژمارەیەکی زۆر کلدانی لە سلێمانی و شارەزوور و ناوچەی پێنجوێن هەیە، ئەوان 120 ساڵ بەر لە ئێستا بە فرمانی شێخ عبدوالقادری گیلانی[1] قەلاچۆکراون دوای ئەوەی هەموو گوندەکان لە ناوچەکەدا وێرانکراوە.

ئەمڕۆ 10 خێزانی کلدانی لە سلێمانی هەیە، کە بە زمانی خۆیان دەدوێن و دەنوسن، ئەمەش جیایکردونەتەوە لە برا ئایینیەکانیان لە کەرکوك کە زمانی تورکی بەکاردەهێنن و هاوشێوەی زمانی نوسینی خەڵکە ئارامییەکانە.

[1] ناکرێ لەگەڵ ناوی کەسێکی مەزنی تردا ئەو ناوە گۆڕابێ، ناوی ئەوەی لە سەدەی سیانزەدا ژیابێت.

**کەرکوك، سلێمانی، ئاڵتون کۆپری، هەڵەبجە، بانە، پێنجوێن و ناوچەی قەرەداغی باشووری ڕۆژهەڵاتی هەمەوەند، ژمارەیەکی زۆر لە جولەکەی تێدایە، کە هەمیشە لە کوردستانی ئێراندا زۆر بوون. فرۆشیاری گەڕۆك و بازرگانی بچوك، کە بە هۆی پێویستی بوونیان لەناو کوردەکاندا نەیانتوانیوە سەرکەوتوبن لە ئیشوکاریاندا، چونکە ئەوان سەرچاوەی چەوسانەوە و هاندانیان بوون بە کۆچکردن. هەموو جۆرێکی بازرگانی، تاکفرۆشی، لە کەرکوك و هەڵەبجە و پێنجوێن و لە سلێمانیش بەشێکی زۆر لەو بازرگانییانە و هەروەها تاکفرۆشی لەژێر دەستی جولەکەکاندایە.**

**بەشی باشووری رۆژئاوایی لە ناوچەی نیشتەجێی بەشێك لە (جەباری) کە خێڵێکی عەرەبە و ژمارەیەکی دیاریکراو لە کەرکوکدا دەژین.**

**ناوچەکانی تر ناوچەی کوردنشینن، خێڵە سەرەکیەکان، جاف، شوان، هەمەوەند، مەریوان (کۆچەرین). شوان، بانە، رانیە، مەرگە، هەورامان، مەریوان ( نیشتەجێن). شارەزوور گوندێکی زۆر لە کەناری دەشتەکانیدا هەیە، ئەوانە لە لایەن کوردەکانی بانە و جاف و هەورامان و یەکێك یا دوو لە خێڵە کۆنەکانی* شارەزوور کە هاوپەیمانی هەورامانی یان هەورامی بوون.**

**دانیشتوانی شارەکان، دەڵێن: بەم شێوەیەی لای خوارەوە بووە، هەرچەند دڵنیانین لە ووردەکاری و تەقەلاش نەدراوە:**

* ئەوانە خێڵێك بوون کە پێشتر ناسرابوون بە شارەزووری و دەڵێن سەدەی رابردوو ناوچەکەیان بەجێهێشتووە.

| ناوچەی | تورکومان | جولەکە | کورد | مەسیحی |
|---|---|---|---|---|
| ئاڵتون کۆپری | 2000 | 60 | 1000 | 40 |
| کەرکوك | 13000 | 1000 | 5000 | 5700 |
| سلێمانی | .. | 500 | 23000 | 100 |
| هەڵەبجە | .. | 200 | 2000 | 2 |
| پێنجوێن | | 500 | 3000 | 50 |
| رانیە. . | .. | 500 | 5000 | 20 |
| ناوچەی قەرەداغ | .. | 300 | 6000 | .. |
| شارەزوور | .. | 50 | 20000 | .. |

ژمارەی خێڵە نشتەنییەکان وەك ئەمەی خوارەوەیە:

شوان 15000

هەمەوەند 2000

هەورامان ( بەشەکانی ئێران و تورکیا) 20000

مەریوان 15000

بە هەرحاڵ لەوانەیە ئەمە خەمڵاندنی ئەم دواییە بێت.

# سروشتی وڵاتەکە

ناوچەکە هاوشێوەی هەر بەشێکی هاوشێوەیە کە لە بناری خوارەوەی چیای زاگرۆسەوە بەرەو فورات هەڵبژێردرابێت. لە ڕۆژئاوای دوورەوە وڵاتەکە لە کەرکوك و ئاڵتۆن کوپری (بەرزیی نزیکەی هەزار پێ)وە بەرەو ڕۆژهەڵات بەرزدەبێتەوە بۆ بانە، پێنجوین، هەورامان و مەریوان، هەموویان لە بەرزایی نزیکەی پێنج هەزار پێ؛ تێکڕای بەرزی تەواوی ئێرانە کە دەکەوێتە لێواری ڕۆژئاواییەکەی. دەشتەکان، وەك یاسایەك، هیچ بەرزاییەکی بەرچاویان نییە بەرەو ڕۆژهەڵات، جگە لە سنووری ڕۆژهەڵاتی دەشتی دیجلە، کە بەهۆی ئەو گردانەی کە کەمێك بەرز دەبنەوە بۆ دامێنی زنجیرە بچووکەکانی دەوروبەری کەرکوك و ئاڵتۆن کۆپری، پچڕانیان نییە. لە شوێنی پێشووەوە دیمەنی باشووری ڕۆژئاوا بە هیچ شێوەیەك پچڕاو نییە و بەرەو ڕۆژئاوا تەنیا بارستە دابڕاوەکەی چیای قەرەچوخ ئاستی دەشتەکە دەبڕێت. سیستمی گردۆڵکە و چیا هاوشێوەکان لە هەموو رۆژئاوا و ناوەندی ئێراندا زنجیرەیەك دەکشێ بەرەو باکووری رۆژئاوا بۆ باشووری رۆژهەڵات. هەندێ زنجیرەی یەکەم لەگەڵ رۆژئاوای یان سەرەتای زنجیرەکانی ئەو کۆمەڵەیەدا دەست پێدەکات، کە نائاساییە بۆ نەگۆڕینی بەرزی و گونجاندنی سەرەکی. لە کەرکوکەوە ریزە چیای دۆرامی بەرەو باکووری رۆژئاوا دەڕوا و بەردەوام دەبێ هەر دوای ئەوەی رووباری زێی بچوك دەیبڕێت نزیکی زێی گەورە لەسەر هێڵێکی تەواو رێك. پێکهاتەی ئەوە لە ریزەکانی یەك لەدوای یەکی گردۆڵکەکان لە هەردوولاوە بەرزدەبێتەوە بۆ لوتکە. سەرجەمی بەرزی زیاتر نیە لە نزیکەی 500 پێ لەسەرو دەشتەکەوە. بەهەرحاڵ، رۆژهەلاتی دەشتەکان لە ئاستێکی بەرزتردایە و ئەم دیاردەیە دووبارە دەبێتەوە بە

شێوەیەکی هاوڕێك لە چەند زنجیرە چیا و دەشتەکاندا تا دەگاتە هەمەوەند و وڵاتی کۆی سنجاق، کە نزیکەی 2000 پێ لە سەرو ئاستی دەریاوەن. لە دەشتەکانەوە لەگەڵ زنجیرە چیاکاندا 2000 پێی تر بەرز دەبنەوە. زۆرجاریش بە توندی شۆڕ دەبنەوە لەسەر رۆژئاوا یان قوڵترین لا، لەگەڵ ئەوەشدا کە لێژبوونەوەیەکی ئاسای لە سەرەوە دێت. ئەم زنجیرە چیایە ئاساییە تا سورچینە و دەشتەکانی شارەزوور (نزیکەی 2500 پێیە)، بەهەرحاڵ کۆنتر لەو بڕوایەدا بوون و دەڵێن کە ئەم ناوەندە دەریاچەیەك بووە پێش ئەوەی رووباری شارەزوور لەگەڵ رووباری سیروان‌دا لە یەك بدات. ئەم ناوچەی باکووری رۆژهەڵاتە، ئاستەکانی بەخێرایی بەرز دەبێتەوە. لوتکەکان بە شێوەیەکی ناڕێك دەردەکەون، بە شێوەیەکی بەرچاو پیرەمەگرون یان پیر عومەری گۆران (10000) پێیە بە رێکوپێکی بەرەو ئەودیوی چیای ئەزمر لەپشتی سلێمانییەوە دێتەخوارەوە. ئیدی ناوچەکە دادەڕمێ و لەوێوە بۆ پێنجوێن کە کۆمەڵە گردێکی زۆر بەرز بەرەو بانە بە هەمان شێوە هەیە. زنجیرە چیاکان لە هەموو لایەکەوە لوتیان دەتەقێ بە دۆڵی زۆر لێژ و سەختدا، ئەم چیایانە بازنەی گردۆڵکەکانی ئێرانن. هەمان سیستم بەرەو باکووری رۆژهەڵات بەردەوامە تا دەگەنە شاخە سەختەکانی باکووری بانە و سەقز، کە دەگەنە ئاستی زۆر بەرزی. گەڕانەوەمان بۆ دواوە بۆ زنجیرە چیای ئەزمڕ، دەبینین ئەم زنجیرەیە لە دەشتەکانی شارەزوور و زنجیرە چیاکانی هەوراماندا نزم دەبنەوە، رێ لە ئاستی بەرزایی دەگرێ و لێژاییەکی توندی ستونی دەردەکەوێت، کە دەوری تەختاییەکانی داوە. ئەم زنجیرەیە بەرزترین کۆمەڵە لەسەر هێڵێکی گچکەی رێکوپێك لە گردۆڵکەکانی نزیك کەرکوك پێکدەهێنێ و بەنزیکی پێنجوێندا دەڕوا (بەردەوامە تا

ئەو شوێنەی رووباری سیروان دەڕژێتە ناوی) تا نزیک کرماشان،* هەروەها لە باکووری رۆژئاواوە، بەرزترین بەشی لەوانەیە بگاتە بەرزی 10000 پێ و 7500 پێ شۆڕدەبێتەوە بۆ دەشتەکانی شارەزوور بە لێژبوونەوەیەکی توند کە رێگەی تێپەڕبوون نادات پێیدا، لە پێنجوێنەوە بۆ سیروان رێگرێکی زۆر هەیە لە ناوچەکەدا و سنوورێکی سروشتی مەزن پێکدەهێنێت.

بە درێژایی ساڵ ناوچەکە رووبەڕووی بەفرێکی زۆر دەبێتەوە.

لە پشتی کۆتایی باکووری ئەم زنجیرانەوە، زنجیرەکی هاوڕێکی تر هەیە، کە بە پێ ماوەیەکی کورتە لە رۆژئاواوە بۆ دەریاچەی مەریوان، نزیکەی دوو میل درێژە و دەگاتە چیاکان. قولایی ئاوەکەی هەمیشە ساردە و بۆ مەلەکردن دەستنادات، تا نزیکبینەوە لە رۆژهەڵاتەوە سەختترە، بەڵام دەشتی مەریوان دەبێتە قوڕ. ئەم دەریاچەیە بەکوردی پێیدەوترێ ژێری با، واتە لەژێر بادا، نەك زرێبار کە هەمیشە دەخرێتە ناو نەخشەکانەوە، کە واتایەکی جیاواز و نەشیاوی هەیە، واتاکەشی ئاشکرایە لە توندی هەواوە هاتوە کە لەپشتی چیاکانەوە هەڵدەکات. زیاتر بەرەو باشوور وڵاتێکی ناڕێکوپێکە و بۆ پشتی ئەو کۆمەڵە زەوی و زارە کشتوکاڵیانە لەسەرو رۆژهەڵاتەوە بەرەنگاری ئەو کۆمەڵە چیایە دەبن، کە دەشتەکان کەوتونەتە داوێنیانەوە. رووبکەینە هەر شوێنێك لە رۆژهەڵاتەوە، لەسەر هەر گردێك کۆمەڵە چیایەکی سەرکەش دەبینین کە بەفر داپۆشیوە.

---

* مەوداکە نزیکەی 100 میل ئەبێت.

## سەرچاوەی ئاو

سەرچاوەی ئاوی وڵاتەکە تۆزێ کەمە و زۆر لە ئاستێکی باشدا نییە، بەڵام ئەوە گۆشەی باشووری رۆژئاواییە. باکوور ئاودارە بە رووباری زێی بچوك، کە لە چیاکانی سابڵاخ (لاجان) زیاد دەکات، بە باشووری رۆژهەڵاتدا دەڕوات تا لە نێوانی گردەکاندا رێیەك دەدۆزێتەوە کە بچێتە ناوەوە، دوای ئەوەی بە سەردەشتا تێدەپەڕێ، رێڕەوێکی ئاسایی باشووری رۆژئاوا دەگرێ و دەڕژێتە ناو دەشتەکانی پشدەر، رانیە، شوان و باشووری کوردە باباکانەوە بۆ ئاڵتون کۆپری. لێرەوە قەوارەکە ئەوەندە ئەبێت کە کەڵەکی 12 تەنی تیایدا هاتوچۆبکات، کە دەچێتە خوارەوە بۆ بەغداد، لە نیوەی رێدا لە زنجیرە چیای حەمرین تێکەڵ دەبێ بە دیجلە. لە رێڕەوی خۆیا بەناو چیاکاندا ئەم جۆگایانەی لای خوارەوەی تێکەڵاودەبێت: لقەکانی زێی خواروو:

1. **ئاوی بانە پێکهاتووە لە:**

- رووباری بانە لە باکووری چیای کەلی بالینەوە بەرزدەبێتەوە.
- سەرچاوە بچکۆلەکان کە دەچنە ژێرەوە لەسەری دۆڵی بانەوە تێدەپەڕن و زۆر جار پێیدەوترێ ملی کەل یان ملی بالین، بەرەو باشووری چیای ئاربەبا دەڕوات و لەوپەڕی رۆژئاواوە دەڕژێتە ئاوی بانەوە.

2. **رووباری قەرەچوالان (قەڵاچوالان) پێکهاتووە لە:**

- رووباری مەسخاڵ کە لە کۆتایی رۆژهەڵاتی دەشتی چوەیسەوە لەژێر کێوی چل چەمەوە هەڵئەقوڵێت و بەرەو رۆژئاوا دەڕوات.

- ئاوی پێنجوێن یان قزڵجە کە لە باشووری کێوی کادرەوە دێتەدەرێ، بە دەشتی بێستانەی پێنجوێندا تێدەپەڕێ و نزیکەی دوو فرسەخ خوار ڕۆژئاوای بێستانە لەگەڵ مەسخاڵدا یەکدەگرێ.
- چەمی قەڵاچوالان، جۆگەیەکی بچوکە لە زنجیرە چیای ئەزمڕەوە هەڵئەقوڵێت، بەرەو باکوور بە گوندی قەڵاچولاندا دەڕوات بۆ ئەوەی ناوێ بدات بەو کۆمەڵە رووبارەی کە تێکەڵی زێ دەبن لەو دەشتەی باشووری ئەو گردۆڵکانەی هەندێ جار لە ناوچەی مەرگە پێیان دەوترێ گوڕ گوڕ.

لە خوار ئەم خاڵەوە تا هێڵی ئاودێری زاگرۆس، نە ڕێگەی تێپەڕبوونی هیچ لقێکی گەورە هەیە و نە رووباری گەورە کە ئاستی لە خوار 5000 پێوە بێت (بانە- بێستانە- پێنجوێن- مەریوان - دەشتەکانی هەورامان).

ژمارەیەك ئاودێری لە باکووری وڵاتی هەمەوەند و گردۆڵکەگانی شوانەوە دێنە ناوەوە، بەڵام لێژبوونەوەی وڵاتەکە بەرەو باشووری ڕۆژئاوایە لەم گردۆڵکانەوە و چەند ئاو بەرەلابێت هەر بەو ڕێڕەوەیە. دەشتە پانوبەرینەکانی ڕۆژهەڵاتی هەولێر و ئاڵتون کۆپری ئاودانیان تێرو تەسەل نییە. سنوورەکانی باشووری ڕۆژهەڵات یان ناوچەی ئاوی سەرووی ئەو جۆگەیەی کە ناسراوە بە نزمی ژێرەوەی رووباری دیالە کە لەم سەرچاوانەی لای خوارەوە پێکهاتووە:

1. چەمەکە پێیدەوترێ چەمی هەورام، یان ئاوی شایی، یان ئاوی سیروان یان شیروان، کە ئەم ناوەی دواییان کەمتر بەکاردێت.

ئەمەش لە كێوی گاران سەردەردەكات، سەرچاوەیەكی لە ئەسرابایە و سەرچاوەیەكی تری لە كۆتایی رۆژئاوای كۆمەڵەكەیە. ئەوەش بەرەو باشوور یەكدەگرن لەگەڵ:

- ئاوەڕۆیەكی كەم لە دەریاچەی مەریوانەوە.
- ئەو چەمانە بەرەو باشووری رۆژئاوا دەڕۆن لە نزیكی شێخ عەتارەوە، زۆرجاریش پێی دەوترێ ئاوی كەتاوان.
- ژمارەیەك لە چەمی بچوك لە دۆڵەكانی پشتی زنجیرە چیا سەرەكیەكەی هەورامانەوە هەیە.
- ئاوی هەنگ، یان (ئاوی مێشە هەنگ) كە لە نزیكی دوەیسە لە ئەردەڵان دێتە دەرەوە.
- گاوارو، فرە و گرنگە، كە بە نزیكی لە باشووری رۆژئاواوە دێت و دوای ئەو سەرچاوانە دەكەوێت كە لە رۆژئاوای ئەردەڵانەوە لە نێوان باجلان و سنەدان، سەرچاوە سەرەكیەكان لە داوێنی چیاكانی هەوراماندا یەكدەگرن لە خوار ئەو ناوچەیەی پڵنگانی پایتەختی كۆنی هەورامانی لێیە، (بڕوانە نەخشەكە) لەو خاڵی بەیەكگەیشتنی ئەو كۆمەڵە سەرچاوەیەوە پێیدەوترێ سیروان.
- ئاوی زمكان، ئەو چەمەیە كە لەنێوان باكووری رۆژئاوا و باكووردا هەڵئەقوڵێت لە سەرچاوەی تەنگەی چیای بۆوانیج نزیك كرند لە پارێزگای كرماشان.

- چەمی تاج، تێكەڵەیەك لە دوو چەم كە بە ئاراستەیەكی هاوڕێك دەڕژێن بۆ ئاوی زمكان بە پاڵ دۆڵەكاندا دەڕۆن تا یەكدەگرن لە خوار داوێنی زنجیرەكەوە، كە لە سەر نەخشەكە وەك كێوی لەقلەق (؟) دیاریكراوە و بەرەو باكووری رۆژئاوا دەڕوا تا لەگەڵ سیرواندا تێكەڵدەبن.
- ئاوی دەربەند بریتیە لە:

(أ) چەمی باخان یان چەمی سورچینە، لەگەڵ دوو سەرچاوە كە هەردووكیان بەرەو خوار بۆ دۆڵی سورچینە و نزمایییەكانی شارەزوور دەڕۆن، لەو شوێنە پێكدەگەن.

(ب) ئاوی شارەزوور، كە لە بەرزترین خاڵەوە لە گۆشەیەكی باكووری رۆژئاوادا هەڵدەقوڵێت.

(ت) ئاوی بێشان، چەمێكی بچوكە لەسەرو ئەو گوندەوە هەڵدەقوڵێت كە ناوی بێشانە لەژێر چیای هەوراماندا.

چەمەكان لەدەمی گەلیە تەسكەكەی دەربەندا یەك دەگرن لە نێوان زنجیرە چیای نیلانبو* و بەرەو باكووری رۆژئاوایی بەردەوامە. لێرەوە سەرچاوەكان لە داوێنی گردەكاندایە بەلای باشوورەوە بۆ باشووری رۆژئاوا. لە بانی خێلاندا شوێنی پەڕینەوە هەیە لەسەر رێی هەڵەبجە و شارەزوور بۆ زەهاو و یەكێكی تر و باشتر نزیك نەیلانبۆ و چیای هەورامان لەسەر رێی شارەزوور بۆ سنەیە. لەگەڵ ئەوانەشدا تا رادەیەكی زۆر كرنگتر بۆ باشووری كۆمەڵە ئاودێری زاگرۆس، تەنیا چەند

* هەندێ جاریش پێیووتراوە بالامبۆ.

سەرچاوەیەکی لاواز هەیە لە شێوەی چەمەکاندا، هەروەها ئەوەی کە دەهێنێت ناوی ببرێت:

(أ) ئاوی کەرکوك، یان ئاوی خاسە.

(ب) ئاوی تاوغ.

یەکەم، ئاوی فرە کە لە گردەکانی شوانەوە دێتەدەرێ و دەڕژێتە ناو کەرکوکەوە بە بنکەیەکی پان. بە هەرحاڵ لە مانگی ئابدا چەمەکان لاواز دەبن و بە ئاستەم دەتوانن باخچەکانی قۆرییە لە کەرکوکدا ئاو بدەن.

دووەم، هەڵقوڵان لەژێر بازیانەوە لە هەمەوەند، دەڕوا بەسەر پانتایەکان تا دەگاتە تاوغ، گوندە تورکمانیەکان لە موتارەداغ کاتێ لە بنەوە دەگاتە ئاوی کەرکوك. گردی وڵاتەکە زۆر بە باشی لە بەهاردا ئەوەندە ئاو دەدا کە لە هەندێ شوێندا گۆماو تەنانەت لە هاوینیشدا پێکدەهێنێت.

باشووری رۆژئاوای قەرەداغ لە بەهارا ئاوی کەمە، ناوچەکەش لە چاو وڵاتی میسۆپۆتامیادا بێ ئاوە.

کەرکوك لە وەرزی بەهاردا ئاودێرە بە سەرچاوەکانی گردەکانی شوان و لە کەمبوونەوەی ئاوی رووبارەکانیشدا ئاوی بیر بەکاردێنێ.

لە نەخشەکەدا دەبینرێت، کە ئاودێری دیارو ئاشکرا لە هەورامان، ئەزمڕ و ئەو هێڵە رێکەی لە ئاڵتون کۆپرییەوە بۆ پێنجوێن کێشراوە، هێمایەکی ووردی ئەوە دەکات، لێوارە گشتیەکانی شوێنە تەختەکان کە ئاویان کەم دەبێت، لە رێڕەوی خۆشیان دووردەکەونەوە.

## کەش و ئاووهەوا

وەك لەوانەیە چاوەڕوان بکرێت، ناوچەکە لە نێوان دەشتی تەخت لە ئاستێکی سادەدا کە بەرزیەکەی ناگاتە 1000 پێ، بۆ بەرزی چیاکانی وڵاتەکە لەگەڵ دۆڵەکاندا، کە نزمتر نییە لە 5000 پێ و ئەوەش کەش و ئاووهەوا دووچاری جیاوازیەکی گەورە دەکات. لە باشووری رۆژئاوای ئەو هێڵە باریکەوە بەرەو ئاڵتون کۆپری، کانی تاڵ(تەینال) و براهیم خانچی، هەمیشە لە هاویندا وەك بەغدا گەرمە. لە کانونی یەکەمەوە بۆ نیسان باران دەبارێ، بەڵام لە سەرەتای مایسەوە پلەی گەرما بە خێرایی بەرزدەبێتەوە بە تایبەتی لە کەرکوك، ئاووهەوا گەرمترە و لەم ناوچەیەدا پلەی گەرما بەرز و وشکە و هەندێ جار بایەکی گەرم لە باکووری رۆژهەڵاتەوە هەڵدەکات، کە لە هەموو ئەم بەشەی کوردستاندا پێی دەوترێ رەشەبا یان باڕەش. ئەمەیە کە زستانان زۆربەی باران لە زاگرۆسەوە دەهێنێ.

ناوچە هاوڕەگەزەکانی دووەم بریتین لە کۆی سنجاق، شوان، هەمەوەند، قەرەداغ، سورچینە و شارەزوور. لێرەدا زستانەکەی سەختە و لە ماوەی سێ مانگی زستاندا بەفر و بارانێکی زۆر دەبارێت، کە چەند جارێ زریانی باران تا کۆتایی مانگی ئازار لەم ناوچەیەدا هەیە. لەو کاتەوە تا حوزەیران جارجارە باران دەبارێ، دوا بارانی ئەم ساڵ لە دووی حوزەیراندا لە سلێمانی و شارەزوور باری. ئەگەر لەپڕ لە مانگی تەموزدا بباریێ گوێی پێنادرێ. ئەو بایەی (رەشەبا) کە لە باکووری رۆژهەڵاتەوە لە زاگرۆسەوە دێ، زۆر جار لە زستاندا زۆر ساردە و لە هاویندا سوتێنەرە، لە

زووربەی كاتدا بەهێز هەڵدەكات و نیوە زریانێكە، نزیكی خۆرئاوابوون هەڵدەكات و دەكەوێت، جارجارێكیش لە خۆرهەڵاتندا دەكەوێ یان نزیكەی سەعاتێ پێش ئەو كاتە هەڵدەكات. كاتەكەی هەرچیەك بێت ماوەكەی لە 12 سەعات كەمتر نیە. كاتێ رەشەبا كەوت، سروەیەكی نەرم لە باشووری رۆژئاواوە دێت و هەندێ جار بایەكی هێمن لە باكوورەوە بۆ باكووری رۆژئاوا هەڵدەكات. لە كاتێكدا زستان لە سلێمانی و ناوچەكەدا بە سەختی بەرچاو دەكەوێت، هاوینانیش وشكە و بایەكی گەرمی دژواری هەیە، لە سورچینە و شارەزوور پلەی گەرما لەبەر سێبەردا 106 پلەیە و لە شەو دا 82 پلەیە، هەوایەكی نائارام و كوتوپڕ بە شێوەی رەشەبایەكی گەرم هەڵدەكات، كاتێ بایەكی سارد لە باكوور بۆ باكووری رۆژئاوا هەڵدەكات. دەبێتە هۆی پەیدابوونی جیاوازیەك لە كەشدا كە هەموو ئەم ناوچەیە نالەبار دەكات. لەرزوتا لە تەموز و ئابدا ئاساییە، لە دووەمی ئابدا لەگەڵ جوانترین رێخستنندا كەش و ئاووهەوا دەگۆڕێت و كەشێكی ساردتر پەیدا دەبێت و لە ئەیلولدا دیسانەوە باران زۆر جار دەبارێتەوە. هەموو ناوچەكانی تری زەویە شاخاوییەكان بە زستان سەختە، بەفر لە دەشتەكانی مەریوان و بێستان بە قوڵی چەند پێیەك دەبارێ و تا ماوەی چەند هەفتەیەك ناتوێتەوە، هەروەها زۆربەی رێڕەوەكان داخراوە، تەنیا لاڕێكان بەكار دەهێنرێت، رووبارەكانیش بەرگەی ناگیرێت و لەئەنجامی ئەوەشدا دانیشتوانی گوندەكان كەمتر هاتوچۆ دەكەن یان هەر نایكەن. هەورامان بە هۆی ئەوەی ناوچەیەكی شاخاویی سەختە، بۆیە لە نیساندا هێشتا زۆر ساردە، هەروەها بەفر تا مانگی ئاب دەمێنێتەوە، بە تایبەتی لە باكووری رۆژئاوادا هەورامان رووبەڕووی ئەوە دەبێتەوە. ئەو گوندانەی لە داوێنی ئەم چیایانەدان وەكو بیارە و تەوێڵە و

هیتد نزیکەی 2000 پێ لە سەرو شارەزوورەوەن (بە ئاسایی 4000 بۆ 5000 پێ). لە ئێوارانی هاویندا ساردە. کەشی ئەم چیایانە لەگەڵ ئەو چالاکیەشدا تەندروستی تێیدا باشە و لەرزوتا لە پایزدا نەبێ نیە.

## بەروبوومی سروشتی

نزیک کەرکوک لە شوێنێکدا پێی دەوترێ نەفت تەپە، سێ چاڵ لە بناری گردێ هەیە، کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی تا لێوارەکەی لە هەموو لایەکەوە پڕە لە نەوتی رەش و مادەیەکی لینج. ئەوەش لە لایەن هاوڵاتیەوە بەکاردەهێنرێ و لە ناو تەنەکە کۆنەکەی نەوتی سپیدا هەڵی دەگرن. پێش ناردنە دەرەوەی نەوتی سپی، بەرهەمەکە هەرگیز کەمی نەدەکرد، بازرگانیەکی باش بەم مادەیەوە دەکرا، کە هەناردەی کفری و ئاڵتون کۆپری و هەولێر و کۆی سنجاق دەکرا.
کاتی خۆی ئەم سەرچاوانە موڵکی تایبەتی تاکە کەس بووە و لە لایەن حوکومەتی تورکیەوە دەستی بەسەرا گیراوە، ئێستا بە نرخێك دەدرێ بەکرێ کە بازرگانیەکەی دەدزرێ و قازانجێکی بچوکی هەیە.
لە ناوچەی جیا جیادا لە نزیک توزخورماتوەوە بەردی سپی خوێ هەیە، گەچیش لە گردە نزمەکاندا، خەڵوزیش لە گردەکانی پشتی هەڵەبجە، کە دەڵێن بڕێکی زۆری تێدایە. توخمەکەشی هاوشێوەی ئەوەیە کە لە نزیك تاراندا دۆزراوەتەوە (قیرین) نەرم و رەش بەڵام تا ئێستا کاری تێدا نەکراوە. بەهۆی تاهیر بەگی جافەوە کە خاوەنێتی دەتوانرێ بە کرێکاری هەرزان چنگ بکەوێت، ئەو لە حوکومەتی تورکی

دەترسێ، بۆیە ناتوانێ هیچ جۆرە پێشكەوتنێ لەو بوارەدا بەدەست بێنێ. هەموو گرد و چیا بەرزەكان بە سەوزایی داپۆشراوە و لە بەشی باكووردا بە تایبەتی بانە، كەتیرە بەزۆری هەیە، هەروەها بنێشت و فستقی زەرد بە بڕی زۆر لەو ناوەدا هەیە. ئەوانەیە بەرهەمە ئاساییەكانی كوردستان و ئەم ناوە، بەڵام لە بەردەوامیدا بۆ باكووری چیا سروشتیەكانی ناوچەی گۆران لە كرماشان بە هەمان شێوە ئەو بەرهەمانە هەیە. گردەكانی هەورامان داپۆشراون بە بەڕو، گوێز و ژمارەیەك لە میوەی خۆرسك.

سەرچاوەی خوێ دەگمەنە* جگە لە گردە نزمەكان، هەموو ناوچەی كەركوك بەدەوری باكووری رۆژئاوا بۆ باشووری رۆژهەڵات كبریت و ئاوی مەعدەنی هەیە كە ئاو پیس دەكەن. هەروەها لە گردۆڵكەكانی ئەزمڕدا كلس و هەندێ مادە هەیە، كە ئاوی سیروان ناساز یان (قورس) دەكەن، ئەوەش بۆچوونی هاوڵاتییە بۆ گرانی و ناسازی ئاوەكە.

* لە گۆپتەپەی نزیك قەرەداغ خوێ هەیە.

# زمان

زمانی کوردی، زمانی هەموو ناوچەکەیە، جگە لە بەشی تورکمانی و عەرەبی. لە ئاڵتون کۆپری کە دیالێکتی تورکمانی ئاخاوتنی پێدەکرێ، بەڵام کوردیش بە قەدەر تورکی تێدەگەن و ئەوەش زمانی شوێنەکەیە.

ئەم حاڵەتە وەك دەڵێن لە هەموو ئەو شوێنانەدا وانیە کە بە کوردی قسە ناکەن، بەڵکو لێرەدا باشە و کوردەکان سەرکەوتون لەوەدا کە گرنگی بە زمانەکەیان دەدەن تا پشتگوێ نەخرێت*. لە ئاڵتون کۆپریەوە تا کەرکوك هەردوو زمانەکە بە یەکسانی بڵاوە و گوندەکانیش نۆبە دەکەن؛ هەندێ جار تورکی و هەندێ جار کوردی و گوندیش هەیە تێکەڵە. کەرکوك لەوانەیە هەموو زمانەکانی تێدا بەکاربهێنرێ، دوکاندار دەبێ عەرەبی دیالێکتی بەغدادی یان موسڵ بزانێت، کوردی دیالێکتی شوان و هەمەوەند و تورکیش دیالێکتی تورکومانی. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانە موسڵمانەکە لە فارسیش تێدەگەن. زمانی ئارامیش لە لایەن جوولەکەکانەوە بەکاردێ، بەڵام مەسیحییە کلدانەکان تورکمانی بەکاردێنن.

من هەر سێ زمانەکانی عەرەبی و کوردی تورکیم وەکو یەك لە بازاڕدا گوێ لێبووە کە بەکارهاتوە. هەروەها تورکومانی زمانی بنەڕەتیە لە ناو دانیشتوانی ناوچەی باشووری کەرکوك، کوردی و تورکومانیش لە گوندەکاندا بەکاردێ و عەرەبیش لە باشوور و رۆژئاوادا بەکاردێت.

---

* کاتێ لە ئاڵتون کۆپری بووم، چاوم بە چوار کەس کەوت کە زۆر باش بە فارسی قسەیان دەکرد.

هەر کە گردەکان دەرکەوت، ئیدی زمانی کوردی دەسەپێت و جگە لە ئۆرامان یان هەورامان، وەك کوردەکان دەیڵێن، ژمارەیەك لە دیالێکتی موکری کە زمانی راستەقینەی کوردە، ئاخاوتنی پێدەکرێ. رانیە و مەرگە، بانە و سەردەشت نزیکن لە زمانێکی رەوانەوە، سلێمانی و شوان و هەمەوەند دیالێکتێکی هاوشێوە بەکاردەهێنن لەگەڵ کەمێ جیاوازیدا.

لە سلێمانیدا فارسی زۆر گرنگە، زۆربەی خەڵك دەتوانێ قسەی پێبکات و لێی تێبگات، بەڵام هەندێکیان زۆر باشی دەزانن. بەشێوەیەکی گشتی زمانی فارسی لە بازار و خان و قاوەخانەکاندا ون نەبووە، لە سلێمانیدا خەڵکێکی زۆر دەبینی کە لێی تێدەگات و دەتوانێ لەگەڵت بدوێت، هەروەها هەر هەلی بۆ بڕەخسێ حەزدەکات پێی بدوێت، چونکە کورد زۆر رێز لە زمانی فارسی دەگرێ و حەزی لە زمانەکەیە.

زمانی نووسین لە هەموو ئەم ناوچەیەدا لە سلێمانییەوە بۆ قەرەداغ و رانیە بۆ باکووری رۆژهەلات تەنیا فارسییە و هەموو پەیوەندیەکی ئیشوکار بەم زمانەیە. قوتابیان دەبێ لە هەردوو قوتابخانەی ئایینی و ئەکادیمی سەربازیدا فێری ببن و دوکاندارەکانیش تەنانەت دەبێ بتوانن نامەی پێ بنێرن.

لە شاری سلێمانیدا هەندێ کەس لە تورکی تێدەگەن و قسەی پێدەکەن، بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندیان بە حوکومەتەوە هەیە، بەڵام ئەوەی کە دەتوانێ پێی بنووسێ و بخوێنێتەوە کەمن.

زۆر بە باشی لە عەرەبیش تێدەگەن، بەهۆی ئەو پەیوەندیە بەهێزەی سلێمانی لەگەڵ بەغدادا، چونکە ژمارەیەکی زۆر ساڵانە سەردانی بەغدا دەکەن و تێکەڵیان دەبن.

زمانی ناو شارەكە كوردییە و دیالێكتی موكریە، بەڵام وشەیەكی زۆری عەرەبی تێكەوتووە و وەك دەڵێن زمانی نووسین فارسیە.

شارەزوور، هەورامان، پێنجوێن، بانە، مەریوان، سەردەشت و مەرگە، ئەوانە ناوچەیەكی كوردی پاكە و جگە لە فارسی زمانی بێگانەی تێدا نییە و بە پلەیەكی كەمتر لە توركی تێدەگەن، هەروەها لەم ناوچانەشدا زمانی فارسی زمانی سەرەكی نووسینە.

لە شارەزوور دیالێكتی جاف ئاخاوتنی پێدەكرێ، كە جیاوازە لە موكری و هەمەوەندی.

هەورامان بە تەواوی زمانەكەیان جیاوازە لە كوردی چواردەور، لە هەورامان و مەریوان كوردیش وەك یەك دەدوێن و هەروەها لە چاو زۆربەی ناوچەكانی تری كوردستاندا زۆر بە فراوانی لە فارسیش تێدەگەن و قسەی پێدەكەن.

دیالێكتی هەورامی لە دیالێكتێكی فارسی دەچێت، بە تایبەتی لە گۆرانی كۆن دەچێت، كە لەوانەشە لقێكی ئەو بێت و هەورامی دانی پێدانانێن. زۆر سەیرە لە دەستووری زمانی كوردیدا فۆڕمە كرداریيەكان نیە.

لەسەرو بانەوە دیالێكتی موكریەكی خاوێن قسەی پێدەكرێ، هەروەها كوردەكانی پشدەری نێوان سەردەشت و رانیەش پێی دەدوێن.

زمانی كلدانیش تەنیا لەلایەن كلدانەكانی سلێمانی و پێنجوێندا قسەی پێدەكرێ، ئارامی تا رادەیەك هاوشێوەیە لەگەڵ كلدانیەكانی ئەم بەشە، بەڵام جوولەكەی هەموو ناوچەكان بەكاری دەهێنن. لە هەندێ لا ئارەزووی ئەوە دەكرێ كە نووسینی كوردی لە رەمزی عیبریدا بەكاربێت.

# ئایین

هەموو ناوچەکە سونین و لەسەر رێبازی قادرین، کە ئەو ناوەش لەبەر یادەوەری شێخ عبدالقادری گەیلانی کە لە نزیك قەسری شیرینەوە هاتوە، کە 100 ساڵ لەوەبەر کۆچی دوایی کردووە و لە بەغدا نێژراوە.* دانیشتوانی سلێمانی و پێنجوێن بە کوێرباوەڕی بەناوبانگن، کە بۆتە هۆی دورخستنەوەی چەند بازرگانێکی شیعە لە ناوچەکەدا و مانەوەی جولەکە و مەسیحی لە سەر ئەو کوێرباوەڕیە. ئێستا جێنشینی شێخ عبدالقادر، شێخ علی تەوێڵەیە کە وەدوکەوتوەکانی لە بیارە و نەوسود و گوڵ عومەرن.

سلێمانی قەرزداری ئەو لادانەیە بەو پێوانە گەورەیە کە هێشتا ناودارە بە بنەماڵەی شێخەکانەوە، لەوانەش شێخ سەعیدی قەرەداغی* ئەویش شێخی ناوداری هەیە. هەردوو شێخانی سلێمانی و قەرەداغ بە شەڕ و قینیان ناودارن، تەنانەت لەوەدا لەگەڵ شێخانی پێشووی ناوچەکەدا، ئەگەر باربوو نەکرابن هاوشێوەن. کەرکوك ملکەچی یەك شێخە بەناوی شێخ رەزا کە هەندێ پیرۆزیی هەیە، هەرچەند زیاتر وەك شاعیر و نووسەر ناسراوە کە هەجو دەکات و زۆر دەوڵەمەند نییە و کەمێ کوێرباوەڕە.

* لە راستیدا شێخ عبدالقادری گەیلانی لە سەدەی شەشی کۆچیدا یان سەدەی سیانزەی زاینی کۆچی دوایی کردووە، بەڵام مێجەر سۆن بە هەڵە دەڵێت 100 ساڵ بەر لە ئێستا کۆچی دوایی کردووە.واتە 500 ساڵ بەر لە نوسینی ئەم بابەتە (وەر)

* پاشکۆی شێخەکانی سلێمانی و هەورامانە.

# پەیوەندییەکان

رێگەی ئاسایی کاروان لەسەر نەخشەکە دیاریکراوە. سلێمانی و کەرکوك دوو شوێنی زۆر گرنگن، و لەوانەشە زیاتر رێڕەوی بەکارهاتووی نێوانی ئەم دوو شوێنە بێت. ئەم رێوبانانەی لای خوارەوە، بە تەواوی باسی وێستگە و مەوداکانی لە پاشکۆی (أ) دا کورت کراوەتەوە.

## رێگەی یەکەم
## کەرکوك بۆ سلێمانی

رێگەی ئاسایی لەکاتی هێمنیدا بە چەمچەماڵدایە، کە بنکەی ئیداری هەمەوەند و قەرەداغە. لە کەرکوکەوە رێگەکە بەشێوەیەکی جێگیر سەردەکەوێت، تا دەگاتە سەرو گاچێوە، کاتێ هەوا بە ناو گردۆڵکەکاندا دێت و دەچێت، ئیدی شۆڕدەبێتەوە بۆ لایەکی تر بەرەو چەمچەماڵ، کە گوندێکی گەورەیە لە رۆژهەڵاتی داوێنی گردەکاندایە. رێگەکە ئاسانە بەڵام بێزارکەرە، بەتایبەتی یەکەم پانزە میل لە کەرکوکەوە، بەلای گابەردی سەنگیندا تێدەپەڕێت، کە زنجیرەیەك هەنگاوی لەسەر هەر بەرزاییەکی سادە دروستکردووە، کە کونی گەورە گەورە لە لاڕێکاندا هەیە و لە لایەن ئاژەڵەوە هەڵکەنراوە، یان چەند ئاستێکی لێ دارماوە، کە پێویستی بە ئاگاداری و چاودێری تەواو هەیە.

ماوەکە 30 میلە و کاتەکەی 12 - 14 سەعات دەبێت، جۆگەیەك لە کانی تاڵ(تەینال) هەیە کە ئاوەکەی باش نیە و ئاو لە رووی رۆژئاوای ناوچەکەوە دۆزراوەتەوە، بەڵام برێکی ئەوتۆ نیە. لە چەمچەماڵدا خان هەیە و بازارێکی بچوك، بەڵام وڵاخدارەکان دوای ئەوەی بارەکانیان دادەگرن ئاژەڵەکانیان لە تەویلەدا یان لە ماڵی خانەخوێکانیاندا دەبەستنەوە.

لە چەمچەماڵەوە رێگەکە بە دەشتاییەکی دڵگیردا دەڕوات، بەڵام کۆمەڵەی گردەکان و تەپۆڵکەکان نزم دەبنەوە و تێکەڵوپێکەڵ دەبن لەسەر رێگەی نێوان گەچ داغ (کۆمەڵەی چەمچەماڵ) و قەرەداغ و هەموویان لە ئاستێکی بەرزادا دەردەکەون، کە شێوەی دەشتێکی تەخت دەدا بە ناوچەکە.

لە سەرو چەمچەماڵەوە بەناو بازیانی ناوچەی قەرەداغدا، بە ئاشکرا زنجیرەی قەرەداغ رێك و بەرز بە چەشنی دیوار لەناو دیمەنێکی سروشتیی کوردستاندا وەستاوە. لە بازیانەوە ئەو زنجیرەیەی کە جیابۆتەوە دەردەکەوێت و شوێنی باشی تێدایە بۆ پشودان، ناوچەکەش جێی تێپەرکردنی دوو کاروان دەبێتەوە، شێوەی شوێنەکە لە شێوەی پیتی ڤی ئینگلیزی دەچێت کە دیوارێ دایدەخات، ئەوش کێشە بۆ شوێنی پشوو دروستدەکات و لەوانەیە دوچاری رووتکردنەوە ببن، چونکە بە ئاسانی چاویان لەو کاروانانەیە کە بۆ وڵاتەکەیان دێن. هەروەها وەك ئەو شەڕەی نێوان هەمەوەند و هێزی تورك ساڵی 1909، کە هەمەوەندەکان لەسەرەوە بۆیان هاتن و هەموو سەربازەکانیان بە دیل گرتن و شتەکانیان تالانکردن.

ئەمە دەروازەی راستەقینەی رۆژئاوای وڵاتی هەمەوەندە و دۆڵەکەی پشتیەوە شوێن و پەنای حەمە بەگی سەرۆکیانە، رێگەکە ناوچەی باشووری رۆژهەڵات

دەکاتەوە و بەناو دەربەندی بازیاندا تێدەپەڕێت و دوای چەند کاتژمێرێك دەگاتە باوەمەردە. لێرەوە ڕێ هەیە بۆ سەرلوتکەکانی زنجیرەکە، کە تا ڕادەیەك شکاوەتەوە و مەودای بینینی تێدایە. ئەم بەرزو نزمی و بەردەڵانە بۆ ڕۆشتنی وڵاخەکان زۆر سەختە. لە لوتکەی ئەم ناوەوە دەتوانرێ زنجیرەی ئەزمڕ بە ئاسانی ببینرێت، هەروەها شوێنی سلێمانی لە سورچینەوە بە هێڵێکی سپیدا دیاردەکرێ لەسەر گردەکان بۆ ڕێگەی سلێمانی بەرەو پێنجوێن.

شۆڕبوونەوەیەك تێدەپەڕێ و دەگاتە دەشتی سلێمانی و بۆ ماوەیەك ڕێگەکە بەردی کەمە و ڕوودەکاتە باشوور بۆ باشووری ڕۆژهەڵات و ڕووەو گوندی باوەمەردە، بەهێمنیەکی باش لێرەوە بۆ سلێمانی کە ناودەبری بە سورچینە یان سورچیاینە (گردۆڵکە سورەکان) وڵاتەکە ئەبریسکێتەوە و پاش دوو یا سێ سەعات دەگاتە سلێمانی. لە بن ڕێڕەوی دواییەوە تا سلێمانی بەرد و بەربەست لە ڕێگەکەدا نیە، جگە لە دوو ڕووبار کە یەکەمیان پێش باوەمەردەیە و لە بەهاردا دەگاتە تەنگەی ئەسپ و هێستر. دووەمیشیان جۆگەی باخان کە لە ڕۆژئاواوە دژوار و قوڵە و لەسەرەوە خێرایە تا مانگی مایس. بوار لە بەهاردا لەژێر پردە ڕوخاوەکەوەیە و لە هاوین و پایزیشدا لەسەر پردەکەوەیە.

سێ میل لەولا بازیانەوە ئاو لەسەر ڕێگەکە و لە دەشتەکەدا هەیە، بەڵام لە لای ڕۆژئاوای ڕێڕەوی باوەمەردەوە تا ڕۆژهەڵاتی داوێنی گردەکە هیچ نیە. باوەمەردە و گوندێکی بچوك تەنیا دوو جێگەن لەسەر ڕێی چەمچەماڵ بۆ سلێمانی، ئەوەش لە سەرەتای مانگی نیسانەوە چۆڵە تا تشرینی دووەم، چونکە دانیشتوانەکەی مەڕومالاتەکانیان دەبەن بۆ لەوەڕاندن.

سەربازگەکانی هەمەوەند لە هەردوو لای ڕێگەی بازیان، یان دەشتەکانی ڕۆژئاوای باوەمەردەدا، لە هەندێ وەرزی ساڵدا، بە تایبەتی لە بەهار و سەرەتای هاویندا کۆدەبنەوە. ئەوە باشترین شوێنە بۆ مانەوە و روتکردنەوە و پیاو کوشتن.

لە چەمچەماڵەوە بۆ سلێمانی نزیکەی 40 میلە، بارودۆخی ئاسایش و تەمومژی دەربەندی بازیان و باوەمەردە، کار دەکاتە سەر کاتی پشوودان و وەستانەکان، هەرچەند ئەمەش دەگۆڕێت. بەڵام باوەمەردە و بازیان ناسراون بەو شوێنانەی کە کاروان بەشێکی شەویان بۆ پشوودان تێیدا دەمێنێتەوە. لە شوێنەکانی تردا دانیشتوانی تێدا نیە، تەنیا گەنم و فاسۆلیای لە لایەن گوندەکانی ناو دۆڵەکەوە لێکراوە. لە باوەمەردەوە کە دانیشتوانی لێیە، جگە لە گژوگیا هیچی تری تێدانیە، جارجارەش جۆی تیا دەکرێ و دەتوانی هێلکە و ماستی لێبکڕیت.

ماوەی گشتی بە چەمچەماڵدا لە کەرکوکەوە بۆ سلێمانی نزیکەی 70 میل لەسەرەوە باسمانکرد، لە کەرکوکەوە بۆ کانی تاڵ (تەیناڵ) و بۆ ئیبراهیم ئاغا بۆ قالەی خوارەوە بۆ بازیان. ( بڕوانە نەخشەکە)

## رێگەی دووەم

# کەرکوك بۆ ئالتون کۆپری

ئەمە تەنیا یەك قۆناغە و نزیکەی 33 میلە، جگە لە تێپەڕبوونی ئاسان بەناو گردەکاندا و لێژبوونەوەی کورت و تیژ، رێگەکە تا نزیك ئالتون کۆپری زۆر سەخت و بەردەلانی نیە، کە ئیتر دوای ئەوە دەبێتە بەردەلان. چەند گوندێ لە لای رۆژهەلاتی ناوچەکەدایە، یەك دوویەکیان تورکمانن و ئەوانی تر کوردن، بەلام دانیشتوانەکانی خەلکی باش نین، لەبەرئەوەی جارجارە مەترسی جەردەکانی هەمەوەند هەیە کە رۆژئاوای رێگەیەکە دەگرن، ئیدی بەسەر گردەکەدا دەچێتەوە سەر گوندی تەپە کێوی (گوندی کێو)، پاشان وێرانەی کاروانسەرایەك کە لەسەر شێوازی سەردەمی شا عەباس دروستکراوە. لێرەوە رێگەکە بەناو گردەکاندا تێدەپەڕێ و گوندە کوردنشینەکان دەبڕێ بۆ دەربەندێکی شاخاوی و تێپەڕبوونێکی گران بەناو چیا دابڕاو و ناوێزەکاندا، بەسەر لوتکەی زنجیرەکەدا شۆڕدەبێتەوە تا نزیك گوندێکی گەورە لەگەل رێگە ئاساییەکەدا یەکدەگرنەوە.

لێرەدا چاوەڕێی ئاوی لێناکرێ، لە نزیك کەرکوك و ماوەی دەوروبەری 10 میل بۆ ئالتون کۆپری، کە لەوێدا چەند جۆگەیەك دەبینرێ.

لە ئالتون کۆپریەوە رێگەیەك دەڕوات بۆ هەولێر و موسل.

لە کەرکوکەوە بۆ ئالتون کۆپری رۆژێکی دەوێت، یان 10 سەعات، هەروەها لە کەرکوکەوە بۆ موسل، بەپێی وەرزەکانی سال سێ تا چوار رۆژە.

ئالتون کۆپری بە گەنتەرە ناسراوە کە بە عەرەبی (قەنتەرەیە) واتە پرد.

## ڕێگەی سێیەم

## کەرکوك بە تاوغدا بۆ کفری و بەغدا

ئەمە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ئاستی تاوغەوە لە بواری ئەم راپۆرتەدا نیە. ماوەکە بۆ کفری 65 میلە و قۆناغەکان بە ئاسایی بە تاوغ و توزخورماتودا دەڕۆن. کەرکوك جێدەهێڵن و ڕێگەکە ڕوودەکاتە باشوور بەرەو باشوور و باشووری رۆژهەڵات و لە بنکەی ڕۆژئاوای ناوچەیەکی نزمدا بەردەوام دەبێ، کە پێیدەڵێن مەتارەداغ. ئاو لە ناوچەکەدا دەگمەنە و یەکەم سەرچاوەی ئاو لە تاوغ دەبینرێ، کە گوندێکە و گرنگیەکی ئەوتۆی نیە و بە حەوت تا نۆ سەعات دەیگەنێ و ماوەکەش 27 میلە. ئیدی بە هەمان شێوە ڕێکردن بۆ توزخورماتو 18 میلە و تا کفریش 20 میلە. ڕێگەکە بەردەڵانە و لە هەندێ شوێن خراپە و هەموو وەرزەکانی ساڵ، جگە لە زستان و سەرەتای بەهاردا زۆر گەرمە. ئەم ساڵ سێ کەس لە نێوان تاوغ و توزخورماتودا بەهۆی ئەوەی لە کۆتایی مانگی تەموزدا گەرما بردنی مردن. توزخورماتو بازاڕێکی بچوکی ناخۆشی هەیە، کە لەوانەیە سی دوکان بێت لەگەڵ دوو خانی داڕوخاودا.

نەوتێکی بچوك، کە لە نەفت داغ دۆزراوەتەوە ( ئەو گردە درێژەی سەر ڕێگەکە) و پاڵاوگەیەکیشی لێیە. دانیشتوانەکەی بە تورکی، عەرەبی و کوردیش قسەدەکەن. سەرچاوەی ئاو زۆر نالەبارە و تەنیا یەك کانی هەیە کە بەکاردێت. هەرچەند کفری ناکەوێتە سنووری ئەم راپۆرتەوە، بەڵام شارۆچکەیەکی ناودارە و ڕێگەکانی کەرکوك بۆ بەغدا و سلێمانی بۆ بەغدای پێدا دەڕوات. ڕێگەیەکی تر لە بری ئەم ڕێگەیە هەیە

كە لەوانەیە كورتتر بێت، ئەویش بە چۆڵاییەكی بێ ئاودا بەرەو رۆژئاوا دەڕوات. لە كەركوكەوە بۆ بەغدا بە كفریدا نۆ رۆژ دەخایەنێ، بەڵام بە چۆڵی قولفەدا شەش تا حەوت رۆژی پێدەچێت.

## رێگەی چوارەم

## كەركوك بۆ كۆی سنجاق

رێگەیەكی زۆر باش هەیە لە كەركوكەوە بۆ كۆی سنجاق، ئەویش ئەوەیە كە بازرگانەكان بەكاری دێنن بۆ بازرگانی لەگەڵ بەغدادا، بەڵام لە زستاندا بەكار نایەت، چونكە بە زێدا دەپەڕێتەوە و ئەویش لەو كاتانەدا بواری نادات.

لە كەركەكەوە رێگەكە دەڕوات بۆ ئاڵتون كۆپری لە دەرەوەی گردەكانەوە و پاشان باكوور بۆ باكووری رۆژهەڵات دەبڕێ و دەیبات بۆ ئەو دەشتاییەی كە لەوێدا رووبارەكە لە رۆژئاوادا بە ناوچەی سەر سنووری وڵاتی شواندا تێدەپەڕێ. لێرەدا بوارێك هەیە و زۆر ئاساییە بۆ مانەوە و لادان لە شەودا. لە بوارەكەوە دوای ئەوەی داوێنی گردەكان جێدەهێڵین، كە رێگەوبانێكی ئاسانە و رێگەكە دەشتێكی تر دەبڕێ لەسەرو رێڕەوەكەوە لە ناوچەیەكی تردا و بۆ كۆی سنجاق. دوای ئەوەی زێ جێدەهێڵین ئاو لەژێر یەكەم ناوچەی گردەكانەوە و لەگەڵ چەند گوندەێكی سەر رێگەكە دەبینرێ.

ماوەكە 30 میلە بۆ بواری زێ و نزیكەی 20 میلە بۆ كۆی سنجاق و دوو رۆژێكی پێدەچێت. ئەم رێگەیە لە لایەن ئەوانەوە بەكاردێ، كە لە كەركوكەوە دەچن بۆ مەرگە و بانە، هەروەها دووەم رێگەش لە سلێمانییەوە هەیە، بەڵام زۆر جار مەتریسی تێدایە.

## ڕێگەی پێنجەم

## سلێمانی بۆ کفری

لە سلێمانییەوە ڕێڕەوەکە درێژدەبێتەوە بۆ باشووری ڕۆژئاوا و پێچەکانی سورچینە دەبڕێ و بەلای ڕووباری چەمی باخاندا دەڕوا، دووبارە بەرزدەبێتەوە بە ناوچەیەکی زۆر لێژدا، کە کاتێکی زۆر دەخایەنێ. هەر وەکو باوەمەردە، ئەم ڕێگەیەش بەردەڵانە و کاتێ دەگەیتە لوتکە، شۆڕبوونەوەیەك بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات تا کۆتایی دەشتی بازیان دەڕوات، ئێرە پێی دەوترێ قەرەداغ، بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەبڕێ بە ڕێگەیەکی ڕاستدا و دەگاتە سەگرمە یان ملەی سەگرمە، کە 1500 پێ سەرو دەشتە.

ئەمە وەکو بازیان نیە پشوی تەواوی تێدا بێت، بەڵام لەسەر لوتکەی چیاکان دەوەستن و پاشان ڕێگەیەکی دوور و درێژی بەردەڵان و پڕ سەرکەوتنە، لە لوتکەوە دیمەنێکی جوان هەیە لەناو زەویە قڵیشاوەکان لە داوێنەوە و چۆڵەوانیەکانی ڕۆژئاوادا. لە داوێنی سەگرمەدا گۆپتەپەیە، زۆر جار لەوێدا لائەدەن و خانی تێدانییە، بەڵام وڵاخدارەکان بارەکانیان بە دەوری جۆگاکاندا دەخەن.

هێلکە و میوەیەکی کەم دەست دەکەوێت، ئەویش بەپێی وەرزەکە بەتایبەتی شوتی. لەجیاتی ئەوەی بەلای ڕاستدا بچین بۆ کۆپتەپە، لادەدەین بۆ قەرەداغ، گوندێکی گەورەیە و ناحیەشە،کە دەکەوێتە داوێنی ڕۆژهەڵاتی زنجیرەی چیای قەرەداغ. ماوەکە لە سلێمانییەوە بۆ کۆپتەپە 28 میلە و بۆ قەرەداغ 22 میلە. دوای ئێرە، هەر کە سەگرمەمان جێهێشت بۆ بەرێکەوتنی داهاتو، وەستانێکی زۆر هەیە و ئاسانتریشە. لە گۆپتەپەوە کاروانەکە بە پێچاوپێچ دەڕوات، بەڵام ڕێگەکە زۆر

بەردەڵانی نیە و دەچێ بۆ ئیبراهیم خانچی، کە گوندێکی بچکۆلەیە لەگەڵ سەرچاوەی ئاوێکی تەنك، هەرچەند لە زستاندا لە بنی کانیەکەوە زیاتر هەڵئەقوڵێ و لەبەردەمیەوە دەڕوات. لە کاتی ئاسایدا ( کاتێ خێڵەکان بێدەنگن) چەند شوێنێکی پشودان هەیە، کە هێلکە و پەنیر و میوە بەپێی وەرزی ساڵ دەستدەکەوێت. لە داوێنی چیای قەرەداغ و گۆپتەپەدا شوێنی نەوتاوی دەردەکەوێت و ئەوەش لە دەرەوەی نزمایی ناوچەکە نزیك کفریە و بڕێکی ئەوتۆ دەبێ بۆ کار لەسەر کردن.

لە گۆپتەپەوە بۆ ئیبراهیم خانچی 18 میلە و ڕۆشتنی چاکە و لێرەوە بۆ کفری بەناو دەشتەکاندا دەڕوات بۆ بڕینی ناوچەی نەفتخانە و لەوێشەوە چەند سەد پێیەك دادەبەزێ بۆ کفری. ڕێگەکە جگە لە دوو فرسەخی نزیك سلێمانی ئاسانە، بەڵام وەك ڕێگەی سلێمانی و کەرکوك هەمیشە مەترسیدارە، کە بە وڵاتی هەمەوەندا تێپەڕ بکەیت، ئەم ساڵ چەند کاروانێك تاڵان کراوە و ژمارەیەك خەڵکیش کوژراوە.

## ڕێگەی شەشەم

## سلێمانی بۆ هەڵەبجە

ئەمە لەگەڵ ئەوەی ڕێگەیەکی کورتە، بەڵام زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی کە بەناو هەڵەبجەدا تێدەڕێ و لە نێوان سلێمانی و تەبرێز و سنەدا لاڕێی زۆری تێدایە، بەتایبەتی خانەقین کە کەلوپەلی زۆری پێدا تێدەپەڕێ، هەروەها ڕێگەیەکی تر هەیە لە جوانڕۆوە بۆ کرماشان، بەڵام پێیان وتم کە ئەوە بۆ کاروان هەرگیز بەکار ناهێنرێت، چونکە نە ڕێی بازرگانیە و نە سەلامەتە.

چەند رێگەیەکی بچوك وەك ئەوەی جوانرۆ هەیە، لە مانگەکانی مایس و حوزەیران و سەرەتای تەموزدا بەکاردێ، بۆ رۆنەکەرەی پالآفتە، کە لە لایەن خێڵەکانەوە بەرهەم دەهێنرێت، هەروەها برێ لە بازرگانانی تاکفرۆشی، لە جولەکەکانی هەڵەبجە، پێیدا دەڕۆن.

لە سلێمانییەوە رێگەکە بۆ لوتکەی چیای ئەزمڕ سەردەکەوێ و لەوێوە بۆ یەکەم گوندی گەورە دەچێت، کە قرگەیە و تایبەتە بە ماڵی شێخەوە.

رێگەکە بەردەلآنە و نەرمیشە، بەلای هەندێ گوندی ناو لەوەڕگا و دەم کەلەکاندا تێدەپەڕێ و بۆ چەند میلێك بە رێکی دەڕوات و سەردەکەوێ بۆ سەر چیاکان و لێژدەبێتەوە و تا دەگاتە نالپاریز، کە گوندێکی گەورەیە و ئاوێکی کەمی هەیە بەردەوام دەبێ. بە هەردوولای رێگەکەدا تا کۆتایی ناوچەکە، کە دەڕوانێ بەسەر دەشتەکانی شارەزووردا گەنم دەچێنرێت. رێگە کۆنەکەی بەناو دۆڵەکاندا دەڕۆشت کە ئاوێکی تەنکی هەبووە، بەڵام بەهۆی هێرشەکانی هەمەوەندەوە ئەو رێگەیە نەماوە. لە سەر دوا کەلی زنجیرەکەوە دەشتی شارەزوور دەبینرێ و هەڵەبجەش لەسەر زەویەکی بەرز بە ئاسانی دیارە کە وەك باخچەیەك لە داوێنی کێوی بالآنبۆ و هەوراماندا دەردەکەوێت. بەرزی چیا سەرکەشەکانی هەورامان رێگری لە بینینی چیاکانی کوردستان لەو شوێنەدا دەکات، رێگەکە شۆڕدەبێتەوە و چەند جۆگایەکی بچوك دەبڕێ بۆ سەر گردێکی بچوك، لە داوێنی لای رۆژئاوایەوە گوندی مووان دێت، کە گوندێکی بچوکە لە ناو برێ درەختی بیدا، سەرچاوەیەکی ئاوی باشی تێدایە. کوردەکانی مووان لە کۆتایی مانگی ئازارەوە لە گوندەکەی خۆیاندا دانانیشن، بەڵکو کۆچ دەکەن و نیو میل بەرەو باشووری رۆژئاوا لە نزیك جۆگاکانەوە هەوار

دەخەن و تا مانگی تشرینی دووەم دەمێننەوە. کاروانی لێرەدا پشوو دەدەن کە پەنیر و کەرە دەستدەکەوێت، هەرچەند دەبێ لە سلێمانییەوە نان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن. هەندێ جاریش هێلکە دەست دەکەوێت، بەڵام دانیشتوانەکە هەندێ وشکن و نایانەوێ هیچ شتێك بفرۆشن. لەشەودا خۆپاراستن پێویستە لە مەترسی خەڵکی مووان و ئەوانەی کە لەوانەیە هێرش بکەن. لە مانگەکانی مایس و تشرینی یەکەمدا، کوردە جافەکان بەو رێگەیەدا تێدەپەڕن، کە زۆر مەترسیدارە. رێگەکە راستەوخۆ لە مووانەوە دەچێت بۆ هەڵەبجە و بە دوو جۆگادا دەپەڕێتەوە، یەکەمیان ئاوی شارەزوورە و دووەمیان ئاوی بەیشانە کە زۆر جار پێدەوترێ ئاوی مەحمود پاشا. لەدوا خاڵی رێگەکەدا و لەنزمترین شوێندا، دارودرەختێکی زۆر دەگمەنی تێدایە بە تایبەتی لە داوێنی یەکێك لە گردەکانی شارەزوور، ناوچەکە بەدرێژایی ساڵ لە زۆر شوێنیدا سەوزە و ئاوێکی باشی هەیە. هەروەها بێ بەردەڵانیە و لەوانەیە دەشتەکانی ئێرە بە پیتتر و ئاودارتر بن لە هەموو کوردستان، رێگریی حوکومەتی تورك و شەڕی بەردەوامی نێوان خێڵەکان نەیهێشتووە کە وەك پێویست بەکاربێت. زۆر بە کەمی گوند لە پێدەشتەکاندا دەبینرێ، بەڵام لەسەرەوە هەیە، هەروەها زۆر گردی لێیە، کە ئاسەواری دانیشتوانی کۆنی ناوچەکەی تێدایە، کاتێ خۆڵەکەی پشکێنراوە، پارەی مەعدەنی و ژمارەیەکی زۆر لە مۆری ساسانیەکان دۆزراوەتەوە، ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە شارەزوور یەکێکە لە شوێنە گرنگەکانی حەلوانی سەردەمی ساسانی. دوای ئەوەی دوا جۆگا دەبڕن، رێگەکە بۆ هەڵەبجە سەردەکەوێ و لە قۆناغی دووەمدا ئەو کێشەیەی تێدا نییە، جگە لە دوو جۆگا

گەورەکە کە لە بەهاردا زۆر قوڵە. هەروەها ماسی زۆر نایاب لە هەردوو جۆگاکەدا هەیە.

ئەڵبجە یان وەك کوردەکان دەڵێن(هەڵەبجە) زێدی عوسمان پاشا و تایەر بەگ و مەجید بەگ و عادیلە خانمی جافە. عادیلە خانم و تایەر بەگ و مەجید بەگ هەر هەموویان کۆشکی زۆر گەورەیان لێرە هەیە، هەروەها عادیلەخانم قەیسەریەکی جوانی دروستکردووە، کە سەقفەکەی لە خشت کردووە و 54 دوکانی چاکی تیدایە، مانگی بە دوو قڕان داویەتی بەکرێ بە هاووڵاتی و جولەکەکان. هەڵەبجە خانی تێدا نییە، وڵاخدارەکانیش وڵاخەکانیان دەخەنە تەویلەی ناسیاو و خانەخوێکانیان، ئەگەر نەناس بن ئەوا دەیبەن بۆ شاتی لوڕ، وەك دەستورێکیش وڵاخ لە لایەن هاوڵاتیانەوە بۆ عەبابەیلـێ، کە ماوەیەکی کورتە و لەسەر گردێکە بەکرێ دەدرێ. هەموو شتێك لێرە شیاوی ئەوەیە کە دەست بکەوێت، ناوچەکە پڕە لە بەرگدروو و کوتاڵفرۆش، قەساب، بەقاڵ و چێشتخانە و دوکانی خەیاتی مەکینەی جولەکە و هەموو پێداویستیەکانی تری ژیان هەیە لەگەڵ میوەیەکی زۆر باش.

خەڵکی غەریب کە دەچنە هەڵەبجە دەتوانن لە ماڵاندا ژوور بەکرێ بگرن، خۆ ئەگەر خەڵکانێ بن لە سەرو خەڵکی ئاساییەوە ئەوا دەبرێنە میوانخانە، کە عادیلەخانم خۆی خاوەنی هەڵەبجەیە دەیباتەوە بۆ ماڵی خۆی.

## ڕێگەی حەوتەم

## سلێمانی بۆ پێنجوێن

ئەمە یەکێکە لە دژوارترین ڕێگەی نزیکی سلێمانی. کۆتایی باکووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی جێدەهێڵی و بەناو گوندی قڕگەدا دەڕوات و سەردەکەوێت بۆ سەر چیایەك کە میلێك دوورەو بەسەر ملەی ئەو دێیەدا تێدەپەڕێ. لێرەوە ڕێگەکە پێچاوپێچ و بە دۆڵەکاندا دەڕوا و سەردەکەوێتەوە سەر زنجیرە چیای ئەزمڕ، کە بەردەڵانی و سەختە، لە شێوەدا لە بەرزبوونەوەی ناوەڕاستی ناوچەکەوە بۆ دوا پلەی بەرزی نزیکەی 2000 پێ دەبێت. چەند گوندێك لە لای ڕاستی ئەو ڕێگەیەدا کە دەچێت بۆ پێنجوێن هەیە و ئاویان لە لوتکەی چیاکانەوە بۆ دێتەخوارەوە. ڕێگەکە بەرەو باکووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی دەڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا پێنجوێن ڕۆژهەڵاتی ئەو شوێنەیە، بەڵام کاروان ڕووناکاتە ئەوێ. نزیکەی 12 میل لە پێنجوێنەوە ملەیەکە، ئیدی شۆڕدەبێتەوە بەرەو ئاوی ڕووباری پێنجوێن، لە داوێنی ئەم ڕێگەیەوە کەناری ڕووبارەکەیە و تا پێنجوێن ئاساییە. بەشێکی پێنجوێن موڵکی تایەر بەگی جافە و هەواری هاوینەی خۆی لەوێ هەیە، گەرماو، مزگەوت و بازاڕی تێدایە و بازرگانییەکی گەورەی لۆکە و شتی تر لەگەڵ سلێمانیدا دەکات. کاتێ تایەر بەگ لەوێ بێت هەموو شت دەست دەکەوێت و گوندەکە سەرقاڵە، بەڵام لە زستاندا زۆر ساردە و بە گران شت دەستدەکەوێت، جولەکەکانی ئێرە زۆر دەوڵەمەندن و زۆربەی بازرگانی تاکفرۆشیان بەدەستەوەیە. لە نێوانی پێنجوێن و سلێمانیدا لادان و پشودان هەیە، بەڵام بە ئارەزووی وڵاخدارەکانە، کە لە مانگەکانی ئازار و نیسان و

مایس و حوزەیران و تەموزدا لە دوا تێپەڕبووندا دەوەستن، لە كاتەكانی تردا لە هەوارەكان یان نزیك ئاوی گوندەكان لادەدەن.

## رێگەی هەشتەم

## سلێمانی، سەردەشت، مەرگە

كاروان هەموو دە رۆژ جارێ دەچێت بۆ مەرگە، كە ناوچەیەكی گەورەو بە پیتە بۆ بازرگانی لۆكەو شتومەكی بەغدا و سلێمانی و هەروەها بەرهەمی خۆماڵیش دەنێرێتە دەرەوە. رێگەكە بە درێژایی سورچینە بۆ باكووری رۆژئاوای لێژاییەكانی چیای پیرەمەگرون دەڕوات و لەوێوە بە ناو ژمارەیەك لە دۆڵەكانی ناو لوتكەكاندا، كە گوندێكی زۆر و ئاوی لێیە، دەپەڕێتەوە بۆ سەردەشت،* ئەو گوندەی لە باكووری لوتكەكانی پیرەمەگرونەوەیە و بنكەی بەڕێوەبەری ناحیەی ناوچەكەیە. رێگەكە بە درێژایی دەشتەكە درێژدەبێتەوە و پێچاوپێچ دەكات، بەڵام ناپچڕێت تا دەگاتە سەردەشت، لێرەوە دوو رێگە دەچێت بۆ مەرگە، یەكەمیان بە گوندی دوكاندا بۆ رۆژئاوا، دووەمیان بەرەو رۆژهەڵات. ئەمە هەمووی بە یەكەوە دەچێ بۆ كۆتایی ناوچەكە لە نێوان سەردەشت و چەمی قەڵاچوالاندا كە بە رێی رۆژهەڵاتدا تێدەپەڕێ بە چەند میلێك لە سەردەشتەوە.

رێگە درێژەكەی بە زێی بچوكدا لە لای وێرانەی گوندی دوكاندا رۆژئاوا دەبڕێ. لەو شوێنەی كە چەمی قەڵاچوالانی پێدەگات، پێچدەكاتەوە و جارێكی دی دەیبڕێتەوە، لێرەوە راستەوخۆ بە دەشتی بەپیتی مەرگەدا دەڕوات، كە پڕە لە دانیشتوان و

* لەگەڵ سەردەشتی ناوچەی موكریاندا تێكەڵ نەكرێ (بڕوانە رێگەی نۆزدەیەم)

قایمقامی ناوچەکەشی لێیە، لێرەشەوە ڕێگەیەکی نوێ بۆ ڕانیە و ئاوی ڕەواندوز دەچێ.

مەوداکە لە سلێمانییەوە بۆ سەردەشت 33 میلە، زۆر جار قۆناغەکە بەهۆی ڕێگەکانی گوندەکانەوە درێژتر دەبێتەوە، لێرەوە شۆڕبوونەوەیەك بە ڕێگەی ڕۆژئاوادا بۆ مەرگە 27 میلە و بە ڕێگەی ڕۆژهەڵاتا 24 میلە. ڕێگەیەك کە مەوداکەی نزیکەی 12 میلە، لە مەرگەوە بۆ خوار کێوی مەرگە بە زێدا بۆ ڕانیە دەچێت، ئەو گوندە گەورەیەی کوردە نیشتەجێکانی ڕانیەی تێدایە.

## ڕێگەی نۆیەم

## سلێمانی، سەردەشت، کۆی سنجاق و بۆ موسڵ

دوای ئەوەی سەردەشت بەجێدەهێڵین ( بڕوانە ڕێگەوبانی هەشتەم) ڕێی ڕۆژئاوا بۆ دوکان دەڕوات، لەوێشەوە بەردەوام دەبێ بەرەو باکووری ڕۆژئاوا لەژێر بەردەوامیەکی ناوچەکەدا کە پیرەمەگرونی تێدایە، دەشتی کۆی سنجاق بۆ 20 میلێك تا ئەو شارۆچکەیە دەبڕێ. چەند گوندێك لە داوێنی گردەکاندایە وگەنمێکی زۆر لە دەشتەکاندا هەیە.

کۆی سنجاق شوێنێکی گرنگە، قایمقامێتە و بازاڕی تێدایە و هەرچی پێداویستیەك هەیە لەوانەیە دەستبکەوێت. لە کۆی سنجاقەوە بۆ هەولێر دوو قۆناغە، یەکێ بەرز و یەکێ نزم، ڕێگەکە دەبڕێت. لە سلێمانییەوە بۆ کۆی سنجاق کاروانیەکی کەم هەیە، ڕێڕەوی کاروانەکان دەگمەن بەکاردێ، بەڵام لە کۆی سنجاقەوە بۆ موسڵ (بە ناوچەکەدا نا) جەنجاڵیەکی ڕەچاوکراو هەیە.

## ڕێگەی دەیەم

## مەرگە بۆ ڕانیە بۆ ڕەواندوز

ئەم ڕێگەیە لە لایەن دانیشتوانی ناوچەکەوە بە باشی بەکاردێ، بە هەرحاڵ بەناو جەنجاڵیدا ناڕوات، نزیکەی 18 میلە و قۆناغێکی یەك ڕۆژییە و بە داوێنی کیوی مەرگەدا ڕووباری زێی بچوك دەبڕێ.

## ڕێگەی یانزەیەم

## مەرگە بۆ کۆی سنجاق و ئاڵتون کۆپری

ئەمە ڕێگەیەکی باشە بۆ بەکارهێنان، کە هەموو بەرهەمەکانی هەردوو ناوچەکە دەگوێزێتەوە بۆ ئاڵتون کۆپری و لەوێشەوە بە کەڵەك* بۆ بەغدا.

لە مەرگەوە بە ڕێی ڕۆژئاوادا بۆ سەردەشت دەروات (بڕوانە ڕێگەوبانی حەوتەم) لەبەرامبەر دوکانەوە کاتێ سەردەشت بۆ کۆی سنجاق ڕێگەکە دەبا (بڕوانە ڕێگەوبانی هەشتەم) ئەمە قۆناغێکی دورودرێژە، لە یەکەم پەڕینەوەدا هەندێ پشوی تێدا دەدرێ، یان لە گوندێکی بەرامبەر دوکان ( گوڵناری لەسەر نەخشەی هیندی) کۆی درێژی ئەم قۆناغە نزیکەی 40 میلە. ڕێگە کورتەکەی بەناو شاخەکاندا سەرو کۆی سنجاق هەندێ جار نزیکە 20 میلە.

* کۆمەڵە دارێکی ڕێکی بە یەکاچوو پێکەوە بەستراوە لەسەر پێستەی فوتێکراو.

لە كۆی سنجاقەوە رێگەكە باشووری رۆژئاوای دەشتەكە دەبڕێ، بەناو ئەو ملەیەی ناوچەكە بەش دەكات و دەڕوات تا دەچێتە هەولێرەوە بۆ دەشتی ئاڵتون كۆپری. مەوداكە نزیكەی 33 میلە و رێگەكەی ئاساییە و نزیك گردەكان بەردەڵانە و باقی بەشەكانی تری ئاسانە، بە درێژایی رێگەكە گوندی لێیە و ئاویشی خراپ نیە.

## رێگەی دوانزەیەم

## مەرگە بۆ بانە و سەقز

ئەم رێگەیە لەلایەن ئەو بازرگانانەی لە موسڵەوە بۆ بانە و سەقز دەچن بەكاردێ. لە مەرگەوە بە رۆژهەڵاتی رێگەكەدا بۆ سەردەشت، (بروانە رێگەوبانی حەوتەم) ئەوەندەی داوێنی كێوی مەرگە و ئینجا بە رۆژهەڵاتدا دەكشێ بۆ بانە.
رێگەكە لە هەندێ شوێندا تا دەگاتە دۆڵی ئاوی بانە بەردەڵان و سەختە، هەروەها بە مانایەكی تر نزیكەی 4000 پێ بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە بانە.
مەوداكە دورودرێژە و 48 میلە، هەمیشە بە دوو قۆناغ تەواو دەكرێ و وەستان بۆ پشو لەو شوێنەدایە كە بوارە بۆ ئاوی بانە.

## رێگەی سیانزەیەم

# هەڵەبجە، مەیدان، شیروان بۆ خانەقین

ئەم رێگەیە بە زۆری بەکاردێ بۆ هێنانی کەلوپەل لە خانەقینەوە بۆ شارەزوور، هەورامان و پێنجوێن و لەگەڵ رێگەی بەغدا و سلێمانیدا تەواو دەبێت. هەروەها هاتوچۆیەکی مامناوەندی هەیە لە نێوانی شارەزوور و خانەقیندا، بە پێی کاتەکانی ساڵ رێگەکە دەگۆڕێت. لە هاویندا، کاتێ خێڵی جاف دەستدەکەن بە کۆچکردن بۆ گردەکانی پێنجوێن لە باکووری شارەزوور، رووبارەکە بە بانیخێڵاندا تێدەپەڕێ و دۆڵی جۆگاکان دەچێتە کانی چەقەڵەوە و لەوێدا دیسانەوە دەپەڕێتەوە. لە کەناری رووبارەکەدا پشوو دەدرێ. لە کاتە ئاساییەکاندا بە هەرحاڵ دوو قۆناغ بە ناو ئێراندا دەڕۆن، رووبارەکە دەخەنە نێوان کاروانیەکان و جافە رەوەندەکانەوە و شەرەفبەیانی و ناوچەی کوردەکانی باجلان دەبڕن.

لە هەڵەبجەوە قۆناغێکی کورت دەڕۆن بۆ بواری رووباری سیروان لە چەمی دەربەند، نزیکەی 12 میل و لەسەر کەنارەکە، یان لە دەربەند پشوو دەدرێ. رێگەکە بەردەلانە بەڵام سەخت نییە، لە بواری دەربەندەوە (یان لە خاڵێکەوە کە هەندێ جار پێی دەوترێ شێخ مەیدان یان مەیدار) بە کەناری چەپی رووبارەکەدا بەناو دەشتی شێخانا دەچێ بۆ مەیدان، لەوێدا کە R. P. V. Scheil. نەخش و نیگارەکەی بە کۆنترین لە کوردستان و بگرە لە ئاسیادا وەسف دەکات.*

* وەرگێڕانەکە بە دەوری گۆزە...دەنوك... ئەو وێنەیەی دروستکردوە. کاتێ ئەوەی دروستی کردۆتەوە، هەر کەسێ کە ئەم وێنەیەی تێکشکاندووە، ناوی ناوە تەوە بە ناوی نەوەکە یەوە بە ساماس و را مان. وەرگێڕە کەی لەو بڕوایەدا یە نەخ شی

مەیدان گوندێکی گەورەیە و پێداویستیان لەوانەیە لە کوردەکانی شەرەفبەیانیەوە دەسکەوێت. لێرەوە ( لە دەرەوەی ناوچەی ژێر تێبینیەکەوە) رێگەکە بە کەناری رووبارەکەدا دەروات بۆ شیروان لە دەشتی شیرواندا، لە پنتی یەکگرتنی قەرەتو لەگەڵ رووباری سیرواندا. لێرەوە رووبارەکە ناودەبرێ بە دیالە. بەجێهێشتنی ئەم شوێنە و ناوچەی ئێران یەك قۆناغ بە لێژاییەکدا بۆ خانەقین دەبڕن. مەوداکە لە دەربەندەوە بۆ مەیدان 19 میلە، مەیدانیش بۆ شیروان 17 میلە، شیروانیش بۆ خانەقین 27 میلە و چوار رۆژ دەخایەنێ.

## رێگەی چواردەیەم

## هەڵەبجە بۆ زەهاو

لە رۆژانی سەروەری تورکەکان لە زەهاو و وەستانی پەیوەندی ئیشوکار لە نێوان کرماشان و سلێمانیدا، ئەم رێگەیە زۆر بە کەمی بەکاردێت.

رێگەکە کێوی نیلانبۆی پشتی هەڵەبجە دەبڕێ و لە سیرواندا شیروانیش دەبڕێ. لە پەراوێزی دەشتی شەمێرانەوە بە ناو دۆڵەکەدا دەڕوات، بەلای تاجرود و کێوی بەمۆ ئەبڕێ و چەند مێلێك دەگاتە سەر زەهاو. کۆی درێژی مەوداکە 40 میلە.

مسماریە و کاتی ساراگۆنی گەدە و گودیسە، کە شێوەی پەیکەری پیاوێك بە تیروکەوانەوە بەسەر دووتەنەوەیە ، هەروەك لە تێکستە زۆر کۆنەکاندا هێمای بۆ دەکات ( لە تێکستی کۆنی ئاسیاوە، پێرستی جوگرافیای کرماشان.)

## رێگەی پانزەیەم

## هەڵەبجە بۆ جوانرۆ ( بۆ کرماشان )

ئەم رێگەیە زۆر باش بە کاردێت، بەتایبەتی لە لایەن بازرگانی رۆنەکەرەی پالاوتەوە، کە جوانرۆ (گۆران) بە بڕی زۆر دەیبەن بۆ سلێمانی و کەرکوك. دوای هەڵەبجە بەرەو رۆژهەلات بە زەویەکی بەردەلان بەسەر لوتکەکانی هەوراماندا بۆ تەوێڵە، یان راستەوخۆ بۆ نەوسود، هەردوو گوندەکە لە داوێنی هەوراماندا کەوتونەتە ناو دۆڵێکی قوڵەوە. رێگەکە بۆ چەند بەرزاییەك، کە لە هەندێ شوێندا زۆر تیژە سەردەکەوێت، دیمەنەکەی ئەوەند جوان و دڵگیرە کە وەسف ناکرێ. لە ناو دۆڵەکانەوە بۆ ئەو دیوارە بەرزەی چیای هەورامان هەڵدەکشێ.

تەوێڵە گوندێکی تا رادەیەك گەورەیە و ماڵی کەسێکی پیرۆز بە ناوی شێخ علی کە بنەچەی دەگەڕێتەوە سەر سوڵتان جافری هەورامی و هەواری هاوینەی عادیلە خانم و سەرۆکانی خێڵی جافی لێیە. رێگەکە لە تەوێڵەوە بەلای ژمارەیەك لە گوندەکانی هەوراماندا تێدەپەڕێ، بە لێژاییەکدا بەلای چیاکەدا شۆڕدەبێتەوە بۆ رووباری سیروان، کە لە بواری نزیك گوندی هیروەوە دەپەرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ریگاکە بەردەلان و پێچاوپێچە و دابەزین و شۆڕبوونەوەی تێدایە، بە شێوەیەك لەدوای یەك بەرزدەبێتەوە بۆ پاوە، کە گوندێکی گەورەی باشووری هەورامانە و زێدی ژمارەیەك شاعیرە، کە بە دیالێکتی هەورامی (گۆران) نوسیویانە. هەروەها چەند باخێکی باشی تێدایە

شتومەکی زۆر و هەرزانە، لێرەوە بۆ جوانڕۆ بەناو چیا بەرزەکاندا یەك قۆناغە، بەڵام بە دەشتاییدا لە جوانڕۆوە بۆ کرماشان دوو قۆناغە بەناو ماهیدەشتا*. مەوداکە لە هەڵەبجەوە بۆ تەوێڵە 20 میلە، تەوێڵە بۆ پاوە 24 میلە، پاوە بۆ جوانڕۆ 20 میلە، جوانڕۆش بۆ کرماشان 45 میلە. ڕێگەیەکی زۆرتر لە پاوەوە ڕاستەوخۆ دەڕوات بۆ کرماشان.( بڕوانە ڕێگەی بیستویەکەمین)

## ڕێگەی شانزەیەم

## هەڵەبجە بۆ پڵنگان بۆ سنە

یەکەم قۆناغی ئەم ڕێگە باش بەکارهاتووە و وەك (ڕێگەی پانزەیەم وایە)، بەڵام لە تەوێڵەوە کاروان بەسەر لوتکەکانی هەوراماندا بەردەوام دەبێت و ئینجا شۆڕبوونەوە تا دەگاتە کەناری ڕووباری سیروان. بۆ بڕین و پێچکردنەوە بە داوێنی گردەکەدا بە بەردەوامی بە بواری ژاوەرۆدا بە لاپاڵی گردەکەدا بۆ پڵنگان سەردەکەوێ، کە بنکەی کۆنی حوکومەتی هەورامان بووە و ئێستا گوندێکی وێرانەیە، بەڵام وڵاتەکە زۆر بە پیتە و بەلای گوند و باخوباخاتدا تێدەپەڕێ. ئاوێکی زۆری هەیە، لە پڵنگانەوە چیاکان دەبڕن و جۆگەی ئەوێهەنگ دوای دەکەوێت، بەلای هەنگدا بۆ سەر سنە.

* لەوانەیە لە حینجەکردنی ناوەکەدا (مایدەشت) هەڵەیەکی سادە کرابێت ئەویش بەهۆی ئەوەی کە بنەڕەتەکەی نەزانراوە، کە واتای دەشتی ماسی ناگرێتەوە.

مەوداکە لە پلّنگانەوە نزیکەی 36 میلە، بەشێکی کە زۆر سەختە و بە ناو چیا بەرزەکاندا دەڕوات، ئەم ڕێگەیە ساڵانە لە سلێمانییەوە کاروانی تەورێزی پێدا دەڕوات. لە تەوێڵەوە بۆ پلّنگان نزیکەی 24 میلە، کە 10 سەعاتێك دەخایەنێ لەگەڵ تێبینی کردنی سەختی ڕێگەکەشدا.

## ڕێگەی حەڤدەیەم

## هەڵەبجە بۆ پێنجوێن

ئەم ڕێگەیە جار بەجارە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە نەبێت، بەکار ناهێنرێت، بەڵام لە تەموز و ئاب و ئەیلولدا کاتێ تایەر بەگی جاف دەچێ بۆ پێنجوێن، جولەکە چەرچی و بازرگانە بچوکەکان زیاتری بەکاری دێنن. قۆناغی یەکەمی ئاسانەو لە ڕێگەی سلێمانییەوە بۆ چەند میلێك دەسپێدەکات بەسەر شارەزووردا و لقێکی لێدەبێتەوە بۆ گۆشەی باکووری و لە زانگیسەردا پشودەدرێ، لێرەوە ڕێگەکە تیژ و سەخت و نالەبارە و بەردەڵانە، لە ئاستی شارەزوورەوە بە لایەنی کەمەوە 2000 پێ بەرزدەبێتەوە بۆ ئەوەی بۆ پێنجوێن سەرکەوێ. مەودای هەڵەبجە بۆ زەنگیسەر 25 میلە، زەنگیسەریش بۆ پێنجوێن 15 میلە، بەهۆی سەختیەوە 7 سەعات دەخایەنێ.

## رێگەی هەژدەیەم

## پێنجوێن بۆ مەریوان و لەوێشەوە بۆ سنە

ئەم رێگەیە قۆناغێکی 18 میلیە بە دەشتی پێنجوێن و دەشتی قەڵادا دەڕوات، کە سەختیەکی ئەوتۆی تێدا نییە. نزیکەی دوای 8 میل لە پێنجوێنەوە بە سنووری تورکیادا تێدەپەڕێ. مەریوان گوند نیە، بەڵکو ناوچەیە و ماوەیەك دەتبا بۆ قەڵاکە، کە خانویەکی داروخاوە و ئۆردوگایەکی بچوکە، کاتی خۆی حاکمی کورد لێرەدا نیشتەجێ بووە. ئێستا لێرەدا گوندێکی بچوك نزیکی قەڵاکەیە، پێیدەوترێ مەریوان و نزیکی سنووری دەریاچەی ژێریبایە (زرێبار).

دیمەنی ئێرە زۆر بەرز و جوانە و چیاکان و زنجیرەی هەورامان هەمووی دارودرەخت داپۆشیوە. لێرەوە راستەوخۆ رێگەیەك نیە بۆ ناوچەی شارەزوور، تاکە رێگەیەکی لێژ و سەخت و پڕمەترسی هەیە، کە تەنیا ئەوانەی دەتوانن بە چیاکانی هەوراماندا سەرکەون پێیدا تێدەپەڕن. خێڵی مەریوان هاوپەیمانی بانە و هەورامانن و سەرۆکی مەریوان پەیوەندی لەگەڵ شا علی هەورامی ئێراندا هەیە.

لە مەریوانەوە رێیەکی سەرەکی لە کوردستانی تورکیاوە بە رۆژهەڵاتدا دەچێ بۆ سنە. هەمان ئەو شاخانە دەبڕێ بە رێیەکی کەمێ ئاساندا، کە دەچێتە ناو دۆڵی ئەسرابا و لە سەرچاوەی ئاوی سیروان تێدەپەڕێ، هەندێ جار لێرە پێی دەوترێ ئاوی شاهی. دیسانەوە لە دۆڵەکەوە بۆ ئەو کۆمەیەڵەیەی یەکیگرتووە سەردەکەوێتەوە، شۆڕدەبێتەوە و سەختە تا بە ناوچەی گۆراندا تێدەپەڕێ و جارێکی تر رێگەکە دائەبەزێتەوە، گوندێکی بچوك لە شوێنێکی ئاساییدا هەیە، کە

لە شێخ عەتارەوە زۆر دوور نییە. لە مەریوانەوە بۆ لوتکەی شوێنی تێپەڕبوونەکە نزیکەی 17 میلە، لەوێشەوە بۆ شێخ عەتار چوار میلی ترە. لە شێخ عەتارەوە وڵاتێکی شاخاوییە و هاتوچۆی زۆرە، قۆناغێك زۆر جار لە بارودارەوە دەستپێدەکات و بەلایەنی کەمەوە رۆشتنێکی دوور و درێژ دەڕوا بۆ دوەیسە، کە گوندێکی گەورەی باکووری سنەیە، لەو شوێنەوە کە زۆرجار وڵاخدارەکانی لێوەدێت. ئەم گوندە دەگەڕێتەوە بۆ ئەردەڵانەکان و کۆمەڵێك شاعیری ناوداری کوردی تیا هەڵکەوتووە. لێرەوە بۆ سنە درێژی دۆڵەکە نزیکەی 12 میلە و چوار سەعاتە. لە شێخ عەتارەوە بۆ سنە مەوداکە دەوروبەری 40 میلە، ئەوەش بە هەمان رێگەیەدا، کە فەرش و وەرتەی لە هەمەدانەوە بۆ بازاڕەکانی موسڵ پێدا دەبەن.

## رێگەی نۆزدەیەم

## پێنجوێن بۆ بانە و سەردەشت ( بۆ سابڵاخ )

ئەمە رێگەی سەرەکی سلێمانی بۆ سابڵاخ پێکدەهێنێ. یەکەم قۆناغ بەرەو باکوور و دەشتی پێنجوێن دەچێ، یا بیمانسو، یان قزڵجە، رووباری ماسخاڵ دەبڕێ و بۆ سەرامباڵ لە داوێنی سنوورەکانی ناوچەکەدا دەڕوات. نزیکەی 23 میلە و بوارەکان ئاسانە. سەرامباڵ ئاوێکی باشی هەیە. دوای یەك قۆناغ کە سەرامباڵ جێبهێڵێن، دەگەینە رێگەی ژێر چیای ئاربەبا کە لە مەرگەوە دێین. لە سەرامباڵەوە بۆ بانە نزیکەی 15 میلە، بەڵام رێگەکە زۆر باش نیە. لە بانەوە رێگەکە ئاوی بانە دەبڕێ و

بە هاوڕێكی بۆ چەند میلێك لەگەڵیا دەڕوات، ئینجا بەپێی ڕێڕەوی چیاكانی ناوچەكە بەرەو باكووری ڕۆژئاوا بۆ زێی بچوك و پێچدەكاتەوە بۆ سەردەشت. ڕێگەكە زۆر باش نیە، زۆر جار قۆناغێك لە نیوەی ڕێدا تەواودەبێت لە گوندێكی بچوكدا نزیكەی 20 میلە لە بانەوە. لە سەردەشتەوە چیاكان و تەواوی ڕێگەكە بۆ سابڵاخ سێ ڕۆژە. ئاوێكی زۆری هەیە. لە بانەوە بۆ سەردەشت 35 میلە. ڕێیەكی بچوك هەیە لە سەردەشتەوە بە قەڵاچوالاندا بۆ سلێمانی، ماوەكەی سێ ڕۆژە، بەڵام زۆر سەختە.

## ڕێگەی بیستەم

## بانە بۆ سنە

ئەم ڕێگەیە هەرچەند لە ناوچەكەدا نیە، بەڵام گرنگە كە تێبینی بكرێت. لە بانەوە ڕێگەكە بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ چیای كەلی باڵین و ڕێڕەوەكە دەبڕێ. قۆناغێك لە میكدا دەكات، ئەوەش نزیكەی 20 میلە و بەپێی بوارەكان هەشت سەعاتێكی پێدەچێ، 9 میل لە ڕۆژهەڵاتی میكەوە لە گەڵ ڕێگەی سەرەكی تەورێز بۆ سنە یەكدەگرن و لە كانی شیرە پشوو دەدرێ، لەوێشەوە بۆ سنە سێ ڕۆژەڕێیە.

## ڕێگەی بیستویەكەم

## مەریوان بۆ پاوە بۆ كرماشان

ڕێگەی مەریوان بە گشتی بەناو خاكی ئێراندا دەڕوات و لە لایەن خەڵكی ناوچەكەوە زۆر بەكاردێت. دوای مەریوان بەشێكی بەناو گردە نزمەكانی هەوراماندا بەرەو دۆڵی

شیروان دەچێ بۆ باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات. هەندێ جار قۆناغێك بە 12 میل دەبڕدرێت، لە مەریوانەوە لە یەکێ لە گوندەکانی هەوراماندا، بەڵام بە ئاسایی ڕاستەوخۆ دەچێ بۆ دوورود (دووڕووە) ئەو گوندەی کە دەکەوێتە سەر خاڵی یەکگرتنی ئۆهەنگ و جۆگای شیروان. پاشان بەرەو بەرزبوونەوە دەچێ، ڕێگەکە لێرەوە دوادەکەوێت بەهۆی ئەو یەك دوو ملەیەوە کە هەندێ سەغڵەتی پەیدا دەکات. لە دووڕووەوە قۆناغێك بە کەنارە پێچاو پێچەکانی شیرواندا دەڕوات و پاشان لوتکەکانی باشووری هەورامان دەبڕێ و بەرەوخوار بۆ دۆڵەکە و لەوێشەوە بۆ پاوە.(بڕوانە ڕێگەی 15) ئەم قۆناغە کێشەیەکی ئەوتۆی تێدا نییە، قۆناغی داهاتووش لە پاوەوە بۆ ڕەوانسەرە، ڕێگەکە بە دۆڵێکی تەسکا بۆ سەرەوە دەچێ و ملەی پڵنگان دەبڕێ و شۆڕ دەبێتەوە بۆ ڕەوانسەر لەسەر لاکەی تری، هەندێ سەختی لەم قۆناغەدا هەیە و دوابەشی بەردەڵانە. ئاو لە جۆگە و گوندەکانەوە دەست دەکەوێت، لە مانگەکانی وەرزی زستاندا بوارەکان بە بەفر گیراوە و ڕێگە نزمەکە لە جوانرۆوە بەکاردێ. ڕەوانسەر گوندێکی گەورەیە و شتومەکی لەوانەیە تێدا دەسکەوێت. لە ڕەوانسەرەوە بۆ کرماشان یەك قۆناغە، بە درێژی و زۆر بەشی، بە ناوچەی ڕووباری قەرەسودا لە کرماشان دەشتێکی تەختە.

مەوداکە لە مەریوانەوە بۆ دووڕوە 30 میلە، لە دووڕوەوە بۆ پاوە 20 میلە، پاوە بۆ ڕەوانسەر 29 میلە، و ڕەوانسەر بۆ کرماشان 30 میلە.

## ( 1 ) تێبینیە گشتیەکان

ڕێگاوبان هەروەك لە هەموو کوردستاندا هاوشێوەیە و پێداویستی کردویەتی بە ڕێگە و چەند سەدەیەکە بە هەمان ڕێگەدا هاتوچۆدەکرێ، تەنیا لە بانە نەبێت کە هەولێکی کەم بۆ دروستکردنی ڕێگە لەسەر زەویەکی زۆنگاو بە ناو دۆڵا دراوە. ئیدی لە هیچ شوێنێ نیشانەی ئەوە نییە کە هەوڵی دروستکردنی ڕێگە درابێت، لە پشتی هەڵەبجەوە پردێکی کۆنی داڕوخاوی لێیە، لەوانەیە پردی سەردەمانی زۆر کۆنی 1500 ساڵ بەر لە ئێستا بێت. هەڵەبجە و شارەزوور دوو شوێنی زۆر گرنگن و دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی شاری حەلوان، کە لەژێر دەسەڵاتی ساسانیەکاندا گەشەی کردبوو.

کەر بە شێوەیەکی مامناوەندی بۆ کاروانی بەکار دێ، هێستر زۆر کەمتر بەکار دێ، جگە لە ڕێگەی نێوان سلێمانی بۆ بەغدا و کەرکوك بۆ بەغدا کە کاروانیەکان زیاتر وڵاخی بەرزە بەکار دێنن. باشترین هێستر لە وڵاتی ئێرانەوە دەهێنرێت و لە لایەن وڵاخدارانی سلێمانی و کەرکوکەوە کە دەچن بۆ ئەوێ دەیکڕن؛ هەروەها باگیر و ئەسپیش لەناو کارواندا بەکار دێن، بەڵام ئاژەڵەکانی تر لە وڵاتی ئێران کەمترن. نرخی هێستر و ئەسپ زۆر گرانە، وشترکاروان زیاتر لە نێوانی کەرکوك و بەغدا و کفری و بەغدادا بەدی دەکرێت و ئەویش زۆر دەگمەنە. لە نێوانی سلێمانی و

کەرکوکدا، سروشتی ناوچەکەوە رێ لە بەکارهێنانی وشتر دەگرێت. رێگەکە بۆ بەکارهێنانی عارەبانە بۆ هەر حوکومەتێ، ئەوەش کە تورکەکانە دەگونجێ. لە بەینی:

(ا) هەولێر بۆ ئاڵتون کۆپری بۆ کەرکوک و کفری،

(ب) کەرکوک بۆ سلێمانی،

(ت) سلێمانی بۆ شارەزوور (هەڵەبجە)،

(ج) کەرکوک بۆ کۆی سنجاق.

بە گوێرەی رێگەی ئاسنەوە، ئەگەر بکرێ دەتوانرێ لقی لە بەغداوە بۆ ئەم ناوە و بەتایبەتیش بۆ کەرکوک و ئاڵتون کۆپری و هەولێر لێبکرێتەوە. هەرچەند کێشە و دژواری هەیە، یان خەرجێکی زۆری دەوێ تا زیاتر بەرەو رۆژهەڵات بیگەیەنیت. چونکە زەوی لە ناوچەکەدا لە 1000 پێوە بۆ 5000 پێ، بۆ ماوەی 60 میل لەسەر هێڵێکی راست بەرزە و بەرەنگاری چیای سەیر و لێژبوونەوەی توند بۆ ناو دەشتەکانی نێوانیان دەبێتەوە، کە نایەڵێ بیگەیتێ، جگە لە ناوچەی باکووری رۆژئاوا و کۆتایی باشووری رۆژهەڵات. پاش ئەوەش ناوچەکە زۆرجار تەنیا لە سەر زەوی شاخاوی و داڕوخاو بە دۆڵەکان بەش بەش کراوە.

## بارهەڵگرتن بەئاودا

له ئاڵتون كۆپریەوه به كەڵەك هاتوچۆیەكی گەوره دەكرێ، كه پێهاتووه له پێستەی فوتێكراو و گورگه یان دەستەكی رێك، كه بەرەوخوار بۆ بەغدا دەڕوات و پێنج تا نۆ رۆژ دەخایەنێ، ئەویش بەپێی وەرزەكان. له رووباری سیروانیشدا له داوێنی هەوراماندا دەكرێ كەڵەك بەكاربێت، بەڵام هەوڵی بۆ نەدراوه. نرخ و رێژەی گواستنەوه و درێژەی ئەم كورتەیه له پاشكۆی دووەمدا دەخوێنیتەوه.

## ( 2 ) هێزی سەربازی له ناوچەكەدا

ئەمه زیاتر تاكی شەركەر بەرچاو دەگرێ، كه ناچێته ناو لیستی تیپەكانی سەربازیی توركەوه.

هێزی خێڵەكان بەم جۆرەیه:

| | | |
|---|---|---|
| شوان | هەورامان | پشدەر |
| هەمەوەند | مەریوان | بانه |
| رانیه | شەرەفبەیانی | جاف |

لەگەڵ ئەوانەشدا وڵاخدارەكانی كەركوك و هەڵەبجه و عەبابەیلێ له كوردانی نیشتەنین.

## شوان

ئەم خێڵە دەوڵەمەند و نیشتەنیە، کە بەرگری لە هەموو هێرشێکی خێڵەکانی دەوروبەری خۆی دەکات و کردوشێتی، ئێستاش دەتوانێ نزیکەی 500 جەنگاوەر بە تفەنگە مارتینیەکانیانەوە کە لە سلێمانی دروستکراوە بنێرێتە گۆڕەپانی شەڕەوە. توانای جەنگاوەری خێڵەکە دەڵێن: لە خوار توانای جارانیانەوەیە. هەمەوەندی دراوسێی باشووریان چەند ساڵێك دەبێ سەغڵەتیان ناکەن.

## هەمەوەند

خێڵێکی بچوکە و سەرجەمی هێزەکەیان بە 250 سوار دادەنرێت، بە چەکی ماوزەڕ (10 گولە) چەکدارن، کە لە هێزەکانی تورکیان گرتووە. لە رووی ئازایەتیەوە هاوشێوەیان لە کوردستاندا نیە. لەگەڵ ئەو 250 ماوزەڕەی بە سوارەکانە، ژمارەیەك مارتینی و چەکی ماوزەڕی تریشیان هەیە، لە کاتێکدا فشاریان لەسەر بێت، ژنەکانیشیان زۆر ئازایانە دەجەنگن و تفەنگیش بە باشی بەکار دەهێنن.

## رانیە

ناوچەیەکی گەورە و خێڵە کوردەکان تێیدا نیشتەجێن، دەڵێن لە توانایاندایە هێزەکەیان بە چەکی مارتینیەوە بگەیەننە 300 سوار.

## پشدەر

خێڵێکی شەڕانی کوردەکانی موکریانن، کە هەرگیز لە چیاکانی سەر سنووری خۆیان دەرناکەون. بە چەکی مارتینی کورت چەکدارن، کە لەو بڕوایەدا نین ژمارەیەکی زۆری لێدروست کرابێت. ئەوان زۆر لە خێڵە کوردەکانی دانیشتوانی رانیە و مەرگە دەترسن.

## بانە

ئەم خێڵە ئێستا زۆربەیان، جگە لەو بەشەی بەرەو سەقز لە دەرەوەی ناوچەکەدا نیشتەجێن. وەکو هەموو خێڵە کوردەکانی موکری کە لقێکی سەرەکی بوون، ئەمانیش ئازان و هێزەکەیان وا چاوەڕوان دەکرێ بە شێوەیەکی زۆر جیاواز بەرزبێتەوە. پیادەکانی بەرەو زۆری دەڕۆن و بە چەکی مارتینی چەکدارن و شەڕکەرێکی باشن.

## جاف

ئەمە گرنگترین خێڵن لە ناوچەکەدا و سەرتاپای رەوەندن. مەحمود پاشا سەرۆکە و لەگەڵ خێڵەکەدایە، لەو حاڵەتانەدا دەتوانرێ 5000 پیاوی هەڵکەوتو بنێرێتە گۆڕەپانەکەوە، هەروەها جۆرێتی شەڕی خێڵەکیان ناودارە و وڵاتەکەیان بە سەربەستی هێشتۆتەوە.

## هەورامان

بەشی یەکەم: هەورامانی سوڵتان جافر، کە چەند سوارێکی هەیە و لەوانەشە بتوانێ 50 سوارێك بخاتە گۆڕەپانەکەوە.

بەشی دووەم: هەورامانی شاهی، کە لە خاکی ئێراندایە و خێڵێکی تەواو بەهێزن و ناوبانگی جەنگاوەری توندوتیژیان هەیە. زۆربەیان پیادەن، بۆ سەرکەوتنی شاخە سەختەکانیان زۆر جار وڵاخ بەکار ناهێنن. ژمارەی پیاوە چەکدارەکانی ژێر دەسەڵاتی علی شا بە 500 کەس دادەنرێ، بەڵام لەوانەیە ئەوە ژمارەیەکی تەواو نەبێت.

## مەریوان

بەگی مەریوان هێزێکی بچوکی سوارەی هەیە، نزیکەی 150 کەسێ لەم دواییەدا لە بەرەنگاربوونەوەی شای هەورامی بەکارهێنران. پیاوە شەڕکەرەکانی هەردوو خێڵەکە شەڕێکی دڕندانە و کێوی دەکەن. ئەم ساڵ 1909دا شا عەلی، خاکی تورکیای داگیر کرد و دوای ئەویش مەریوان، بۆیە شەڕێکی زۆر سەخت بەرپابوو، نزیکەی 100 کەس کوژراو و بریندار هەبوو.

## شەرەفبەیانی

ئەمە خێڵێکی بچوکە لە ناوچەی ئێراندا، لقێکن لە خێڵەکانی جاف، خۆیان دەڵێن نزیکەی 120 سواریان بە چەکی مارتینی و جۆری ترەوە هەیە و لەژێر فرماندەی عەزیز بەگی سەرۆکیاندان.

## وڵاخدارە کەرکوکیەکان

ئەمە هێزێکی گەورەی جێگیری تورکومانە، توندوتیژن، خەڵکی جەنگاوەرن، هەر هەموویان چەکدارن، لە بەرەنگاربوونەوەی عەرەبەکان ناترسن، لەسەر رێگەکەیان بۆ بەغدا کۆدەبنەوە. کاروانی کەرکوك بۆ بەغدا تایبەتە تەنیا بە وڵاخدارە تورکومانەکانەوە، کە زۆرجار ژمارەیان دەگاتە 200 چەکدار و دەست لە پەیوەندیکردن بە دز و جەردە و پیاوکوژەوە ناپارێزن.

## هەڵەبجە و عەبابەیلێ

لە شوێنەکەی پێشوی وەسمان پاشا و عادیلە خانمی خێزانی، پەنجا سوارێکیان هێشتۆتەوە، ئەبابەیلێش خەڵکی بە توانا و شەڕەنگێز لە وڵاخدارەکان دەنێرن، زۆر جار شەڕ لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەریان دەکەن. لەم دواییەدا زۆر باش چەکدار کراون و ئەوانەشیان کە چەکیان نیە زۆر خۆشحاڵن کە لە تێکرژاندا دەستەویەخە بە چەقۆ شەڕ بکەن.

گوندەکە لەژێر دەستەڵاتی وەسمان پاشادایە و ئەم هاوینە ناکۆکیەکەی ئەبابەیلێ لەگەڵ شارەزووردا بەرزبۆوە، زۆر گەورە بوو، کە دەبوو بەتایبەتی بە 200 سوارەوە لە تەوێڵەوە بچێ بۆ دامرکاندنەوەی ئاژاوەکە. بەرلەوەی هێمنی بگەڕێتەوە ژمارەیەك کوژران.

ئەوەی پەیوەندە بە بەرفراوانی شەڕکردنی کوردەکانەوە بەگشتی ئەوەیە: بەڵام تەنیا بۆ ئەوەی هەندێ زانیاریی گشتی باسبکەین، کە لەوانەیە وەڵامی ئەو

تۆمەتانە بێت کە دژیان دەوترێ. گوایە پێیان دەوترێ کە( ئەوان زیاتر خۆیان لە پاڵ بەردەکاندا دەپارێزن، کەمتر خۆیان دەردەخەن، چونکە لە کاری چڕ و تێکرژان و دەستەویەخەدا بێکەڵکن وخۆهەڵکێش و ترسنۆکن، ناتوانن بەرگەی هیچ بەرامبەرێکی بەهێز بگرن.)

سەرەتا پێویستە، هێمای ئەوە بکەین کە ئەو شتانە بۆچوونی گەڕۆکەکانە و ئەوانەی هاتونەتە ئەم وڵاتە و بێرەدا تێپەڕیون، ئەوانە لە رووی سەربازیەوە شارەزاییان نەبووە و ناشزانن بۆ ئەوەش ژمارەیەك هۆ و هۆکاری خۆی هەیە. گوللە لەسەرەوە و لە هەرچوار لاوە نیشانە دەگرێتەوە، پاشان دوای دەکەوێ و بەتوندی بەرەنگاری دەبێتەوە کاتێ بەرگری دەکات. بەداخەوە وەکو ئەو کەسانەی کە لە تێبینیەکانیاندا ناتوانن خۆیان دوور بگرن لە گاریگەری تر، زۆرتر بە تایبەتی ئەوانەی کە لە راکانیاندا هاوبیری کەسانی پێشوترن و بۆچوونی کەسانی تر وەك دەربڕینی رای خۆیان دیاریدەکەن. **لۆرد کۆرزن**، ئەوکەسەی کتێبەکەی بەوپەڕی ئاگاییەوە لەسەر وڵاتی ئێران کۆکردۆتەوە، بە باشترین سەرچاوە لەسەر هەر بەشێکی بابەتەکەی دەدوێ و دەڵێت*: ( ئەو خەڵکانە بەگشتی باس لە شتەکان دەکەن...وەکو ئەوەی کە کوردەکان هەموویان دز بن، یان لە هەموو بەشەکان زاڵم ترو دڕەندەتر بن، ( لە رووی کەسایەتییانەوە هەموو کۆمەڵێك لەناویاندا لە دزەوە بۆ سەرۆکی نمونەیی، بۆ جوتیاری بێوەی، بۆ جەنگاوەری قارەمان، بۆ کۆیلەیەکی کلۆڵ هەیە، ئێمە ئەگەر ئەوانە باشتر بناسین، ئەو بۆچوونانە بە درۆدەخەنەوە کە

* بە فارسی کارسنە و قەوارەی A و 552 لاپەڕەیە.

ئاسایی نین یان بیرتەسكانە و بێبەزەییانەیە. بەڵكو ئەوە دەسەلمێنن كە خاوەنی **هە**ستی میوانداری و سادەوساكاری و گیانی ئازایەتی بەرزن).

(پێشتر میللەتی كورد فرمانڕەواییەكی بەهێزی كردووە، بەڵام نوچدان و سەرنەكەوتنیان ئەو هۆیە نیە كە بۆچی نابێت ببنە كۆمەڵگایەكی رێكوپێك.ئەوە زۆر بەكەڵكترە لەوەی بە مەبەستی دوژمنایەتی، بكرێنە دەعبا و دێو و دڕەندە بۆ ترساندنی مژدەدەران و گەشتیاران و هەست بریندارکردنی خوێنەرانی (دەیلی نویس) هەواڵەكانی رۆژانە...)

كوردەكانی بەشی ئێران* كە شارستانیترن، چەند تیپێكیان لەناو ئۆردوی ئێراندا هەبوو، یەكێك لەو تیپانە لە ناوچەی گۆران بۆ ماوەی دوو ساڵ 1836–1834 لەلایەن **سێر هێنری راولینسۆنەوە** فرمانڕەواییان كراوە.)

سەربەخۆیی كورد و بێ یاسایی تێكەڵاوكردنی هاوتایی بە ئاسایی زۆر دەستدرێژكەرە لەسەر مافی زەوتكراویان، جگە لەلایەن خەڵكانی خۆیانەوە، فریودان و سەرشۆڕكردنیان ئەنجام دراوە، بەتایبەتی لە توركیادا، كە چەوسانەوەی رەگەزایەتی زۆر جار لە سۆزی ئاینی بەهێزترە و سامناكترین نوچدانە. چارەسەریان بۆ هەموو شتێك بانگی چەكە، و رێنمایی لە هێمای ناپلوێنە بۆ دابینكردنی باری ئاسایشی خۆیان. چونكە ئەو چەوسانەوە و دەستگرتنە بەسەر گیانی ئازادی و سەربەستییاندا لە لایەن توركەوە، هانیان ئەدا كە یاخی ببن و بە ئاشكرا بەروویاندا هاوار بكەن.

* بە مانایەكی تر توركە كوردەكان.

بە دەستوری بیرتەسکانەی تورکیا و رژێمی گەندەڵی سەربازییان، جوتیارە تورکەکانیشیان تەواو بێمێشك کردووە، نەیانتوانیوە کوردەکان دابین بکەن، کە خاوەنی هەستی بەرز و هۆشیارین و رێکیانبخەن. تیپەکانی حەمیدیە چاکترین نمونەیە، کە سەرنەکەوتنێکی دیار و ئاشکرایە، یەکەم، تا تورك بکرێ بە بەرپرس و سەرۆکی کوردەکان تەنیای رێی ئەوەی پێبدرێ کە منالّ و پیاوی پیر لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، لەو لاشەوە کاتێ نوسینگەکانی تورك کە پێکهاتبوون لە پیاوانی خانەنشینی تورك، هەستیان بەوە کرد کە ئەوە سەرئێشەی زۆریان بۆ دەهێنێ، ئیتر پەیوەندیان کرد بە سەرۆکانی کوردەوە و چەکەکان و تیپە تورکیەکانیان بەکارهێنا دژی یاسا و رژێمی تورکیا و چەکەکانیان دایە دەست پیاوە شەڕکەرەکانیان.

میللەتێك بە تاکایەتی خۆی و بە کەسایەتییەکی پڕ بەهرەی بەرز، کاریگەری هێز و هۆشیاری تاك، تایبەتمەندی جیاکەرەوەی، رێڕەوی تورکیش لە رێکخستن و مەشقکردندا ئەوەبوو، وایکرد کە شێوەی شەڕکردنیان زۆر شێتانە و تەتەرئاسا قارەمانانە بێت و کەسایەتیی تورکیش دۆڕاو و ملکەچ.

کورد پاڵاوتەی ئارییە پوختەکانن، هەموو رێزێکی تاکایەتیی خۆیان هەیە و بە بێئاگا یارمەتیدەرن لە گۆڕینی کەسایەتیی فارسدا. لەبەر ژیانی پڕ مەترسیان لە نێو چیاکانی خۆیاندا، پەنادەبەنە بەر هەموو بەرد و دارێك بۆ خۆپاراستن لە دوژمن، ئەم کەسایەتییە تا رادەیەکی زۆر بەرز پەرەدەسێنێ بۆ بەربەستی یارمەتیدان، جگە لەوەی لەناو خۆیاندا و لە دژایەتی شەڕی خێڵەکیدا هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا نزیکایەتیەکی تایبەت هەیە، کە لەسەری راهاتوون، ئەویش ملکەچی کوێرانەیە بۆ ئەو سەرکردانەی کە دانیان پێداناون وەك سەرکردەی جەنگ، ئازایەتی* و تاکتیك و دابونەریتی نیشتمانی کە تا ئێستاش، من بە راشکاوی دەیڵێم: بۆتە کولتوور و شانازییەکی دەگمەن لە سەرۆکەکانیاندا.

کوردەکان ( من لێرەدا زیاتر باسی کوردەکانی باشوور و کوردی ناو ئێران دەکەم) هەرگیز بەرگەی فرمانی سەرشۆڕی ناگرن، چونکە ئەمە کلتوریانە، کەلۆڕەکان بەهێزترین و شەڕەنگێزترین خێڵن، کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئەو شەڕەی ئەوانم بیستووە لەگەڵ شاە تەهماسی سەفەوی، بەو پەڕی نائومێدیەوە، لەم دواییەدا هاوفرمانی داود خانیان بە تەواوی پەسەند کرد، کە یەکێك بوو لە کوردە سادەوساکارەکان و پاشان لای خۆی دایمەزراند و کەڵکی لە زانیاری و شارەزایی ئەو وەرگرتووە.

فارسەکان هەمیشە زیاتر لە تورکەکان کەسایەتیی کوردیان ناسیوە، ئەوەش ئاساییە کە ئەوان زۆر دوور نین لەیەکەوە، وەك ئینگلیز و خەڵکی سکەندینافیا، هەمیشە نزیکبوونەوە لە لایەنی کوردەکانەوە بووە، تەنانەت کە سیاسەتی لەیەکپچڕان هاتە کوردستانەوە، فارسەکان تا ئاستێکی فراوان تێکەڵی دەستوری خێڵەکان بوون و بۆ بەرژەوەندی خۆیان لە نوسینگەی کارگێڕی خۆیاندا بەکاریان دەهێنان و فارسەکانیشیان لە پۆستە نزمەکاندا دادەنا.

---

* من لێرەدا باسی ووشەی ئازایەتی دەکەم، کە کوردەکان خۆیان دەیگێڕنەوە و منیش بینیومە، ئازایەتیەکی زۆر بەرز ، بە تایبەتی لەو سەرگوزەشتانەی دەیگێڕنەوە و دەمەتەقێ هەڵناگرێ.

ئەم سیستمە کە کوردەکان زۆر پێیان دەزانی، بەرەو داڕوخان و رۆژی رەش چوو، لە ماوەی دوو دەیەی رابردودا و تا ئێستاش، بە رادەیەکی دیاریکراو و لەگەڵ ئەو کارە چاکانەی کە ئەوان کردویانە و لەژێر فرمانی ئەواندا کوردەکان هێزێکی شەڕکەری گەورەیان لەناو سەربازەکانی ئێراندا دروستکرد.

شا عەباس لەو بڕوایەدا بوو کە سەرۆك و خێڵی موکری هۆی نیوەی سەرکەوتنەکانی ئەو بوون، بە هەمان شێوە نادر شا، دڵسۆزی کوردە موکریانی و ئەردەڵانیەکانی دەنرخاند. کوردەکان سۆزێکی رەگەزایەتیی تایبەتیان هەیە و هەمیشە یارمەتی گەرموگوڕیان لێ چاوەڕوان دەکرێت، هەرچۆن ئەوەش سەلمێنراوە، کاتێ کوردەکان لە ناو هێزی ئەحمەد پاشادا رازی نەبوون بەوەی دژی ئەشرەف ئەفغانی و فارسەکان لە سەدەی هەژدەیەمدا بجەنگن.

ملکەچی کوێرانەیان بۆ فرمانی سەرکردەکانیان زۆر سەیرە، ئەم ساڵ گروپێکی 10 کەسیم بینی لەو کوردانەی لە شەڕ گەڕابوونەوە، کە خۆیان پەنجا شەڕکەر بوون و لە شەڕ و تێکرژانێکی سەختدا پەکیان کەوتبوو، منیش پرسیارم لەبارەی هۆی شەڕەکە کرد، کەس نەیدەزانی، وەڵامەکەیان تەنیا ئەوەبوو، سەرۆکەکەمان پێی وتین کە بچن لەگەڵ پیاوەکانی حەمە بەگدا شەڕبکەن و ئێمەش کردمان.

لەگەڵ ئەم جۆرە خەڵکەدا بێگومان دەتوانرێ کەڵك لە توانای سەربازییان وەرگیرێت، کاتێ لەژێر فرمانڕەوایی ئەوروپیەکان، یان کورددا بن. ئەوان دەزانن ئەگەر ئازا و کوڕی رۆژی تەنگانە بن، رێزیان دەگیرێ، ئالێرەدا شوێنێکی شیاونیە، ئەگەر هێما بکەم بۆ ئەوەی کە بونیەی لەشیان توندوتۆڵە و وڵاتەکەیان سارد و

شاخاوییە، شیریان کەم شەکرە، نانی گەنم و گۆشت*، بەڵام هەگیز زیز نابن لەوەی کە بۆ ماوەیەکی نادیار تۆزێ نانی جۆ و رۆنەکەرە بخۆن، نەخوشییان زیاتر بەهۆی جوتبوونەوەیە، خراپەکاری و شەرواڵ پیسی لە ناو کوردەکاندا کەمە، لە زووربەی دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا وشەیەك نیە بۆ (قەحبە) بەکاری بهێنن، ئەوەی باسکرا حەقیقەتی شاخ و گوندە بەتایبەتی، سەرەڕۆیی و بێ رەوشتیش لە ناو شارو شارۆچکەکاندا وەك هەموو رەگەزەکانی تر وەهایە.

سەلیقەی رەوت و دیدیان تا رادەیەکی زۆر لە گۆڕاندایە، بە ئاسایی شانازی بە کاروپیشەی رۆژانەیانەوە دەکەن و شێوەی پەیکەری جەستەیان وەك پیاوێکی وەرزشەوانی ئینگلیز وایە، ماسولکەکانیان بە شێوەیەکی بەهێز پەرەی سەندووە و ئێسکیان گەورە و تۆکمەیە و بە توانا و سەنگینن، تەنانەت لەناو کوردەکانی ناو شار و شارۆچکەکانیشدا هەمان شێوەیە.

* لێرەدا باسی باشترین جۆرەکانی کورد دەکەم لە شەڕ و نەبەردا

# بەشی دووەم

## خێڵەکانی سەر سنووری کوردستان

لێرەدا زیاتر مەبەستمان هێماکردنە بۆ سنووری خێڵەکان، کە کەوتونەتە سەر، یان نزیك سنووری وڵاتی ئێران و تورکیا، تا سنووری روسیا لە ئارارات بۆ گەیلان، باشووری رووباری حەلوان، کە دوا پنتی باشووری کوردەکانە. ئەو خێلانە لە ژێرەوە تێبینی کراون و ئەوانەی زۆر لە داوێنەوەن، جێگاکانیان لەم بەشەدا لەسەر نەخشەکە دیاریکراوە. دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ کە سنوورەکان بە پێی کات و سەردەم بە هۆی رێکەوتنەکانی نێوان خێڵەکان یان ناکۆکی، یان زۆرجار بۆ رێکخستن دەگۆڕێ، بەڵام هەرچۆنێ بێت دیاریکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ لە خێڵەکان هەواری زستانە و هاوینەیان لە پارچە زەویە دوورەکان هەیە، یان بە زەویەکی بێ لایەن، یان بەو ناوچانەی کە سەر بە خێڵەکانی ترن، لە یەك جیاکراونەتەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1. حەسەنانلۆ | 9. جێلۆ | 17. بلْباس | 25. شەرەفبەیانی |
| 2. سپیکانلۆ | 10. شەمزینان | 18. رانیە | 26. باجلان |
| 3. خۆراسانلۆ | 11. ئۆرامەر | 19. مەرگە | 27. سنجابی |
| 4. حەیدەرانلۆ | 12. زێباری | 20. بانە | 28. رێژاو |
| 5. شوکاك | 13. موکری | 21.شوان | 29. ئەحمەدوەند |
| 6. قەرەپاپاخ | 14. مامەش | 22. هەمەوەند | 30. گۆران |
| 7. برادۆست | 15. مینکری | 23. جاف | 31. ئۆرامان |
| 8. هەکاری | 16. پشدەر | 24. سولاهی | 32. مەریوان |

## حەسەنانلو ( سونی )

ئەمە یەکێکە لە گەورەترین خێڵە گشتیەکانی کوردانی باکوور، کە بە خۆیان دەڵێن (کرمانجی) و سەختترین دەنگی زمان دەدوێن، ئەمە لەگەڵ حەیدەرانلو، سپیکانلو، خۆراسانلو، جبرانلو، زرکانلو، ئادەمانلو و زیلانلودا خێڵە سەرەکیەکانی بەشی باکووری رەگەزی کوردەکان پێکدەهێنن، کە بە ئاشکرا لەگەڵ کوردەکانی باشووردا، حاڵەتەکانی هاوشێوەیی و جیاوازی لە سیما و روخساری نمونەیەی هەر هەموویاندا دیارە. سوڵتان عەبدوالحەمید چەند تیپێکی حەمیدیەی لەم خێڵە پێکهێنا، کە بە هێرش و تالانی بەرفراوانیان زۆر ناودار بوون، بنکەی ئەم تیپانە لە میلازکارت بوو لە وڵاتی حەسەنانلو، رەوەندەکانی ئەم خێلە یان باشتر بڵێین، خێڵە سەرەکیەکە دانەدەبەزینە دەشتەکانی ئێرانەوە، بەڵام سوارەکانیان هێرشیان دەکردە سەر گوندەکانی ناو خاکی ئێران.

**سپیکانلو (سونی)**

ئەمە لقێکە لە حەسەنانلو، کە بە دەوری بایەزیددا درێژدەبێتەوە بۆ رۆژئاوای خاکی تورکیا و هەندێ چیاش لە سەر سنووری ئێران داگیر دەکات. سنووری سروشتی لە ئاراراتەوە لە باکووردا بۆ باشووری چیای تەندوراك شۆڕدەبێتەوە بۆ خاکی ئێران لەسەر درێژایی دۆڵەکان بە رێی بایەزید بۆ خۆی و بۆ ماکۆ تێدەپەڕێ، ئەم خێڵە سێ تیپی هێزی حەمیدیەی پێکهێناوە.

## خۆراسانلو ( سونی )

ئەم خێڵە بچوكە خاكی باكووری ناوچەی سەڵماس داگیردەكات و لقێكە لە حەسەنانلو، ناوەكەیان لە بنەڕەتدا لە ناوی شوێنەكەیانەوە هاتووە، كە شاخێكە لە سەرو خۆراسانەوە و گوندێكە لە دۆڵی ئاراس، ڕۆژئاوای یەریڤان. ئەم خێڵە لە ناوچەی ئێراندان و بەفرمانێك لە خاكی روسیاوە گواستویانەتەوە، وەك دەڵێن: لە هێزی روس هەڵهاتون، بەهۆی ژمارەیەك سەرپێچی لە دژی داواكاریەكانیان. خاكەكەیان بۆ سنووری توركیا درێژ نابێتەوە.

## حەیدەرانلو ( سونی )

دوای حەسەنانلو، ئەم خێڵەیە كە لقێكە لەویش، لەوانەیە حەیدەرانلو بەهێزترین خێڵ بێت لەسەر سنووری ئازەربایجان، بنكەكەیان لە ناوچەی توركیادایە. ئەم خێڵە بە پەیمانێك ملكەچە بۆ فرمانەكانی توركیا، كە بەرپرسیارە لە هێرشەكانی. **باش قەڵا** لە ناوچەی توركیا پەناگای سەرۆكی ناوخۆی حەیدەرانلویە، خێڵەكە بە پەلامار و هێرشكردن ناسراوە، چەند تیپێكی لە هێزی حەمیدیە پێكهێناوە.

## شوكاك یان شقاق ( سونی )

ئەم خێڵە بە رێكوپێكی بەسەر هەردوولای سنووردا دابەش بوون، لە هاویندا ناوچەی ناڵەشكێنەی چیاكان لە باشووری ڕۆژئاوای سەڵماس، لە زستانیشدا دادەبەزن بۆ دەشتەكانی سەڵماس، هەروەها بەشێكی دیاریكراویش دەچن بۆ باش قەڵا، كە ناوچەیەكە لە خاكی توركیادا. بەشێكی تریشیان لە خاكە شاخاوییەكانی

خەڵکی برادۆست دەگیرسێنەوە. دەڵێن خێڵەکە لە حەسەنانلو جیابۆتەوە، بۆیە ناو نراوە شوکاک*، ناو و ناوبانگێکی تەواو خراپیان هەیە، ئەویش زیاتر بەهۆی دزی و جەردەییەوە، کە لە بڕینی سنوورەکاندا کارامە و لێهاتون. یەکێ لە سەرۆکەکانیان چەند ساڵێك بەر لە ئێستا لە تەورێز کوژراوە.

## قەرە پە پاخ ( شیعە )

رەگەزی ئەم خێڵە تەتەرە، لە ناوچەیەك لە خاکی نێوان دەریاچەی ورمێ و برادۆستدا نیشتەجێن و بە جۆرێتیی شەڕکردن بەناوبانگن.

## برادۆست ( تێکەڵ )

ئەمە ناوچەیەکە لەسەر سنوور، کە دانیشتوانێکی تێکەڵی تیادا دەژی.
قەرەپەپاخ کە (تەتەرن) لە دەریاچەی ورمێ و کوردەکان کە زۆربەی دانیشتوان پێکدەهێنن، کەمێ دەچن بەلای ناوچەی تورکیادا، بەڵام دانابەزن بۆ دۆڵی زێی سەرو. ناوچەی برادۆست، جگە لە دانیشتوانەکەی بە هێڵێك سنووردارە کە بە نێوان دوو گوندی پەیزێرچەی ئێرانی و تورکیدا لەدوای یەك تێدەپەڕێ و هەروەها بە هێڵێکی سنووری،کە ناوچەکە شوکاك و کوردە رەوەندەکانی تری تێدا دەژی.

* دڵنیانیم لە راستی شیکردنەوەکە.

## هەکاری ( سونی )

ئەمە ناوی ناوچە و خێڵێکی گەورەیە، کە یەکێکە لە باشترین و ناودارترین خێڵەکانی کوردستان. لە ناو ئەم خێڵەدا نووسەری پایەبەرز و شۆڕشگێڕ و پیاوی ئاینی هەڵکەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ بێبەشە لە شکۆ و بەرزیی رابردووی، ئەویش بەهۆی خیانەتی تورکەکانەوە کە لە ساڵی 1849دا سەرۆکەکەیان گرت و کوشتیان. دوای حەسەنانلۆ ئەم خێڵەش هێرشکەرێکی لێهاتووە و بەهێزترین خێڵی کوردستانی تورکیان، خاکەکەیان جەزیرەی ئیبن عومەرە و بۆ سەرچاوەی زێ لەسەر دیجلە درێژدەبێتەوە. سنووری ئێستای خێڵەکان شاخەکانی باشووری دەریاچەی وان و سنوورەکانی یەك لە دوای یەکی باکوور و رۆژئاوای ئێرانە.

بەشی باشوور بەناو وڵاتی مەزنی کوردەکاندا بە رەواندزدا تا سلێمانی درێژدەبێتەوە، کە ئەم ناوچەیە لەژێر فرمانڕەوایی ئاغاکانی کۆی سنجاق و رانیە و مەرگەدایە. ئەو ئاغا و بەگانەش بۆماوەی بنەماڵەیەکن لە کوردەکانی بەتلیس و سییان، کە ئیماراتەکانیان جەزیرە و ئامێدی و جولامارگە لە وڵاتی هەکاریدا.

ژمارەیەکی دیاریکراوی خێڵە سەرەکیەکەی هەکاری لە سنوورەکانی یەك لە دوای یەکی نێوان گوندەکانی دیزا و ورمێ دەپەڕنەوە. ئێمە بە هەرحاڵ لێرەدا زیاتر باس لە خێڵە ناوەندیەکانی هەکاری دەکەین، جەلو، شەمزینان، ئۆرەمەر و زێباری کە لەسەر، یان نزیك سنوورەکە دەژین.

## شەمدینان ( شەمزینان ) ( سونی )

کوردە رۆژهەڵاتییەکانی هەکاری دەکەونە سەر سنوور، لە باکوورەوە دەورەدراون بە ناوچەی برادۆست و لە کاتی کەش ساردیدا دادەبەزنە خوارەوە بۆ دەشتەکانی شنۆ. هەندێ بۆچوونی جیاواز لەبارەی بنەچەی ئەم خێڵەوە هەیە، کە لای هەندێك، ئەمانە لقێکن لە زازاکان، ئەو خێڵە گەورەیەی لە رۆژئاوای دووری وڵاتەکەدا دەژین.

## جەلو ( سونی )

خێڵێکی گرنگی ناوەندی هەکارییە، کە لە دەشتەکانی باشووری چیای جەلوداخدا نیشتەجێیە، کۆچکردنەکانیان بەرەو باکووری رۆژهەڵات تا سەرهێلی کێوی واردە درێژ دەبێتەوە.

## ئۆرەمەر ( سونی )

ناوچە و گوندێکی هەکارییە، لە هەموولاوە بە خێڵەکانی تری هەکاری دەورەدراوە، ئەمە جگە لە رۆژهەڵات، لەو شوێنەدا کە دەگەنە باکووری خێڵی ناوەندی مامەش. لە سالانی دوایدا ئەم خێڵە لە خاکی تورکیادا مابۆوە و زۆر لاواز بوو، بەڵام کاتی خۆی زۆر توندوتیژ بوون، عوبەیدوڵلای سەرۆکیان لە ساڵی 1880دا وڵاتی ئێرانی داگیر کردووە.

## زێباری ( سونی )

خێڵێکی بچوکی هەکارییە، کە لە خاکی تورکیادایە، نزیك رەواندوز و خۆیان لە چیاکان و دەشتەکان و زیاتر بەرەو باشووری رۆژئاوادا حەشارداوە.

## کۆمەڵەی خێڵە موکریەکان ( سونی )

ئەمە بەشێکی سەرەکیە لە خێڵەکانی مامەش، موکری و پشدەر. موکری وەك خۆی بەهێزترین خێڵی کوردی ناوچەی ئێرانە و بە چاکی دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتووە. فرمانڕەوایەکی بۆماوەیی لە سابڵاخ لەژێر دەسەڵاتی ئێراندا بەڕێوەی دەبات. دەڵێن: ئەم خێڵە بە زمانی پوخت و پاراوی کوردی دەدوێن، کە دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی کۆن. موکری یەکێکە لەو پینج ئیماراتە کۆن و ناودارانەی کورد: هەکاری، کرمانجی (حەسەنانلۆ...هتد)، موکری، ئەردەڵان و گۆران.

## مامەش( سونی )

ئەم لقە گەورەیەی موکری، بەشی رۆژئاوای کۆمەڵە چیایەکی گەورەی باشووری سابڵاخ داگیردەکات و لە زستاندا شۆڕ دەبێتەوە بۆ دۆڵی زێی خواروو. زۆر جاریش سنوور دەبڕێ و بۆ دەشتاییە نزمەکانی رەواندوز دەچێ. دانیشتوانی، کە لەوێدا نیشتەجێن بە گشتی موکرین. یەکێ لە شارە سەرەکیەکانی باشووری موکریان یان مامەش، سەردەشتە، کە دەکەوێتە سەر زێی بچوك، سنوور بەدرێژایی ئەم ناوچەیە لەگەڵ دابونەرێتی خێڵایەتیدا دەگونجێ، هەرچەند کەنارە بەرزەکەی زێ، شێوە بەربەستێك پێشان دەدات.

## مەنگوڕی ( سونی )

لقێکی بچوکی موکرییە، لە چوار بەش بەشێکی هاوینان لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی سابڵاخە و لە سنوور نزیك نابنەوە.

## پشتدێر یان پشدەر ( سونی )

خێڵێکی بچوکە و لە چیاکانی سەرو سەردەشتدا لە ناوچەی تورکیادا دەژین، بە ڕەگەز دەڵێن موکرین، بۆ دەشتەکانی مەرگە و ئاوی بانە لە خاکی ئێراندا دادەبەزن. بە خۆرێکخستن و دەسەڵاتی توند ناودارن، هەروەها دووری وڵاتەکەیان، لە هەموو سزایەك لە لایەن دراوسێ بەهێزەکانیانەوە، ئازادی کردوون و پاراستوونی.

## بڵباس ( سونی )

ئەم خێڵە لە ناو کۆمەڵە چیایەکدا دەژین کە پێی دەوترێ کاندڵ داخ، بەهۆی هێرشەکانیانەوە کە دەیکەنە سەر ئەو کاروانیانەی سەر ڕێگەی سابڵاخ بۆ ڕەواندوز، ناودار بوون. بەرلەوەی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران بۆ دەست بەسەراگرتنی ناوچە کوردیەکان لاواز ببن، لە خاکی ئێراندا زۆر بەرەنگاری خێڵەکانی موکری نەدەبوونەوە. بەڵام ئەوەش وەك یاسایەك ڕێز لە سنوورەکانی چیای سروشتی گیراوە.

## رانیە ( سونی )

رانیە، ناوچە و خێڵێکی نیشتەجێن و لە بنەچەدا لە رەگەزی پوختی کوردن.، پێش ئەوە سەردەمانێك لەژێر دەسەڵاتی ئاغایەکی رەواندوزدا بوون، فرمانڕەوا لابرا کاتێ کە ئەو بەشەی کوردستانی خستە سەر ویلایەتەکەی خۆی.

## مەرگە ( سونی )

ناوچە و خێڵێکی نیشتەجێیە، کە وەك زۆر لە خێڵەکانی تر تێکەڵن. گوندەکانی کوردەکانی مەرگە لەسەر سنووری ئێران نزیك بانەیە، بەڵام لە ئاوی بانە ناپەڕنەوە.

## بانە ( سونی )

خێڵێکی گەورەیە و ئێستا تەواو نیشتەجێیە، هاوپەیمانی هەردوو خێڵی موکری و ئەردەڵانی کۆنن. لە هەردوو بەری سنوورەوە گوندێکی زۆر هەیە کە سەر بە کوردەکانی بانەیە، زۆربەیان ئێستا خەریکە ناوی تایبەتی خێڵەکانی خۆیان بیر بچێتەوە.

## شوان ( سونی )

ئەم خێڵە لە بەشی یەکەمدا باسمان کردووە، نیشتەجێن و ناچن بۆ سەر سنوورەکانی ئێران، سنووری سروشتی خۆیان، کە کێوەکانی هەمەوەند و رووباری زێی بچوکە.

## هەمەوەند ( سونی )

هەمەوەند خێڵێکی بچوکە، بەڵام زریانێکی پەنگخواردوەی کەنار چیاکانی سەر زێی بچوك و رووباری سیروانە. جگە لە لای باشووری رۆژهەڵات، ئیدی دەربەندە تایبەتیەکانی چیاکان جێناهێڵن، جەردەو پیاوکوژەکانیان، زۆرجار پەلاماری ناوچەی شەرەفبەیانی دەدەن و (لە ئاوی سیروان دەپەڕنەوە). پەیوەندیەکی ناجۆر و نالەباریان لەگەڵ دراوسێکانیاندا هەیە. خۆشیان وەك خێڵ تا رادەیەك نیشتەجێن.

## جاف ( سونی )

جاف یەکێکە لە خێڵە گەورەکان، بە گشتی رەوەندن و نەفرەت لە ژیانی نیشتەجێیی قزڵڕەبات دەکەن تا ئەوپەڕی وڵاتی بانە. ئەم خێڵە بە شێوەیەکی گونجاو بە خاکە پانوبەرینەکەی خانەقیندا لە گەران و جوڵەدان بۆ بەری باشووری رۆژهەڵات بە درێژایی دۆڵی رووباری دیالە دەڕۆن لەسەر رێگەکەی لەگەڵ ئەو هێڵە گچکەیەی لە خاکی شەرەفبەیانی و کوردەکانی باجلاندایە. بە دەربەندەکانی نزیك هەڵەبجەدا دەچن بۆ شارەزوور و لە دەوروبەری پێنجوێندا هەوار دەخەن و دەمێننەوە. بەشێکی تریان کە زۆر دوورتر دەڕۆن و سنوور دەبەزێنن و لە وەرزی هاویندا کە چەند مانگێکە لە خاکی ئێراندا بەسەری دەبەن. لە وێرانکردن و داگیرکردنی زۆر شوێنی پڕ لە نیشتەنی کوردە بێدەسەڵاتەکاندا سەرکەوتوون.

خێڵی جاف هەمیشە سەرچاوەی نائارامی و دڵەڕاوکەی دەوڵەتەکانی ئێران و تورك بووە، هەروەها لە سەردەمی ئێستایدا زیاتر سەرسەخت و مەترسیدار ترە، چونکە

لەوانەیە هەزار سواری پڕچەکی هەبێت و ئامادەی شەڕ و پەلامارن لە هەر ساتێکدا کە پێویست بکات. خێڵی جاف هۆکارێکی راستەقینەی سیاسەتی باشووری کوردستانە

## سولاحی یان سەلاحی( سونی )

سولاحی خێڵێکی تێکەڵە و تا رادەیەك هاوپەیمانن لەگەڵ جافەکاندا، بەڵام زیاتر نیشتەجێن و جارجارەش جەردەکانی ئەم خێڵە هێرش دەکەنە سەر کاروانەکان، ئەویش بە زۆری لە خاکی ئێراندا.

## شەرەفبەیانی ( سونی )

شەرەفبەیانی خێڵێکی بچوکە و لە دەشتەکانی باشووری سیرواندا لە هۆرین و شێخاندا نیشتەجێن و ناچنە دەرەوەی خاکی خۆیان. سەرۆکەکەیان لە پشتگیریدایە لەگەڵ حوکومەتی ئێراندا و هەمیشە 100 سواری ئامادەیە بۆ هەر ساتێ کە پێویست بکات. ئەم خێڵەش هەروەها لە هاوپەینیدایە لەگەڵ خێڵی جاف، بەڵام پەیوەندیەکی ئەوتۆیان نیە، هەرکاتێ خاکێك لە وڵاتی تورکیادا داگیربکەن، خۆیان بەکاری ناهێنن، بەڵکو دەیدەن بە کرێ بە جافە دەشتەکیەکان. شەرەفبەیانی و باجلان لە کێشە و ناکۆکیەکی خوێناویدان.

## باجلان ( سونی )

خێڵەکە ئێستا نیشتەجێی ناوچەیەکن بە درێژی کەناری چەپی رووباری دیالەدا، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە نێوان ئێران و تورکیادا لەمبەر و ئەوبەری

کرندا بوون. خێڵی باجلان ئێستا دابەش بوون، بەشەکانی ناو خاکی ئێران لە لایەن چاودێرانی حوکومەتی ئێرانەوە چاودێری هەلسوکەوتیان دەکرێ. چونکە بە هێرشەکانیان کێشەیەکی گەورەیان بۆ تورکیا سازاندووە، کاتێ بە سنوورەکانیادا تێدەپەڕن. باجلانیەکان لە بنەڕەتدا لە تیرەی جاف بوون، بەڵام بە هۆی ناکۆکییە خوێناوییەکانی نێوانیانەوە کە تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە جیابوونەتەوە و گوندی شیروان یان سیروان لە شوێنی بەیەکگەیشتنی رووباری سیروان و قەرەتو لە ئەنجامی ئەو شەڕوشۆڕەدا بە تەواوی وێران بووە. ئەم خێڵە لەبەر ئەوەی خەڵکی سەرەڕۆ و لاساری زۆرە، زۆر جار دەبنە هۆی بەرپاکردنی ناکۆکی لەگەڵ خێڵی گۆراندا.

## سنجابی ( شیعە )

خێڵێکی بچوکە، کە بنکەی سیاسییان لە قەسری شیرینە و تا سەر سنوور دەستیان بەسەر زەویەکانی ئەو ناوەدا گرتووە، لە هاوینیشدا لە شوێنی باشتردا جێگیر دەبن لە ناو پارێزگای کرماشاندا. تا ئەم دواییەش سەرۆکەکەیان، حاکمی قەسری شیرین (شێرخان) بوو، سامسام الممالك لە 1908 دا داود خانی لە کارخست. سەرۆکی خێڵی کەڵهوڕی بەهێز فرمانڕەوایی گرتەدەست، کە بریکاری مەنسور الملوك سەرۆکی پایەداری خێڵی گۆران بوو. پەیوەندی ئەم خێڵە لەگەڵ خێڵەکانی باجلان و گۆران و کەڵهوردا زۆر باش نەبوو. لە وەرزی زستاندا بەشێکیان لە سەر سنوور دەژین.

## رێژاو ( سونی و عەلی وڵلاهی )

خێڵێکی زۆر بچوکە و لقێکە لە خێڵی گۆران، لە دۆڵێکدا لە نزیك زەهاو دەژین (بڕوانە نەخشەکە) رێژاو خێڵێکی نیشتەجێن، بەڵام شەڕکەری بە توانایان هەیە.

## ئەحمەدوەند یان ئەحمەدەوەند بەهتویی ( سونی)

دەڵێن لقێکی خێڵی هەمەوەندی گەورەیە، وادیارە بوون بە چەند بەشێکەوە، بۆیە پێیان دەوترێ: هەمەوەند، ئەحمەدەوەند، ئەحمەدەوەندی بەهتویی، ئەحمەدەوەندی چەلەبی و لە شوێنە جیاوازەکانی تردا وەك (ئەحمەدەوەندی دوڕو فەرمان) ناودەبرێ. ئاشکرایە پاشماوەی خێڵەکە زۆر سەرسەخت و لاسارە، باردۆخەکەی لە خۆی و دراوسێکانی تێکداوە و بۆتە هۆی پەرشوبڵاوبوونەوەیان. لە وەرزی زستاندا بەشی ناوبراو لە سەرەوە لەسەر سنوورەکانی رۆژئاوای رووباری گەیلان هێرشێکی زۆر دەکاتە سەر خاکی تورکیا. ئەوان لەم دواییەدا تەواو یاخی بوو بوون.

## گۆران ( عەلی وڵلاهی )

خێڵێکی گەورە و ناودارە، دانیشتوی رۆژهەڵاتی وڵاتی شەرەفبەیانی و باجلانن، کە بەهۆی ئەوانەوە لەسەر سنووری تورکیا جیابوونەتەوە بۆ رۆژئاوا. بەهەرحاڵ بە درێژایی رووباری سیروان یان شیروان لە وەرزی خۆیدا دەگەنە رۆژهەڵات– رۆژئاوا. بەڵام لە هیچ کاتێکدا ناپەڕنەوە. شوێنی زستانەیان گشت پارێزگای کرماشانە

(بڕوانە مێژووی خێڵەکان). لە کاتی کۆچکردنیاندا هەندێکیان بە رۆژهەڵاتی هەورامان و مەریواندا تێدەپەڕن بۆ پنتێکی نزیك بانە. (هارون نشین خان) هەمیشە لە ناوچەی ئێراندایە. بنەماڵەی فرمانڕەوا پەیوەندی ژن و ژنخوازیان لەگەڵ داود خانی سەرۆکی کەلهوڕدا هەیە.

## هەورامان ( سونی )

خێڵەکە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی وڵاتی هەورامان و هەندێ گوند لە داوێنی باشووری رۆژهەڵات لە خاکی تورکیادا نیشتەجێن. بە هەرحاڵ هەردوو بەشەکەی هەورامان جیان و لەژێر فرمانی فرمانڕەوای جیاوازدان. لەگەڵ ئەوەی کە ئەم خێڵە نیشتەجێیە، بەڵام شەڕکەری زۆر چاکیان هەیە. لایەکی وڵاتەکەیان نوساوە بە سنووری ئێرانەوە و لاکەی باکووریش بە جافە رەوەندەکانەوە، کە زۆر جار لە کاتی تێپەڕبوونیاندا دەستدرێژی دەکەن.

## مەریوان ( سونی )

خێڵێکی بچوکە و لە ناوچەیەکی شاخاویی ئاساییدا لەسەر سنووری ئێران نیشتەجێن و لەژێر فرمانڕەوایی ئاغایەکی مەریواندان. قەڵایەکی تێدایە و هەندێ جاریش دەبێتە شوێنێکی بچوك بۆ خۆپاراستنی ئێرانیەکان.

خاکی مەریوان لە گۆشەی باکووری رۆژئاواوە لێڵ و نادیارە، دەشتەکەی نێوان مەریوان و پێنجوێن، رەوەندەکانی جاف هەواری تیا هەڵئەدەن. بۆیە زۆرجار بەشێکی خێڵەکە لە خاکی تورکیادا هەوارەکانیان هەڵئەدەن، ئەمڕۆ خێڵەکە لە

دوژمنایەتی و کوشتارێکی خوێناویدایە لەگەڵ هەوراماندا، کە شەڕەکانیان ئێستا و ساڵانی پێشوو لە خاکی تورکیادا روویداوە.

پەیوەندیان لەگەڵ خێڵی جافدا باشە، سەرۆکی جافەکان زۆر هاوینان لە دەشتی مەریواندا بەسەردەبات و دوو کۆشکی تایبەتی لەوێ هەیە.

## ئەو سنوورە ناوخۆیەی تا 1907 پەسەندکراوە

سنوورەکە بە ئاسایی لە لایەن ئیدارەی هەردوولاوە تا ساڵی 1907 (لە ژێر ناڕەزایی هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیادا) پەسەندکرا. لە زۆر لاوە کارێکی چاك بوو، وەکو بەشکردنی تیرە سەرەکیەکان، دوای ئەوەی سنووری سروشتی لە زنجیرە چیا بەرزەکان و رووبارەکان پێکهاتبوو.

ئەو پارێزگایانەی لەگەڵ سنووردا هاوسێن، لە بەشی ئێراندا: پارێزگاکانی ئازربایجان، کوردستان (ئەردەڵان) و کرماشان. لە بەشی تورکیاشدا: پارێزگاکانی ئەرزەڕوم (بەشی بایەزید)، وان، هەکاری و موسڵ (رەواندوز و شارەزوور و بەشی کەرکوك).

دوای ئەو هەوڵە بێ کەڵکەی لیژنەی سنووری ئەم دواییە، هێڵەکە لە ناوخۆدا تا رادەیەك پەسەندکراوە، لەگەڵ ئەوەی کە سنوور manای چیە، بەلایەنی کەمەوە بۆ چەند ساڵێك لە بەشی باکووردا.

لە ئاراراتەوە لە سنووری جوگرافیدا خاڵێکی گونجاو و ئاشکرا هەیە، هێڵەکە جۆماڵی شوێنە سەخت و پێچاوپێچەکان دەکات، تا خاڵی باشووری بایەزید لەسەر

بەشی ئێران. گوندەکانی هەلاج و سورباخان لەگەڵ زورەوا لە بەشی تورکیادا، لێرەوە بە سەختی لە باشوور دەدا تا چیای تەندورەك، لوتکەکانی رۆژهەڵاتی ئەو شوێنەی کە سنووری ئێرانە، لەگەڵ گوندەکانی قەمەرەجیق و تەپەروز لە تورکیا و بیکاندی و هەندێ مەودا لەسەر بەشی ئێران. لێرەوە بەرزایی کێوەکان بێ پشودان تا ماوەی نزیکەی پەنجا میلێك بەرەو باشوور، لوتکەیەکی زۆر دوورودرێژ دەنێتە سەر رێگەکە. ئەم کەنارە بەردەوامە تا لە رۆژهەڵاتدا پێچ دەکاتەوە، هەروەها بەدوایدا هێڵی کەنارەکە بۆ رۆژهەڵات دێ و پاش ماوەیەك رێگەکە لە باشووردا بە ملەکەدا تێدەپەڕێ تا بەردەوامی زنجیرە چیاکە. لە تەندورەکەوە تا ئێرە، ئەوانەی کە دێنە پێش گوندەکانی سەر خاکی تورکیایە: بەنجکۆی، قەیسەران، کاڤلیك، کوچکاران، ئەبزیرەك، بازی و خانیگە. لەبەشی ئێراندا. سیوالان، باوەمەندەلیك، دیزە، بیرەجیق، پونەمارك و لارلاڤەك. ئیدی کۆمەڵەیەکی نوێ بە چیای هارەڤیڵ دەستپێدەکات و بەردەوامە تا نزیك ئەو زنجیرەیەی لە ناوچەی باشووری رۆژئاوا لەو ئانیشکە دەدات.

هێڵی سنوور بەرەو باشوور بۆ باشووری رۆژهەڵات دەڕوات و دۆڵی رووباری زوبە دەبڕێ و دەچێ بۆ لوتکەی زنجیرە بنەڕەتیەکە، کە بە بەردەوامی پەڕیوەتەوە بەلای باشووری گشتیدا بۆ دوا پنتی ئاستی بەرز، کە چوار کۆمەڵە چیاکە تێیدا یەك دەگرنەوە. ئەو گوندانەی کە تورکیایە: ئەلبیس، خانی سوور، قەلاك، شاپیران، قەڵای بانیگە، یان قزڵجە. گوندە ئێرانیەکانیش : بوروتکورە( کە هێمای سنووری پێدا تێدەپەڕێ) ئەجەڤان، قەسرەك، پیرۆزە، سورێن، جەنگەچین، ئالوسان. لێرەوە کۆمەڵەکە دوای دەکەوێت بۆ وڵاخ داخ لە وشنێ، جگە لەو ئانیشکەی

(لوتكە)ی ناو خاكی ئێران و گوندەكانی ئێران، تولیا، جەرما، دیریز، وشنێ. گوندە توركیەكان، ترومان و زەڤەخان. لە ولاَخ داخەوە بە بڕبڕەیەكدا دەڕوات بەرەو باشوور بۆ باشووری رۆژهەلاَت، لە سەرچاوەی ئاوی زێی بچوكدا، دوای لوتكەی واردا دادەخرێ و ئینجا بەرەوخوار بۆ سەردەشت لە بەشی ئێراندا، لەگەڵ گوندەكانی وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

بەشی ئێرانی: جەك، مایاوە، باكۆڤ، جرومەر، دەگە، سەردەشت.

بەشی توركیا: كێلە شین، رایات، بایز، بێتوش.

هێڵی سنوور لێرەدا كەوتۆتە خوارەوە تا چەند مێلێك رۆژئاوای خالّی بە یەكگەیشتنی ئاوی بانە لەگەڵ ئاق سو (زێی بچوك)، پاشان دوای جۆگەكە دەكەوێت تا ماوەیەك، ئینجا دەپەڕێتەوە بۆ شاخ، باشووری ئاربەبا بۆ كێوی چلچەمە لەلای رۆژهەلاَتەوە، لێرەوە پێچ دەكاتەوە و لەگەڵ زنجیرەیەكی تردا بەردەوام ئەبێت، باشوور بۆ باشووری رۆژئاوا بە درێژایی كێوی كەدار كە لە كالان جێماوە، ئیدی بە دەشتێكدا دەكشێ بەبێ پێناسەیەكی دیاریكراو، بە نێوانی زنجیرە شاخەكانی هەوراماندا دەپەڕێتەوە و بەردەوامە تا نزیك بنكەكەی، لەوێشەوە بە چەپا رووباری سیروان دەبڕێ تا خالّی بەیەكگەیشتنی لەگەڵ قۆرەتو. ئینجا دەورەیەكی لار دەكاتەوە بۆ قەلاَسەبزی لەسەر رێی بەغدا ــ كرماشان.

ئەو گوند و شارە سەرەكیانەی نزیك سنوورن: ئەوەی لەسەر بەشی توركیایە ( لەو شوێنەی كە سنوورەكە رووبارە هیچ نەكراوە)، چوێسە، شەریدان، كالان پێنجوێن، گوڵ عەمبەر، تەوێڵە، قەلاَی موركوز، خانەقین. ئەوەشی لەسەر بەشی ئێرانە: بانە، حەوت دەشت، تاجەڤان، مەریوان و قەلاَسەبزی.

# بەشی سێیەم

## مێژووی پەیوەندیدار بە سنوورەوە

### ئارارات بۆ قەڵاسەبزی

جەنگەكانی نێوان وڵاتی ئێران و توركیا،( كە پێشتر لای خۆمان زۆر بابەتمان لەبارەوە تۆماركردوە)، زۆرن و هەمیشە گۆڕانكاری نوێ لە سنووردا دەكات. ئێمە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی 1500 زاینی، كاتێ وان و بتلیس لە خاكی ئێراندا بوون، بۆ ئەوەی دوای گۆڕانكارییەكان بكەوین كە روویداوە، چونكە تەنیا راستیەكە تا وەك بیرۆكەیەك لەبارەی بارودۆخی سنوور، پشتی پێ ببەسترێ.

لە میانەی ئەو هەموو جەنگەدا، سەربەخۆیی دەوڵەتی كوردی ناكرێ پشتگوێ بخرێت. بتلیس، هەكاری، ئەردەڵان و موكری ئیمارات بوون، كە لە كاتی جەنگدا بە سەربەخۆیی مابوونەوە، ئەوان لەو كاتەی كە پێویست بوو یارمەتی پاشایان دەدا، یان ئەو دەسەڵاتەی كە وەك فرمانڕەوا دانی پیانراوە.

لە 1514دا شەڕێكی خوێناوی لە نێوان شا ئیسماعیل و سەلیمی یەكەمدا بەرپابوو، كە فارسەكان لەو شەڕەدا زۆر بە خراپی تێكشكان و تەبرێز و باكووری

**کوردستانیان لە دەستچوو*. سەرکەوتوەکان کشانەوە و شا ئیسماعیل جارێکی دی هاتەوە و زۆربەی ئەو خاکە داگیراوانەی گرتەوە، ئەوەش جگە لە باکووری کوردستان، بەهەرحاڵ دواتر سوڵتان سولەیمان، ئازربایجان و باکووری کوردستان و بەغداشی پێکەوە گرتەوە، پاشان لە سەرەتای زستانی 1587دا کشایەوە.**

**تورکیا لەژێر فرمانڕەوایی عوسمان پاشا و فارسەکانیش لەژێر فرمانڕەوایی محەمەد میرزا، لە باسیمیەی نزیك تەبرێز کۆبوونەوە، شەڕی خوێناوی بە تێکشانی فارسەکان کۆتایی هات، هەرچەند مەرجەکانی تورکیاش بە تەواوی پەسەند نەکرا، عوسمان پاشا هێشتا هەر لە گۆڕەپانی جەنگدا بوو کە کۆچی دوایی کرد. بەڵام هێزەکان هەر بەردەوام بوون لە داگیرکردنی تەبرێزدا و بەریان نەدا تا فارسەکان چوونە ناو دۆڵی ئارەکسەوە لە ناوچەی تورکیادا. ئەمە پردێکمان بۆ دروستدەکات بۆ سەردەمی شا عەباسی گەورە، کە بۆ یەکەم جار ئاشتی لەگەڵ تورکەکان هێنایە کایەوە، ئەویش بەهۆی ئەو یاخیبوونەی خۆراسانەوە، کە پێویستی بە ئامادەبوونی خۆی هەبوو لەوێ. وڵاتی موکریان لە سابڵاخی ئێران بوو، دوای ئەوەی جەنگ بەرپابوو، ئێریڤان و بەغدا و کوردستانیان گرتەوە و تورکەکانیان لە موسڵ و دیاربەکر دەرکرد و لەسەر رووباری دیجلە سنوور دیاریکرا.**

**دوای ئەوە شا سەفی و شا عەباسی دووەم، ئەوەی کە رێگەی بۆ تورکەکان خۆشکرد تا بەغدا و موسڵ داگیربکەن. لە 1639دا پەیمانێك سنووری ناوچەکەی**

* تێبینی ئەوە دەکرێ کە کوردستان بە شێوەیەك لە شێوەکان دیمەنی شەڕ نەبووە، هێزەکان هەمیشە خاکی باشوور و رۆژهەڵاتیان ویستووە، کە جێی نیشتەجێ بوونی کوردەکان بوو، بێ ئەوەی خۆیان هەڵبقورتێن لەشەڕوشۆڕ و بە کردەوە سەربەخۆیە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خاکەکەیان داگیرکراوە.

کرد بە بنەڕەتی و تا ئەمڕۆ ماوەتەوە. بەم پەیمانە، تیرەی جاف بەشکرا، بتلیس لە 1639دا سەربەخۆیی وەرگرت، هەروەها لەژێر فرمانڕەوایی ئەمیرە کوردەکاندا مایەوە، بەڵام لە 1660دا یان نزیك بەو سەردەمە، کوردەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی تورکەوە. لە کۆتایی دەسەڵاتی ئەفغان لە وڵاتی ئێراندا ( سێ دەیەی سەدەی هەژدە)، ڕێکەوتنەکانی روسیا لەگەڵ تەهماسپ میرزا و هەوڵەکانی ئێران بۆ رزگاربوون لە دەست ئەفغان، تەواوی سەربەستی درا بە تورکەکان و ناوچەی کوردستانیان داگیرکرد.. نەخچیڤان و تەورێز و خوی و گەنجە لە 1725–1727، کاتێ کە ئەحمەد پاشا والی بەغدا بوو، پارێزگای کرماشانی داگیرکرد و کردی بە شارێکی تورکی، ئەو دەبوایە بگەڕێتەوە تا خۆی ئامادەبکات بۆ ئەو کێشەیەی لە لوڕستان بەرپابووە.

لە 1727دا ئەشرەف، شای ئەفغان چووە پەیمانێکی ئاشتیەوە لەگەڵ تورکەکان، بەڵام لەو کاتانەدا تورکیا و روسیا لە گفتوگۆی ڕێکەوتندا بوون، ئیدی نەخشەی بەشکردنی وڵاتی ئێران کێشرا و سنوور برا بەناو ئەردەبیل، تەورێز، هەمەدان و کرماشاندا. هەرچەندە ئەوەش خاڵێك نەبوو لە هۆکارەکان، بەڵکو نرخی ئەو یارمەتیەی روسیا بوو لەلایەن تەهماسپی دووەمەوە، کە رازی نەبوو بە دەرکردنی ئەفغانەکان.

ئەحمەد پاشا گەڕایەوە بۆ کرماشان و ئەشرەف پاشاش لە نزیکی ئەسفەهان شکا و جارێکی دی کرماشان بووەوە بە وڵاتی ئێران، لە شەڕێکدا کە کوردەکان لە ناو هێزی تورکیادا هێزی سەرەکی بوون، رازی نەبوون کە خەبات بکەن بۆ دەسەڵاتی

کە پێشتر لەگەڵ روسیادا هاوپەیمان بوون، هەروەك تورکەکان لەو کاتەدا. دوای ئەوەش بە پەیمانێك جارێکی دی کوردستان و ئازربایجانی کردەوە بە وڵاتی ئێران. نادر (کە هێشتا نەبوو بوو بەشا) هێرشێکی دژی تورکەکان کرد و وڵاتی ئێرانی لە تورك پاکردەوە، بەڵام تەهماسپی دووەم رێیدا بە ئەحمەد پاشا بەگێڕانەوەی پێنج کۆمەڵەی کرماشان لەگەڵ (زەهاو کە هەمیشە وەك شارێکی تورکی دادەنرا.)

پەیمانێك لە 1736دا لە نێوان نادر شا و سوڵتان محەمەد بەسترا و بەپێی ئەوەش سنوورەکان دیاریکران، دوای ئەوەی بۆ جاری دووەم لە 1746دا نادر شا سەرکەوتنێکی زۆری بەدەستهێنا بەسەر تورکەکاندا، پاش هێرشە سەرنەکەوتوەکانی نادر شا بۆ سەر خاکی تورکیا، پەیمانی دووەم کە زۆر گرنگتر بوو لەوی تر، لە نێوانی خۆی و سوڵتان محەمەددا بەسترایەوە، لەو پەیمانەدا ئەو سنوورەی کە لە 1639دا کێشرابوو، دووبارە گێڕایانەوە، هێشتا ئاژاوەکان بە تەواوی بنبڕ نەکرابوون، پەیمانێ لە 1747دا بەسترا و بە هۆی ئەوەوە هەندێ بەشی ئازربایجان و عێراقی سەر بە دەوڵەتی تورك و زەهاو خرایە سەر تورکیا. ئەم پەیمانە لە کۆتایی سەردەمی نادرشادا بوو، کاتێ کە بە شێوەیەکی حەیابەرانە لە هەوڵەکانیدا لە خاکی تورکیا سەرنەکەوتبوو، هەرچۆن سەرکەوتو بوو بە شێوەیەکی شکۆدار لە هیندستاندا. دوای ئەوە راستەوخۆ پاشالیك لە زەهاو بە تەواوی وەك شارێکی تورکی رێکخرا، بە شێوەیەك کە شیاوی لێکۆلینەوە و گفتوگۆ نەبێت. ئەو وڵاتەی ئێستای زەهاو لەلایەن پاشایەکی فرمانڕەوا و سەرکردەیەکی کوردەکانی باجلانەوە بنیاتنراوە. سنووری پارێزگاکە لە بنکەی چیاکانی هەورامان لە باکوور و چیاکانی کریند لە رۆژهەڵاتەوە، بەم جۆرە نیو سەدە مایەوە تا حوکمڕانی قاجار لە

ولاّتی ئێراندا، كە خۆیان بە زەبر دروستكرد و چوونە سەر تەخت. پاشان قاجارەكان محەمەد عەلی میرزای كوڕی فەتحی عەلی پاشای لە 1806دا كردە میری كرماشان. ئەم میرە چالاك و بە توانایە زۆر سەركەوتو بوو لە هەڵگرتنی ئاگر و شمشێردا لە هەموو بەشەكانی توركیادا. باشووری كوردستان و زەهاو و سلێمانی گرت. پاشان لە 1811دا كپ بووەوە و لە 1821دا سەرلەنوێ هاتەوە و لە شەڕێكدا لە شارەزوور برینداز بوو. لە 1823دا ئاسایش تا رادەیەك بەرقەرار بوو، بەلاّم بارودۆخی زەهاو بەتەواوی نەدەزانرا. هەر لەو كاتەشدا تیرەی حەیدەرانلۆ بڕیاری لەسەردرا كە سەر بە تورك بن، توركیاش بەرپرس بێت لە وێرانكاریەكانیان لەسەر سنوور. ئەم پەیمانە، بە هەرحاڵ بە هەموو هۆكانەوە زۆر دڵنیانەبوو لەوەی توانای بەرگری هەبێ لە رێنەكەوتنەكانی تر و هەندێ دیاریكردنی نوێی سنوور كە زۆر پێویست بوو.

توركیا، سلێمانی داگیركردووە و ئێرانیش هێشتا زەهاوی هەر بەدەستەوەیە. لە 1847دا لیژنەیەك چوو بۆ ئەرزروم بۆ دیاریكردنی ئەو ناوچانەی كە هێشتا ناكۆكی لەسەرە و تا پێناسەیەكی چنگ بكەوێ و لەسەر كاغەز تۆماری بكات. بە پێی ئەم رێكەوتنە، سلێمانی لەژێر دەسەلاّتی توركیا دەمێنێتەوە و هەروەها دەشتەكانی زەهاو بگەڕێتەوە سەر خاكی توركیا تا گردەكانی كرند. لەگەڵ ئەو ئەنجامە ئاشكرایانەی بەم رێكەوتنە پێشكەشكرا، وتارەكان زۆر رێزیان لێ نەگرت. لەگەڵ ناڕەزایەكانی توركیاشدا، بەلاّم زەهاو هەر چۆڵنەكرا، هەروەها بڕیاری كۆتایی مەسەلەكە راكێشانی هێڵی سنوور بوو. بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەك لە 1849دا بانگكرا، كە پێكهاتبوو لە ئینگلیز و روس و فارس و تورك. كاتێ نەخشەكە

ئامادەدەکرا، هیشتا تەواو نەبوو بوو، کە لیژنەکە سەرقاڵی جۆماڵکردنی ناوچەکە بوو، تورکیا (قوتور)ی داگیرکرد، لەگەڵ ناڕەزایەکانی ئێرانیشدا هەر گرتیان و پاراستیشیان. لە دواییدا قەڵایەکیان تێدا دروستکرد، پاشان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەفسەرێکی ئینگلیزەوە. بەهەرحاڵ چەند ساڵێك دوای 1854، کاتێ هێزەکانی ئێران هەڕەشەی لە خاکەکانی سەر سنووری ژێر دەسەڵاتی تورك دەکرد، ئینگلتەرا و روسیا داوای رازی بوونیان دەکرد بەو دوو رونکردنەوەیەی کە لەلایەن ئەوانەوە نەخشەی بۆ ئامادەکراوە، ئەم روداوە ساڵی 1869 بوو.

نەخشەکە لە رێی ئەو هێڵەوە کە لێکۆڵینەوە هەڵناگرێ، لە 20–40 میل لەویدا زەوی هەیە، لە ناو هەر سنوورێکدا کە لەوانەیە بیدۆزنەوە، ئەو هێڵە وەك سێبەر بەسەر ناوچەکەوە دیارە و دەبینرێت، جگە لە کۆتایی رۆژئاوای کرماشان، یان بە واتایەکی تر زەهاو. تورکیا پاڵیان بە هێڵەکەی لای خۆیانەوە ناوە، نزیکەی تا ئاستی سەرو لە زۆر حاڵەتداو لەم دواییەشدا بە داگیرکردنی بانە و وڵاتەکانی پشتیەوە. بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە چوونەناوەوەی سنوور بە بڕێکی گەورە، زیاتر بۆ تورکەکان کراوە.

بە روانینێکی سەرپێیی لە بانە و مەریوان و هەورامان، کە لە سەردەمی ئەردەڵانەوە شارۆچکە بوون، لێرەدا کەمێ گرانە کە تێبینی ئەوە بکرێت بۆچی و چ هۆیەك وایکردووە کە لە کۆتاییدا بیانگەڕێنێتەوە سەر خاکی تورکیا (بڕوانە نەخشەکە). ئەو سنوورەی تێبینی دەکرێ و لەلایەن ئێرانەوە داوای دەکرێتەوە لە دەرەوەی ئەم هێڵەدا نیە، جگە لە گۆشەیەکی بچوك نەبێت کە لە راستیدا بە باشی بەرەو ناوچەی دوورتری باکوور دەکشێت.

لە لایەکی ترەوە تورکەکان کە هەمیشە چاویان بڕیوەتە سەر زەوی و زاری خەڵکانی تر، لێرەشدا ئەو خواستەیان کەمتر نییە لە شوێنەکانی تر و لە باکووری بانەدا داوای درێژکردنەوەیەکی گەورە دەکەن، کە ئێستا لەلایەن خۆیانەوە داگیرکراوە. بەڵام بۆ ئەوەی کە ڕێیان لێ بگیرێت و داوای خاکی تری ئێران نەکەن، بە ئاشکرا وەك مەریوان و هەورامان، بۆیە ئێران و تورك خۆیان بەستۆتەوە بە هەندێ مەرجەوە و پەیوەستە بەو خاکانەی کە لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێت. ئەوەش بڕیارێکە لە نێوانیاندا کە نابێ لەسەر ئەو خاکانە بینا دروستبکرێت و پێویستی بە هیچ هێمایەکی سنووری نیە، نەك لە دوایدا ببێتە بیانوی داواکردن لە لایەن هەر کامێکیانەوە کاتێ کە سنووری کۆتایی دیاری دەکرێت. هەروەها لە کاتێکدا کە ناکۆکی نوێ سەری هەڵدا، دەبێ کۆنفرانس لە نێوان فارس و تورکیادا بگیرێ و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئینگلتەرا و روسیا کە پێویستە راوێژیان بگەیەننە ئاستی رەزامەندی هەردوو لایان. پاشان رێکەوتنەکە کاتییە و چاوەڕێی خاڵی کۆتاییە لەبارەی ئەوەی کە تا ئێستا کراوە.

لەگەڵ ئەوانەشدا چل ساڵ تێپەڕیوە، ئەم جۆرە چارەسەرانە تەواو بەس نین، کێشە و لێکۆڵینەوە زۆرە و لەوانەیە سەختتر و دژواری نوێ سەرهەڵبدات، ئەمەش هەموو ساڵێك هەبووە، لە 1870– 1873.

بۆ کەمکردنەوەی کێشە و کەندوکۆسپەکان، ئەوانەی ئەو زەوی و زارانەیان بەکرێ گرتوە، کە ناکۆکی لە سەرە، داوادەکەن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی تایبەتی خۆیان.

بەم زووانە نا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، ئەو سەرکێشی و چوونە ناوەوەی تورکیا و داگیرکردنی قوتور و هەروەها داگیرکردنی زەهاو لە لایەن ئێرانەوە، بەهەرحاڵ لەم

کاتەدا لەوە دەچێ تورکیا وازی لە هەموو ئومێدێکی گەڕانەوەی زەهاو هێنابێت، بەڵام سوورە لەسەر دەست بەسەراگرتنی قوتور.

ناکۆکی و بە یەکدادانی بەردەوام لە باکوور و باشووری پارچەکانی سنووردا تا 1876 رووی ئەدا. کاتێ کە وڵاتی ئێران بە شێوەیەکی رەسمی ناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر بە هێرشەکانی تورك، ئەو سەرکردەیەی کە قوتور و گوندێکی نزیك زەهاوی داگیرکرد، ئێستا دایدەنێ بە خاکی ئێران*. ناڕەزایی دژی داگیرکردنی قوتور لە لایەن ئێرانەوە هەر بەردەوامە، بۆیە روس و ئینگلتەرا لەم دواییەدا، تورکیایان ناچارکرد کە چۆڵی بکات و جێیبهێڵێ بۆ ئێرانەکان، ئەم رووداوەش ساڵی 1880 بوو، ساڵێ دواتر شێخ عوبێدوڵڵای ئۆرامار کە لە تیرەی هەکاری بوو، خاکی ئێرانی داگیرکرد و گەیشتە ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ. پاشان هێزەکەی گەندەڵ بوو، ناکۆکیان تێکەوت و لە لایەن حوکومەتی تورکیاوە دوورخرایەوە، ئەم رووداوە کاری نەکردە سەر کێشەی سنوور. لە 1889دا دیسانەوە ناکۆکی نوێ سەریهەڵدا و ناڕەزایی دژی دەربڕا. فارس لە خانەقین، سکاڵایان دەکرد لە دەست تورك، کەچی تورکیش داوای کشانەوەی فارسی دەکرد لە ناوچەی ڤازنە لە نێوان رەواندوز و ورمێ لەسەر سنوور.

بۆ ناوبژی، وڵاتی ئێران پێشنیاری کرد کە دوو نەخشەکێش راپۆرتێك لەبارەی راستی ئەو ناوچەیە بنووسن، کە سەر بە چ لایەکە. بەڵام تورکیا پەسەندی نەکرد و

* هەروەها تورکەکان فرمانیان بەسەر خۆشیاندا دا لەو مەرجەی تا ئێستا پەیوەندە بە زەهاوەوە، هێڵی تاوەرەکانیان لەسەر سنوور کێشا تا ئەوپەڕی باکووری رووباری سیروان و بە رێگەی بەغدا و کرماشاندا پەڕیەوە.

سوور بوو کە پێش هەر ڕێکخستنێك فارس ناوچەکە چۆڵ بکات. ئەوان ئەم کارەیان کرد، بەڵام ڕێکنەخرا و دوای ئەوە دووبارە گیرایەوە، ئەو بارودۆخە تا 1907 بەو شێوەیە لەو قوناغەدا مایەوە. ئەو زەویانەی لە لایەن تورکیاوە داوا دەکرایەوە و لەلایەن فارسەوە داگیرکرابوو بریتی بوو لە: **خوی**، **سەڵماس**، **دەشتی ورمێ**، **ڤازنە**، **بانە** و **سەردەشت**. بەپێی پەیمانی 1639، ڤازنە و خوی و سەڵماس خاکی ئەوانە، ئەگەر ئەو پەیمانە ببێتە بەڵگەیەك تەنیا بۆ داڕشتنەوەی سنوور. هەروەها ئێران داوای دەشتەکانی شارەزووریش دەکاتەوە کە تورك دەستی بەسەردا گرتووە. هەموو ڕێکەوتنەکە بە دروستکردنی بینا و تەلگراف و دامەزراوی دەوڵەتی حوکومەتی ناوخۆ بوو. گوندەکانی سەر سنووری ئەو ناوچەیە تا ئەم دواییەش زۆر قایم بوون، کاتێ سەربازەکان دەچوون بۆ گوندەکانی ناوخۆ، کە چەند مانگێك بوو باجیان نەدابوو، هێزی سەربازی لەوێدا هەر بەناو گەورە بوو، چونکە ئیمپڕاتۆریاکە لەژێر دەسەڵاتی یاسادا لاوازبوو بوو، ئەوەش ڕێی خۆشکرد بۆ یاخی بوون، لەم کاتەدا سنووری بانە بەرەو باشوور بەرەڵایە و نەپارێزراوە.

لە (1906)ەوە وڵاتی ئێران تێکچووە، ئەویش بەو هەوڵدانەی کە دەیویست کاروباری بەپێی دەستوور بڕوات بەڕێوە. ئاژاوە هەموو شوێنێکی تەنییەوە و تەنانەت سنوورەکانیش. خێڵەکانی کورد لەسەر سنوور کە موسڵمانی سونی بوون، وەك خاڵێکی تایبەت لەلایەن تورکەکانەوە قۆزرایەوە و پەیوەندی کرایەوە بە هەندێ سەرکردەی سەر سنووری نزیك ورمێ و باش قەڵا و وان، پەیمان و بڕی بەرتیل دیاریکراو پارچە زەویوزارەکانی وڵاتە نوێکە دابەشکرا بە سەریاندا، بە مەرجی ئەوەی ئەوان ملبدەن بۆ دەسەڵاتی تورك لە ناوچەکەدا. هەندێ سەرکردەی

تیرە بچوکەکانی وەك مامەش و خێڵەکانی موکری لە باشووری ورمێ لەم هەڵوێستە تورە بوون.

محەمەد عەلی پاشا تەنیا چەند مانگێك دەبوو لەسەر تەخت بوو، کاتێ کە تورکەکان دەستیانکرد بە هاتنە پێشەوە. بۆ ماوەی ساڵێك هێزەکانیان لە هەموو مەخفەرەکانی سەر سنوور بوو، بەتایبەتی بایەزید و باش قەڵا چاوەڕوانی لاوازی تەواویان لێدەکرا بەر لە داگیرکردنی وڵاتی ئێران.

هێزی غەیرەنیزامی سەرکەوتن بۆ رێگەی باش قەڵا و گرتیان، بە شێوەیەکی گشتی زنجیرە هێرشێك بۆ دەشتی ورمێ دەستی پێکرد. لە هەمان کاتدا محەمەد پاشاش بە درێژایی رێگەکەی رەواندوز بۆ بانە دەهاتە پێشەوە، بێ ئەوەی لە لایەن سەرۆکە تورە و دڵشکاوەکانەوە بەرگرییەك هەبێت. ئەوەبوو سەردەشتی گرت و چوو بۆ بانە، لەوێ سەربازگەیەکی دروستکرد و بەیداخی تورکی بەرزکردەوە. لەم ساتەشدا خەڵکی ورمێ شڵەژان و نائارام بوون و بە شێوەیەکی بێورەیی بروسکەیەکیان نارد بۆ پەرلەمان لە تاران. میرێك بە ناوی فەرمان فەرما دیاریکرا کە بچێت بۆ سەر سنوور تا راپەڕینی کوردەکان دامرکێنێتەوە، کە شانبەشانی تورکەکان کەوتونەتە وێرانکردنی وڵاتەکە.

هێزێکی بچوك لە هالوار لەژێر فرمانڕەوایی ئەفخەم المماليك هەڵیداوە، هێزی کوردەکانیش لەژێر فرمانی گالیج بەگدا دای بە سەریاندا و تاڵانیکردن و هەندێ سەربازیان هەڵهاتن بۆ ورمێ. فەرمان فەرما چاوەڕێی ئەو یارمەتیەی دەکرد کە بەڵێنی پێدرابوو، واتە سوارەی قەزوێن و ئەردەبیل لەگەڵ ئەسپی تیرەکانی خەماسە کە خۆیان ئامادە نین بێن. هێرشبەرەکان گوندەکانی مەریوان و تەرگەوەڕ

و دەشتی ورمێیان وێرانکرد و خەرمانی دانەوێڵە و پوش و پاوانیان سوتانن. لە حوزەیراندا مەجید السەڵتەنە، کە یارمەتیدەری حاکمی ورمێ بوو، هێزێکی کۆکردەوە، کە نزیکەی دوو هەزار سەربازی ئاسایی و غەیرەنیزامی لە تولیا لە کۆتایی ناوچەی دەشتا هەڵیدا. لێرەدا کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کوردانەی کە چووبوونە شاخ، بەوەی کە رێی گرتوە لە ئازوقە و پێداویستیەکانیان و پیلانەکەشی سەرکەوتوبوو. پاشان حەوت سەرکردەی بچوکی رازی کرد بۆ خۆبەدەستەوەدان. ئەمانەش ئەو تالانیانەی کە لە کاتی خۆیدا لە سەربازگەی ئەفخەم الممالیك گیرابوو لەگەڵ خۆیاندا هێنایانەوە، ئەویش دوای ئەوەی باربووی کردن، رێگەی پێدان کە بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی هاوڕێکانیان بهێننەوە.

ئەو کاتە بە هەرحاڵ تورکەکان سەرقاڵی لایەکی تری سنوور بوون و بەهۆی هەڕەشە لە کوردەکان بە سوتاندنی گوندەکانیان و داگیرکردنی خاکەکەیان، تورك توانی چوار تیپ سوارەی حەمیدیە لە کوردەکان پێکبهێنێت، ئەویش بە بەڵێنی تالانی و خاکداگیرکردن و بەوەش رازیکردن کە بەبێ جووڵە لە چیاکاندا و لە خاکی ئێراندا بمێننەوە.

29/ئاب بێلایەنی کوردەکان راگەیەندرا، بەیانی ئەوە کرا کە هێزەکە بریتیە لە 12 تابوور کە 4800 پیادە و 12 چەکی قورس، لە رێی باش قەڵاوە چوونە ناو خاکی ئێرانەوە و لەبەرزاییەکانی چیاوە گەمارۆی سەربازگەی ئێرانیان دا، بەبێ هیچ هۆیەك تەقە دەستی پێکرد، مەجید السەڵتەنە ناڕەزایی لەم کارە دەربڕی، چونکە دەبێتە هۆی تێکدانی ئاشتی و ئارامی، ئەمەی هەر لەوێدا روونکردەوە کە مەبەستی بوو دەستبگرێ بەسەر ئەو کوردانەی سنووری ئێرانیان بڕیوە، نەك بکەوێتە

ناکۆکیەوە لەگەڵ تورک. ئەم وەڵامدانەوەیە فرمانی سەرەوەیە و هیچ هۆیەك بۆ داگیرکردن نییە. مەجید السەڵتەنە هیوا ناخوازێ وڵاتەکەی لەگەڵ تورک بکەوێتە جەنگەوە و دوژمنایەتی نوبێتەوە. پاش ئەوەی ژمارەیەك لە پیاوەکانی بەهۆی توۆپ و تفەنگەوە لەناوچوو، ئیدی داوای کرد کە بکشێنەوە و ئەم ئەمرەش زۆر بە پەلە جێبەجێکرا، تەنانەت خێمە و شوێنەکەیان بە هەموو کەرەسەیەکەوە جێهێشت و سەرجەمی شتە قورسەکانیش کەوتە دەست تورک، پاشان هێزی داگیرکەر لە دەرەوەی ورمێ لە دەشت هەڵیاندا.

تورکەکان هەمیشە هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە سەرۆکەکانی موکری تورەبکەن تا بەرەو سابڵاخ رایانکێشن، ئەوەش بە بەڵێنی تالانی و بزواندنی سۆزی ئاینی. محەمەد پاشا دوای ئەوەی بانە و سەردەشتی هێشتەوە، ئیدی کشا بەرەو سابڵاخ، بەڵام تورکەکانیش لە دەشت خۆیان سازدەکرد کە لە باکووردا هەمان شت بکەن. محەمەد پاشا گەیشتە سابڵاخ و نزیکی شارەکە هەڵیدا، حاکمی ئێران بە بەردەمیا هەڵهات و کوردە یارمەتیدەرەکانی موکریش هەڕەشەیان لە شارەکە دەکرد. دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی کورت محەمەد پاشا لەوێ بوو، فرمانی گەڕانەوەی بۆ هات. هێزەکەی لە بانە جێهێشت، کە ئەمەش وەك راستیەك، لە کانونی یەکەمی 1907دا حوکومەتی ئێرانی لێ ئاگادارکراوە.

هێزی تورکیا ماوەیەك لە ورمێ کشایەوە، بەڵام سنووری خاکی خۆیان نەبڕیەوە. لە هاوینی 1909دا محەمەد عەلی پاشا لابرا، ئێرانیش زۆر لە جارانی بێ هیواتر بوو. هاتنەپێشەوەیەك لە رێگەکاندا کرا، ئەویش لە بایەزید و باش قەڵا و رەواندوز. خاکەکە لە سالانی 1907–1908 داگیرکراوە، جارێکی تر پڕبووەوە بە هێزی تورك.

لەگەڵ ئەوەی قوتوریان گرتووە، کەچی هەمیشە داوای چەند گوندێ دەکەنەوە کە شایانی باسکردن نیە، وەکو: خوی، سەڵماس، وڵاتی شوکاك، برادۆست، مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ و ئەو پارچە باریکەی باشوور. ڤازنیە و سابلاخ جارێکی تر داگیرکراونەتەوە لەگەڵ دۆڵی سەرچاوەی ئاوی زێی بچوك، هەروەها بانە و سەردەشت.

ناوچەیەکی زۆر لە وڵاتەکە پێویستی بە رێکخستنەوەی سنوورە جیاوازەکان هەیە، کە ئەوانەش زۆر و دیاریکراو نیە بەوەی کە تا نارازیبن لە داگیرکردنی نزیکەی هەر خاڵێك لە بایەزیدەوە بە درێژایی سنوور بۆ مەندەلی لورستان.

تورکەکان بۆ چەند ساڵێك سیاسەتی هەوڵی راکێشانی خەڵکی خێڵەکانیان گرتەبەر، ئەویش بە بەرتیل و چاوترساندن، بە تایبەتی لەگەڵ کوردە موسڵمانە سونیەکانی موکری و تا رادەیەکیش سەرکەوتو بوو. بەڵام خێڵە شیعەکان بەرگریان دەکرد و تا ئێستاش بەردەوامە، لەگەڵ ئەو هەموو ئاژاوە و وێرانکاریەی لەژێر هاندانی بەکرێگیراوانی تورکدا لە ناوچەکەیاندا رویداوە.

مەریوان و هەورامانی بەشی ئێران، هەروەها سونەکان، هەرچەند بەهۆی شەڕشۆڕەوە هەڵوەشاون، کەچی تا ئەم چرکە ساتە نایانەوێ گفتوگۆ لەگەڵ تورکەکان بکەنەوە و لەوپەڕی باشوورەوە زیاتر داگیرکەران توشی بەرەنگاری دەبنەوە لە لایەن عەلی وڵلاهی گۆران و کوردە شیعەکانی کەلوڕ. هەردوو خێڵەکە بەهێزن و بە ئاشکرا هەواداری ئێرانن و لەژێر فرمانی سەرکردەیەکی ئازا و ژیردان.

داود خان کە ئێستا سنووری دەسەڵاتی درێژبۆتەوە بۆ سنووری ئێرانی تورکی لە

قەسری شیرین، لەو کاتەوە سامسام المەمالیکی تیرەی سەنجابی بێبەشە لە سنووری دەوڵەتیەکەی خۆی.

لەگەڵ ئەو هەوڵە سەرنەکەوتوانەی تورك بۆ چەواشەکردنی سەرانی گۆران لە رێی مەحمود پاشای جاف و داود خان و سامساموڵ مەمالیك، بەم هێرشانەی کە بینیمان سنوور لە لایەن تورکەوە بەرەو رۆژهەڵات گواسترایەوە، نزیکەی 250 میل بە درێژایی هێڵەکە و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، هەروەها بە پانتاییەکی فراوان کە لە سابڵاخدا 35 میلە. لە هەندێ شوێنی وەك قوتور کە تورکەکان لە ساڵی 1880دا دەرکران لێی و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و برادۆست بێگومان سەر بە ئێرانن. ئەو کاتە و تا ئێستاش سابڵاخ پایتەخی خێڵی موکری بووە، کە لە سەردەمی شا عەباسەوە سەر بە وڵاتی ئێران بوون، هێز و سەرکردەکانی موکری هاوشانی هێزەکەی خۆی بەکاردەهێنا. بە هەرحاڵ کردەوەکانی تورك هەموو پەیمانێکی هەڵوەشاندۆتەوە، کە ناکرێ بە هیچ هێزێ هەنگاوبنرێ تا کێشەی ئارامی سنوور دەبێ بە رێکەوتن بێت نەك بە نمایشی سەربازی.

## یەکەم/ تێبینییەکان

## لەبارەی نیشانە تایبەتیەکانی جوگرافیای سنوورەکەوە

ئەو هێڵە سنووریەی لە بەشی دووەمدا باسکراوە، لەبارەی زەوی ناسینەوە یان سروشترێژیەوە بە هەموو لایەکی ئەو درێژیەدا، لەوانەیە باشتر و زیاتر سروشتی هێڵی دیاریکراو هەڵبژێرێ. هاتنە ناوەوەی تورك، ئەگەر رێی پێبدرێ، هێڵێکی سەخت و گران دەڕێژێ، کە لەم کاتەدا زیاتر لە ناکۆکی شەڕفرۆشانەترە. چونکە ناتوانێ دوای نیشانە تایبەتیە دیارەکان بکەوێت لە وڵاتەکەدا. هەروەك ئەوەی هێڵە کۆنەکە کردی و ئەمەش زۆر لاوازتر دەبێت لەو. ئەو هێڵەی دوای سیستمی زنجیرە سەرەکیەکەی چیاکان دەکەوێت، نزیکەی بۆ ماوەی 260 میلە، جگە لەو دوو چەماوەیەی کە لە خاڵێکەوە سەرهەڵئەدا بۆ خاڵی پێکهاتەی بڕین لە وڵاتی ئێراندا کە لە شێوەی جوگرافیایدا سەر بەوە. لەسەر ئەم زنجیرەیە چەند دەربازگەیەك هەیە بۆ جوڵەی هێز و چەك و تەقەمەنی، زۆرجار لە زستاندا ئەمە بۆ پەڕینەوە بەکارنایەت. لە بایەزیدەوە رێگەکە دەستپێدەکات بۆ بەرەوخوار، راستەوخۆ بۆ دەشتەکەی پێش ئەو زنجیرە بەرزەی دەچێت بۆ ماکۆ، یان بگاتە خوی بە رێگەیەکی بەکارهاتوی باشتر لەو کە زۆر بەرزتر نیە لە لوتکەکانی چیای تەندورەك, دابڕینێکی تر لە نزیك قوتور روودەدات، ئەویش لەو شوێنەدا کە هێڵەکە تەواو تەسك ئەبێتەوە لە نێوان دوو لقی زنجیرەکەدا. رێچکەیەکی بەرزتر لە باش قەڵاوە رابەری

ئەدات بۆ سەڵماس، بەڵام ئەمەش لە زستانی تەڕوتوشدا بەکارناهێنرێ. نزیك ورمێ دوو ڕێڕەو لەسەر ملە بەرزەکانەوە ماوەی گواستەوەی چەك و تەقەمەنی تێدایە. بە هۆی لادانی زنجیرەکە بەرەو گۆشەیەك کە سنوور لەو خاڵەدا لاوازە. بەهەرحاڵ، بەرەو باشوور دەڕوات، لەوێدا شوێنی تێپەڕبوون نیە تا کێلە شین، کە بەرزی ملەکەی 10000 پێ بەرزە لەسەر ڕێگەی سەرەکی رەواندوز بۆ شنۆ. بە واتایەکی تر ڕێگەی موسڵ بۆ ورمێ لە زستاندا بەکارنایەت. سنوورەکە کاتێ باشتر پارێزگاری دەکرێ کە نیشانە تایبەتیە سروشتیەکانی هەبێت، نەك بە تیپێك لە سەرباز دیاری بکرێ. لێرەوە شوێنی پەڕینەوەیەکی ڕێکوپێك نیە تا ئەو شوێنەی کە زنجیرەکە ئاوی زێی بچوکی پێدادەڕوات، دوای ئەوەش هێڵی سنوورە، کە هێشتا دەیەوێ بەربەستی سروشتی بدۆزێتەوە تا بگونجێ لەگەڵ ئەو خاکەی لەلایەن تورکیاوە لە دەرەوەی جوگرافیای سروشتیدا داگیرکراوە. لێرەشەوە بە دڵنیایی چەند خاڵێکی لاواز دەبڕێ.

راپۆرتدان لە هێڵی جوگرافیای سروشتی لەم ناوچە دابڕاوەدا زۆر گرانە، بێگومان ژمارەیەك دۆڵی تێدەکەوێت، کە ڕێگەی پەڕینەوە ئاسان دەکات. بیرۆکەکەی محەمەد عەلی میرزا (حاکمی کرماشان لە 1810دا) کە شارەزووری گرت، دەڵێن: گوایە نەخشەی ئەوەی دەکێشا کە لە بنکەی چیای سەردەشتەوە خوار رووباری ئاوی بانە بۆ ئەو شوێنەی کە نزیك مەسخەڵ بەیەك دەگەن، بۆ چەند میلێك دوای دەکەوێت، دەپەڕێتەوە هێڵی زنجیرەکی تر وەردەگرێ لە چیای ئەزمڕ. تا بەردەوام بێت بە درێژایی ڕێڕەوی شارەزوور و رووباری سیروان. بەهەرحاڵ، هێڵەکە ئێستا زنجیرە چیایەکی زۆر گەورە و درێژی دۆزیوەتەوە و پێدا دەکشێ، لەگەڵ ئەوەی بە

ڕێگەی پێچاوپێدا دەڕوا، بەڵام هەموو نیشانە تایبەتیە سروشتیەكانی تێدا لاوازە، ئەوەش وەكو دەشتی مەریوان. هێڵەكەی محەمەد عەلی میرزا بنەچەی لەسەر ئەوە بەستووە كە داواكردنی وڵاتی ئێران بە تایبەتی لەم دواییەدا تا پینجوێن و شارەزوورە، ئەوەش چەند سەدەیەكە داوای ئەو ناوچەیەی دەكرد.

لاوازی ئەم جۆرە هێڵە بەو ئەنجامانە دەسەلمێ كە دیسانەوە ڕاكێشرێتەوە لە شوێنی هاتنەناوەوەی ئەم دواییەی تورك كە ویستی لە بەشی باكووردا ئاستی بەرز و سەختی چیاكان لابەرێت. ئەوە بوو لە ساڵانی ڕابردوودا پاڵی نا بە ڕێگەكەیەوە تا ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات، تا بتوانێ لە بەشی باشووردا وەكو دووری ڕێكەوت هەر خاڵێ كە دەتوانێ یان لەوانەیە بتوانێ داوای بكات و بیكاتە خاڵی دژ بەرامبەر ڕێگرەكانی ئەردەڵان، ئەو پارێزگایەی هەرگیز نەیتوانیوە داوای بكات، بە درێژایی زنجیرە نەوەی میرە كۆنەكانی ئەردەڵان ملیان نەداوە بۆی تا هاتنە پێشەوەی ئەم دواییەی بۆ كرماشان لە باشوور و سابلاخ لە باكووردا.

ئەوەی كە لەسەر سنوور پەیوەندە بە خێڵەكانەوە، ئەوەیە، كە هێڵە كۆنەكە بە دڵنیاییەوە هەندێ لە خێڵەكانی بەشدەكرد، هەرچیەكی تر كە ملكەچ بێت بۆ ئەو مەرجانە، ئەوا بێگومان كوردەكان هەر بە ڕەوەندی دەمێننەوە و هەمیشە لە هێرشدا ئەبن و خولیای سەربەستی دەبن. هەروەها لێرەدا هەندێ لە خێڵە بچوكەكان دەچنە سەر سنوور، تا كاری سوپاییان ئاسان و بێ كێشە بێت. ئەوەی كە تێبینی كراوە ئەوەیە كە هێڵە كۆنەكە زۆر لە خێڵە سەرەكیەكانی دابەشكردووە، سپكانلو، یان جارجارە ناوی دەبرێ بە سبكلی و حەیدەرانلوی لقێك لە گروپی حەسەنانلو دان ئەنێن بەوەدا كە هێڵی سنووری چیاكان چواردەوری خاكەكەیانی

داوە، کە ئەویش تەنیا کەناری ئەو خێڵەکیانەن لەسەری دەژین. ئەوانەی کە نیشتەنین زیاتر دەکەونە خاکی تورکیاوە لەوپەڕی رۆژئاوادا، وەك: پاتۆنتز و کوشك لە باکووری ئەرمینیا. هەر لەم هۆزانە و لە سنوورە رۆژهەلاتییەکانیانەوە بوو کە شا عەباس هۆزەکانی زەفەرانلو، ئامانلو و کایوانلوی برد بۆ نیشتەجێبوون و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی خۆراسان. ئەوان لق و پۆپی حەسەنانلو یان کرمانجن.

زیاتر بەرەو باشوور، خێڵی هەکاری لە لایەك و خێڵی موکری لە لاکەی تری کەناری چیای ناوەڕاست کە ناچێتە ناو هیچ زنجیرەیەکەوە بەتایبەتی بڕبڕە چیا وەك سنووری سروشتی، هەروەها ئەوانە و لەگەڵ گروپەکانی ئەردەڵان، مەریوان، هەورامان و خێڵەکانی کرماشان، گۆران، شەرەفبەیانی، سنجابی و باجلان، سەرجەم گشتیان رازین و هەمیشە سنووری سروشتی شاخ و رووبارەکان بووە.

لەو خێلانە تەنیا جاف سنوورێکی جێگیری نیەو لە ولاتەکەدا بە هەندێ ناوچەی ئاساییدا تێدەپەڕێ. بەلام زیانێکی زۆر لە ئێران دەدەن، بە تایبەتی لەو ناوچانەی لێوەی دەچنە دەرەوەی سنووری پێنجوێن. لەو لایەدا سنوورێکی سروشتی نییە، بۆ ئەوانی تر رووباری سیروان و چیاکانی هەورامان دەبنە سنووری دەوردانیان لە ناوچەی تورکیا.

سنوورە کۆنەکە لە هەمان کاتدا سێ رەزامەندی گرنگی پێویستە:

1. ئاستێکی سروشتی تەواو هەبێت لە نێوان ئەو نەتەوانەی دەگونجێ لە سنووری خێڵەکاندا.
2. دوورکەوتنەوەی هەموو ئەو خێڵانەی لەژێر دەسەلاتی تورکیادان، لەو خێلانەی کە لەژێر دەسەلاتی ئێراندان. کە ئەوە یەکێکە لەو هۆیانەی

زووربەی زۆری پێداهەڵكژان و بەریەككەوتنەكانی لێوە سەرچاوەیان هەڵگرتووە.

3. رەگەزایەتیی خێڵەكان لە هەر لایەكدا ئاستی سنوور بۆ حوكومەت ئاسان تر دەكاتەوە تا بتوانن لە شوێنی خۆیانەوە بەڵێن لە سەرەك خێڵەكان وەرگرن.

گواستنەوەی سنووری هەموو ئەو كارە چاكانەی رامالّی و هێلّێكی بارگاوی بە هەموو توانایەوە راكێشا لەبەر دەمی هەموو ئەگەرەكانی وەك:

1. شەڕی نێوان خێڵەكان.
2. دەستدرێژی زیاتر بۆ سەر خاكی ئێران.

## دووەم/ هەندێک تێبینی

## لەبارەی مێژووی گروپە خێڵەکییە سەرەکییەکانەوە

ئەمانە وەك ئاماژەی پێکراوە ئەو هۆزانەن کە لە ژێر ئەم سەردێڕە سەرەکیانەی خوارەوەدا جێگیرکراون:

| تیرە | بریتیە لەم خێڵانە | تێبینی |
|---|---|---|
| 1. حەسەنانلو | حەیدەرانلو<br>خۆراسانلو<br>سپکانلو<br>جبرانلو. ....<br>زلانلو. ....<br>ئادەمانلو | تا ئێستا ناونەبراون چونکە لەسەر سنوور نین |
| 2. هەکاری | جەلۆ<br>شیروانان<br>ئورەمەران<br>شەمدینان<br>ئامێدی *<br>مزوریان*<br>زێباریان<br>هەڤێریان * | * نزیك سنوور نین. |

| | | |
|---|---|---|
| | بەرواریان*<br>بەرچێلان*<br>شێڤەلان*<br>لەیهولان* | |
| 3. موکری | مامەش<br>مەنگوڕ<br>پشدەر | |
| 4. ئەردەڵان | مەریوان. ...........<br>ئۆرامان، هەورامان | لقی خێڵ نیە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕەسمی لەژێر ئیدارەی میرەکانی ئەردەڵاندایە. |
| 5. جاف | جافی موورادی<br>نەیشەێ<br>قادری میر وەیسی<br>شەرەفبەیانی<br>باجەلان | |
| 1. گۆران | قەڵغانی چەگی<br>یوسف یار ئەحمەد<br>کۆیك، گورگێست، نەیڕەژی | |
| 2. هەمەوەند | هەمەوەند<br>ئەحمەداوەند بێهوتی<br>ئەحمەداوەند چەلەبی<br>شیرازی | بنەڕەتی خێڵەکە ئێستا هەڵوەشاوە. |

## حەسەنانلو

هیچ خێڵێ نیە مێژووی دووری خۆی لە پێنج سەد ساڵ زیاتر بزانێت، ئەویش لەبەرئەوەی کوردستان ناوچەیەکی لە ئێستا زیاتر قەدەغەکراو بووە. لە حوکمڕانەکان جیابوو، بەهێز کارایە، هەموو هەوڵەکانی سنووردار کردووە و لە داگیرکردن و چوونە ناو وڵاتیان رێگربوون. بۆیە تۆمارێکی بێگانە لەو سەردەمانەدا بەرچاو ناکەوێت.

حەسەنانلوش لەم پەیڕەوە بەدەر نیە، لە راستیدا ئەوان لەوانەیە وەك دەردەکەوێت لافی شانازیکردنیان بە بنەچەی خۆیانەوە هەبێت، وەك خێڵەکانی تری بتلیس، هەکاری و کوردەکانی ئەردەڵان، کە هەمیشە رەوەندێکی سەرسەخت بوون و لە ناو چیاکانی بتلیسدا نیشتەجێبوون.

لە سەردەمی سەلیمی یەکەم، کە لە ساڵی 1514دا شا ئیسماعیلی لە شەڕی چالدێراندا، لە ئاراکسس شکاند. خێڵی حەسەنانلوی گواستەوە بۆ ئەو شوێنەی کە سنووری وڵاتی ئێران و روسیا تێکەڵ دەبن، تا لەژێر فەرمانیدا بن بۆ پارێزگاریکردنی، لەوێ دوو ئەوەندەی جاران کەمتەرخەمتر بوون لەڕووی گوێنەدان

بە کشتوکاڵ، لە هەر شوێن و وڵاتێکدا کە پڕ بووبێ لە چیا و زەویش بۆ باخوباخات ئەوان پێی شادمان بوون. *

لقە ناودارەکانی خێڵەکە لەسەر سنووری ئێران نیشتەجێن، کە سپکانلو و حەیدەرانلو بوون، ئەوانە هەرگیز هەڵسوکەوتیان نەبۆتە کێشە بۆ سەرکردە و فرمانڕەواکانیان، لەو فرمانڕەوایانەش شا عەباس کە دوای چەند دەساڵێك، زەعفەرانلو، ئادەمانلو و کەیوانلوی هەڵبژارد و ناردنی بۆ خۆراسان تا لە کاتی داگیرکردنی تورکیادا وەك هێزێك لەژێر فرمانی خۆیدا بن.

بەپێی پەیمانی 1639 هەموویان گێڕایەوە بۆ تورکیا، بەڵام حەیدەرانلو و سپکانلو زۆر ناڕازی بوون بەو کارە و بەهۆی ئەوەوە زیانێکی زۆریاندا لە خاکی ئێران. دوای ئەو کارەساتە هەستیان کرد کە دەبێ بەندێکی تر لە پەیمانەکەدا زیادبکەن و لەلایەن سوڵتان مەحمودی دووەم و فەتح عەلی شاوە بۆ ئەو مەبەستە مۆرکرێ. بەندەکەش دەڵێ: ئەگەر هاتنە ناو وڵاتی ئێرانەوە بەرپرسێتی تەواو دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردەکانیان. هەروەها سوڵتانی تورکیش ئەم کارەی ئەنجامدا*. حەسەنانلو لە ساڵەکانی 1829، 1854، 1875دا هاوبەشی جەنگی تورکیان کردووە دژ بە هێزی رووس، بەڵام لە دوایدا خیانەتێکی بلیمەتانەیان لێدەرکەوت بەرامبەر بە تورك، بەوەی کە رێیان دا بە هێزی رووس تا بە وڵاتەکەیاندا تێپەڕن، لەبەرئەوەی

* ئەم رەوشتە کاریکردۆتە سەر ئیدریسی ، کە کوردێکی بتلیس بووە و وەزیرێکی ناودار و هەڵکەوتوی ئەوسای سوڵتان بووە.

* سپکانلو بانگی سبیکی کرد بۆ پەیمان بەستن، ئەوە بە شێوەی تاك ئەوا دەنوسرێ، سبکانلو یان سپکانلو کە کۆی کوردیە و کۆتایی وەسفی تورکی.

ئەوان بێکەڵکبوون لەم شەڕەی دواییدا. خێڵەکە هەمیشە ناوبانگی خراپی هەڵگرتوە لەناو کوردەکانی باشووردا و پێیان دەڵێن: شوانی دڕندەی کێوی، چونکە پێشینەیان نییە.

## هەکاری

خێڵی هەکاری شانازی ئەوەیان دەکرد کە کۆن و ئەسڵزادە ترن لە هەموو کوردەکانی دی، هەر ئەو شانازیە وایکردووە کە ناوەندی کوردستانی راستەقینەیان لە سەردەمانی زۆر زووەوە داگیرکردووە. لە لیستی خێڵە ناوەندیەکاندا تەنیا یەك دوو خێڵ ئەمڕۆ یەکن لەگەڵ بنەماڵە سەرەکیەکاندا، ئەوانەش ئامێدی و مزورین و بە زمان و دیالێکت و کلتورەکەیان ئەو بۆچوونە دەسەلمێت. لە رۆژانی دێرینی کوردستاندا حوکمڕانیان لە میرە بەهێز و هەڵکەوتوەکان هەبووە، پێیان دەوترا فرمانڕەوای بتلیس، کە لە بەشەکانی هەکاری نەتەوەیی کوردەوە هاتوون و بە دیالێکتی کرمانجی ئاخاوتنیان دەکرد. یەکێکیان هاوپەیمانی نزیکی موکری بوو، کە رەسەنەترین کوردن. خێڵەکە لافی ئەوەیان لێدەدا کە رەگەزیان لە قەرە وەسمانەوە هاتووە کە سەلجوق بوو، ئەو کاتەی تەیموری لەنگ هاتۆتە وڵاتەکەوە، ئەم حاکمی هەکاری بووە. میرەکانی ئەم خێڵە لە بتلیس و جزیرەی ئیبن عومەر و ئامێدی و جوولەمێرگ و سلێمانی فرمانڕەوایی کردووە، کە ئەوەی دواییان نەبە شوێن و نەبە دیالێکتەکەیان لە خێڵی هەکاری نین. لەگەڵ ئەوەشدا جزیرەی ئیبن عومەر و جوولەمێرگ و ئامێدی لە ناو سنووری خاکی هەکاریدان و ئەوان تیایدا نیشتەجێن.

حوکمڕانی، میراتی بووە، میرەکان وەکو هەموو فرمانڕەوایانی کورد، بە پێی پەیڕەوی لە چەند مەرجێکی تایبەتی دانراون. هەروەها کە بڕیاربێ کەسێك لە فرمانڕەوایی لابرێت، کۆبونەوەی پیران و شازادەکانی تری بۆ دەکرێ و ئەو فرمانڕەوایە یا میرەی کە نەویستە ئامادە دەبێت و ئەگەر دوا بڕیاری لابردنی درا، ئەوا جوتێ پێڵاوی دەنێنە بەردەم و ئەویش دەبێ لە پێی بکات و مەجلیسەکە جێبهێڵێت. دوای ئەوەش ئەوانەی کە دێنە شوێنی ئەوەی لابراوە، دەبێ پلە و ناونیشانەکەی هەڵگرن و ئیدی دەتوانێ بیپارێزێ.

مێژووی شەڕی چاڵدیران دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1514 کە بە دۆڕاندنی ئێران کۆتایی هات، میری بتلیس و هەکاری دەسەڵاتداری ئێرانیان سەلْماند و خۆیان بەسەر تورکیادا هێشتەوە، بەڵام ئەو کاتە ئیدریس کە وەزیرێکی کوردی ناوداری سەلیمی یەکەم بوو، لە ژیاندا مابوو، دوای ئەوەی سەربەخۆیی خۆی راگەیەند، کە خاوەنی هێزێکی زۆر و ئاستێکی بەرزی هەبوو. بەهەرحاڵ لەو کاتەدا سوڵتان محەمەدی چوارەم لە ساڵی 1649دا دەسەڵاتداریی تورکیای بۆ جاری دووەم سەلماند و تا کۆتایی حوکمڕانیەکەی لە ساڵی 1849. دوا فرمانڕوایان شەریف بەگی ناودار بوو، کە لە دوایدا لەلایەن ئەو پیاوانەی هاوبەش بوون لە هێرش و خیانەتکاری تورکدا بە دیلگیرا.

سنووری وڵاتەکە هەمیشە وەك ئێستا بۆ رۆژهەڵات داوێنێکی گەورەیە کە دیاردە و نیشانەکانی سروشتی و هێڵی سنوورەکەی ساڵانی 1639–1907 دەکەوێتە نێوان ناوچەی هەکاری و موکریەوە. خێڵەکە تەنیا خاوەنی فرمانڕەوای گەورە نییە و

بەس، بەڵکو ئەدیب و نوسەری گەورەی وەك ئەحمەدی خانییشی هەیە، کە شاعیری هەکارییە و پیاوێکی دیندارە، ئەم شاعیرە چەند کارێکی نایابی هەیە.

لە سەدەی نۆزدەیەمەوە ئەم خێڵە ناوبانگێکی ناپەسەندی پەیداکرد، ئەویش بەهۆی سەربڕینی دیانەکان لە سالانی 1839–1843 بە فرمانی نورولڵا بەگ و بەدرخان بەگ، کە هەردووکیان لە خێڵی هەکارین. لە ئامێدی لقێکی حوکمڕانیەکە بە ئیسماعیل پاشا کۆتایی هات، کە بەشێوەیەکی جوامێرانە بەرەنگاری هێزی تورکی کرد و لەم دواییەدا مینێکیان لەژێر کۆشکەکەیدا بۆ دانا، دوای تەقینەوەی گیرا و ناردیان بۆ بەغدا.

شێخەکانی سلێمانی کە چوار خێزانن شانازی ئەوە دەکەن کە لقێکن لە ئامێدی، ژنەکانیشیان هێشتا نازناوی (خان)یان دەدرێتێ کە رێزێکی گەورەیە بۆیان. پەرشوبڵاوبوونەوەی میر و سەرکردەکان، هەرگیز کاری نەکردۆتە سەر هێز و توانای خێڵەکە و بەو شتانە ناروخێن، ئەوان ئێستا بەناو مەسەلەن و پاشاکانی تورکیش رازین بەوەی کە لە شارەکاندا نیشتەجێ ببن و( بمباش) تیپێکی تورکە و لەوان پێکهاتووە و سەربازەکانیان دوورن لە کوردستانەوە. هەکاری وەك هەموو خێڵەکانی تر ماوەتەوە و بە ئارام دانەنیشتووە و نیوە سەربەخۆیە، لە ساڵی 1880 -ەوە هەر هەمان ناوبانگی ئەم دواییەیان هەیە، شێخ عوبێدوڵڵا یەکێکە لە ئۆرامەری جەلوی خێڵی ناوەندی هەکاری، هێرشێکی کردە سەر ئێران و میاندواوی داگیرکرد و زیانێکی باشی بە ئێران گەیاند، بەڵام کوتوپڕ سوپاکەی پەرشو بڵاوبۆوە، ئەویش بەهۆی گەڕان بەدوای دوژمنایەتی تایبەتی و خێڵەکیدا، ئەمەش بڵاوەی پێکردن.

## موکری یان مکری

سنووری ئەم خێڵە لەو بەشەدا باسکراوە کە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا دەکات تا ئەو دووریەی مێژوو دەچێت. موکری هەمیشە لە ناوچە شاخاویەکانی دەوروبەری سابڵاخدا نیشتەجێن و هەمیشە لەلایەن سەرکردە و فرمانڕەواکانی خۆیانەوە رابەری کراون.

لە راستیدا ئەو دیالێکتەی پێیدەدوێن نزیکە لە زمانی ئاڤێستاوە و رێزمانەکەشیان بە باشی ماوەتەوە و لە چاو ئەو گرژی و چەمانەوە تایبەتیانەی زمانی زەردەشتی کۆندا. ئەم وێکچوونەش روو ئەدات، چونکە هەمیشە لەم ناوچەیەدا نیشتەنی بوون. *پرۆفیسۆر ولیام جاکسن* دەڵێت: لەوانەیە یەکەم شتێ لەسەر زەردەشتییەکان زێدی پێغەمبەرەکەیان بخاتە باشووری ورمێوە، کە لە باکووری سنووری ناوچەی موکریاندایە. ئەوەش جیاکەرەوەیەکی پشت پێبەستووە لەو تییۆرییەدا کە بۆ یەکەم جار پێشکەشدەکرێ لەبارەی گەڕانەوەی رەگەزی موکریەکان بۆ سەر مادەکان. هەر بۆ ئەو مەبەستەش زۆربەی خەڵکی ناوچەکە خۆیان بە نەوەی زەردەشت دائەنێن و بە زمانێکی هاوشێوەی زمانەکەی ئەوان دەدوێن.

کاتێ شا عەباس تورکەکانی راونا، بەشێکی گەورەی سوپاکەی پێهاتبوو لە کوردەکانی موکریان. خێڵەکە هەمیشە رێزدار بووە و خاوەنی ئاستێکی شکۆمەند بووە لە پرۆژەکانی دەوڵەتی ئێراندا. هەرچەند زۆر ناودارە، بەڵام هەرگیز لە رووی ئازایەتیەوە لە ئاستی ئەردەڵانی دراوسێیان لەباشووردا نەبوون. نووسەر و زانای ئاینییان نەبووە، هەر چۆن لە ئەردەڵاندا هەیە، تا ئەم دواییەش لەگەڵ ئەوەی

لەسەر مەزهەبی سونی بوون، بەڵام هەمیشە دڵسۆزی شای ئێران بوون، هەرچەندە پیلانەکانی نێو تاران و ناڕەزایی تورك لەو بارودۆخە بە ئەنجام گەیشت. ئێستاش سابلاخ پایتەختیانە و لەگەڵ تورکیا بوون بە یەك و کەسایەتییان رۆڵێکی جوان دەبینێ لە جێگیری مەسەلەی سنووردا، کە بە دڵنیایەوە لە کۆتاییدا هەر کێشەی لەسەر پەیدا دەبێت. هەروەها خواست و ئارەزووی تایبەتی خۆیان هەیە و لە زۆر باردا سەرو کەسایەتیی تورکە.

# ئەردەڵان

هەرچۆن هەکاری لە رۆژئاوادان، ئەردەڵانیەکانیش لە رۆژهەڵاتدان، لەساڵی 1300دا فرمانڕەوایەکی زۆرداری بەهێز لە سنەدا فرمانڕەوایی دەکرد، هەرچەندە لافی ئەوەی لێدەدا کە بۆ شەڕ و ناوبانگ نەوەی سەلاحەدینە، چونکە ئەوان لە نەوەی ئەردەڵ خان بوون. لە کوردی و فارسی کۆندا ئەو ناوە بەکارهاتووە، ئیدی ناوی نەوەی ئەردالانیان، یان نەوەی ئەردەڵیان هەڵگرتووە، دەڵێن ئەوان سنەیان لە شوێنی شارە کۆنەکەدا دروستکردۆتەوە و بە بەردەوامی نەوەکانیان تا ساڵی 1865 لەوێدا حوکمڕانیان کردووە، کە ماوەی زیاد لە 500 ساڵ هەمان بنەماڵە لە فرمانڕەوایدا بوون. تا سەردەمی خەسرەو خان (1770–1798)، فرمانڕەواکان لە وڵاتی ئێراندا سەربەخۆ بوون، بەڵام ئەو نەتەوەی ئەردەڵانە لەگەڵ ئەوەی لەسەر مەزهەبی سونی بوون، هەمیشە بۆ شا دڵسۆز بوون، بۆیە شای وڵاتی ئێران بڕیاریدا سەرۆکەکانیان نازناوی والی ئەردەڵان هەڵگرن و فرمانڕەوای شا بن لە ناوچەی رۆژئاوای ناوەندی مەملەکەتە دوورەکەی، کە ئەردەڵانی تێدایە، یان وەکو زۆرجار پێیدەوترا (پارێزگای کوردستان).

لە سەردەمی زووەوە ناوچەکە دابەشکراوە بە کۆمەڵە و یەکەی تایبەتیەوە کە ئەمڕۆ: سنووری هەورامان، مەریوان، بانە، سەقز، حەسەن ئاباد و ئەسفەندئاباد دەگرێتەوە و سنوورەکەی بەرەو تورکیا کە هەورامان و مەریوان و بانەیە تا ئەمڕۆ نیمچە سەربەخۆن، بە تایبەتی لەم دواییەدا لەوێ لە چیا سەرکەشەکانی هەورامان فرمانڕەوای بنەماڵەیەکی سوڵتانی هەورامان لافوگەزافی ئەوەی لێدەدا کە لە نەوەی

رۆستەمی پاڵەوانە، بەڵام بنەماڵەکە جیاوازن لە شانازیکردن و مامەڵەی تایبەتی ئاستی ژیاندا. ئەم میللەتە بە زمانێکی جیاواز لە کوردەکانی تر قسەدەکەن، چەرخی کۆن بێگومان گەورەیە، پڕیەتی لە شتی سەیر، لقێکی موکری دەیانوت کە گوایە ئەم خاکی هەورامانە لە لایەن مەلیکی کێوی دەمانەوە دراوە بە هەورامیەکان، کە ئەو مەلیکانە شوێنی بنەڕەتیان خاکی کوردستانە و ئەمانیش رازین کە ئەو شانازیە بکەن. خێڵەکان بێگومان سەربەخۆن و بنکەی حوکمڕانیەکەیان لە پڵنگان بووە. بانەش تا رادەیەك سەربەخۆ بوو، بەڵام هەمووی کوردی تەواو بوون و زیاتر لەژێر رکێفی ئەردەڵاندا بوون، بەهەرحاڵ خانەکانی بانە گومانیان هەبوو لە دڵسۆزی فرمانڕەواکانی هەکاری و ئاغاکانی سلێمانی. کاروباری ئابووری شارەکە یان وڵاتەکەیان لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵە وەزیرەکاندا بوو، بە چەشنی کۆنی ئەردەڵانیەکان خۆیان خاوەنی وڵاتە کۆنەکەی دوەیسە بوون کە چەند میلێك باکووری سنەیە. هەروەها لە ناوچەی هەورامانی تەخت بنەماڵەی شێخە ئایینیەکان دەژیان، لەوانەش: شێخول ئیسلامی سنە و ئەردەڵان. لەژێر دەسەڵاتی ئەردەڵانیەکاندا وڵاتەکە پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆوە بینی، ئەو کوردانەی رەوەند بوون، بەرە بەرە نیشتەجێبوون، بەڵام تا ئەمڕۆش سیمای شارستانی بە شارەکانەوە کەمە. ئەدەب و وێژە لە پێگەشتندایە و لە دەرباردا لە سنە چەند شاعیرێك دەبینرێ، رێڕەوی نوسەرە راستەقینەکانی فارسیان گرتۆتە بەر، لە هەموو شارێکەوە یان شارۆچکەیەکەوە، شاعیران لە سنە کۆدەبنەوە و بە دیالێکتێکی کۆنی فارسی، کە کەم کەس تێیاندەگەن، بۆیە زۆر لە ئامادەبووانی کۆڕی شیعر خوێندنەوە کەمیان حەزیان لێیەتی. نووسەرەکان کۆمەڵێ لەو جۆرە

شیعرانەیان لەبەر دەممایە و بەراوردی ساڵانی 1450–1684 دەکەن و باسی پێشکەوتنی ئەدەبی بەرز و هێمایان دەکرد بۆ مەرجەکانی گەشەکردن و ئاسایش لە وڵاتدا.

ریچ، ئەو پیاوەی سەردانی ئەمانوڵڵای کرد کە لە 1820دا والی بوو، سەری سوڕمابوو لەو هەموو گرنگیەی دابووی بەلایەنی ئەدەب لە وڵاتەکەدا و لەو هەموو دەست و دڵ باشیە لەگەڵ میوانەکانیدا.

کاتێ قاجارەکان دەستیانکرد بەوەی کە بناسرێن و دەسەڵاتیان هەبێت، والیەکانی ئەردەڵان چوونە پەیمان و بەڵێنی دۆستانەوە لەگەڵیاندا و زۆر راستگۆ بوون لەگەڵ قاجارەکان، هەرچەند ئەوان لە کاتی خۆیدا 1751- 1779 دانیان نەنا بە فرمانڕەوایی کەریم خانی زەندا.

خەسرەو خان کە لەو سەردەمەدا والی ئەردەڵان بوو، ئەمانوڵڵا خان دوای ئەو هات و هیچ شتێك نەمابۆوە نەیکەن بۆ سەلماندنی راستی دۆستانەیان بەرامبەر قاجارەکان. هەروەها بە سەرکەوتنی کۆتایی ئاغا محەمەد خانی قاجار، حوکمڕانی ئەردەڵان زیاتر بەهێز بوو لە بەراوردا لەگەڵ سەردەمانی رابردوودا. ئەو کوردانەی کە دژی لوتف عەلی خانی زەند لە شەڕی وێرانکاریدا جیابوونەوە، یارمەتی خەسرەو خانیان دا. دوای ئەوەی بنەماڵەی والی هەستیان بە هەڵوێستی قاجارەکان کرد بە هێنانی کچە شازادەی کچی فەتح عەلی شا بۆ خەسرەوی دووەم لە کەشێکی سەربەست و کراوەی کوردستاندا. توانای هەبوو بەسەر ئەو کارەدا و کردیشی، بەوەش لە ژنێك دوور دەکەوێتەوە کە لەژێر کاریگەری دابونەرێتی ئێرانی کۆندایە دوای ئەوەی کە مێردەکەی دەمرێ، کوڕە گەورەکەی جێی باوکی دەگرێتەوە هەر

لە حوکمڕانیدا دەمێنێتەوە و بە کردەوەش لە ئەردەڵاندا حوکمڕانی دەکات، بە هەرحاڵ لە پاش مردنی، غوڵام شاخانی کوڕی، ویلایەتی وەرگرت و تا ساڵی 1865 کە کۆچی دوایی کرد حوکمڕانی کرد.

ناسردین شا، زۆر بە قینەوە دەیڕوانیە ئەو پارێزگایەی کە بە کردەوە سەربەخۆیە، چونکە هەرگیز هاوئاهەنگ نەبوو لەگەڵ سیستمی حوکمڕانی لە وڵاتی ئێراندا. بۆیە هەوڵێکی زۆریدا بۆ کەمکردنەوەی هێزی ئەردەڵان، بۆ ئەو مەبەستەش دەستی گرت بەسەر کوڕی غوڵام خان شادا و موعتەمەد ئەلدەولە مامی خۆی وەك فرمانڕەوای کوردستان لە جێی دانا.

دانیشتوانی ئەردەڵان چەند سەدەیەکەیە نیشتەجێن و بێدەنگن، هێزی سەربازی کوردەکان بەرەو لاوازی دەڕوات، بەرگری پێشان نادەن، بە پلەیەکی زۆر حوکمڕانەکە بەرەو لاوازی و گەندەڵی دەچێت و بەزەیی نەماوە و تەنیا پەیڕەوی لە والیە کۆنە ناودارەکان دەکەن.

بە هەرحاڵ، هەورامان هەر خۆی راگرت و بڕوای بە مێژووی خۆی هەبوو، کە دەتوانێ بەرگەی سەربەخۆیی هەمیشەیی بگرێت. ئێران هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، لەگەڵ ئەو بەرگریە نەگۆڕەی سوڵتان حەسەن خانی هەورامی، کەچی مەملەکەتە بچکۆلانەکەیان لەژێر دەستی فرمانڕەواکەی دەرهێنا.

هێزو توانای هەورامان لە گیانی سەربەخۆیی و ئازادی بەرزی هەموو تاکێکی هەورامیەوە هەڵئەقوڵێ، کە ئەمەش بەسە بۆ داوای رێز لە گەورە داگیرکەران.

خەڵك بێدەنگە، هەورامان بوو بە دوو بەشەوە، پایتەختی پڵنگان چۆڵ بوو، درا بە دەست دیوان بەگی و عەباس قولی بەگی کوڕو برای حەسەن خانەوە. لەو کاتەوە ئەردەڵان بوو بە پارێزگایەکی ئێرانی و لەلایەن فرمانڕەوایەکی فارسەوە بەڕێوەدەبرێ، ئەو فرمانڕەوایە چەند ساڵێك دواتر ژنێکی قەیرەی لە بنەماڵەیەکی ئەردەڵانی خواست، ئیدی لە سنەدا خۆی بە جورێ دروستکرد، کە لای والی بەساڵاچوو هیچ پەسەند نەبوو. دەسەڵاتیشی لەسەر مەریوان و هەورامان هێشتا بەهێز بوو، لەگەڵ ئەوەی ئەوان ئێستا لەچاو سەردەمی رابردودا، واتە لە ساڵی 1865ەوە زیاتر لە سەربەخۆیی نزیکترن. هەروەها خۆشی پەیوەندیەکی هەبوو لەگەڵ نەوە لاوازەکەی غوڵام شا خان، وەك بیەوێ کاریگەری گومانی سەربەخۆیی لە کوردستاندا نزمکاتەوە بۆ نیمچە سەربەخۆیی و لەسەر رێڕەوی والی بەساڵاچوو.

سنە شوێنێکە زۆر پەرەی سەندووە، ژمارەیەکی زۆر لە کلدانیە دەوڵەمەندەکان بە تەباییەکی نمونەیی لەگەڵ کوردەکاندا دەژین، تاکە گرنگی ئەوەیە کە پایتەختی کۆنی کوردە و تا ئێستاش رێژەیەکی گەورە لە خانەوادەکانی کۆنی کوردی تێدایە.

## جاف

كلتوری خێڵەكی و مێژووی ئەردەڵان زانیاری ئەوەمان دەدەنێ كە ئەم خێڵە بە رەگەز بچوكترە و لە پارێزگاكانی ئەردەڵان ناوچەیەكیان لە جوانرۆ داگیركردووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ 200 ساڵ لەوەبەر. بەگەكانی خێڵی جاف هەرچەند سەربەخۆ بوون، بەڵام ملكەچی فرمانی ئێران و لەژێر چاودێری والی ئەردەڵاندا بوون، كە ئەوەش بۆ چەند هۆیەكی جیاواز دەگەڕێتەوە. بەهەرحاڵ دوژمنایەتی لە نێوان بەنی ئەردەڵان و بەگەكانی جافدا دورستبوو، بۆ ئەو مەبەستەش وەفدێك لە سنەوە چوو بۆ جوانرۆ.

ئەوەبوو براو و كوڕی سەرۆكی جاف گیران و كوژران، پاشان هەندێ لە سەرۆك خێڵە بچوكەكان هەڵهاتن و پەنایان بردەبەر پاشای سلێمانی، بەڵام هەندێكی زیاتریان بە پەیڕەوی لە كلتوری باوباپیریان لە جوانرۆدا مانەوە. كوڕی والی لە ئەردەڵان كرا بە فرمانڕەوا. خێڵە سەرەكیەكەی جاف و ئەو بەشەی لە فرمانڕەوایی خرابوون بە لەداردانی سەركردەكانیان، كە لە خێڵی مورادی بوون، ئەم خێڵە بەشێكی گەورەی جافە و(10000) دە هەزار خێزان دەبن، رەویانكرد بۆ خاكی پاشای سلێمانی.

ئیدی بەهۆی پەیوەندیانەوە و بە بڕیاری حوكومەتی تورك، رێگەدران كە هەواری هاوینەیان لەم شوێنانە هەڵبدەن: بەرزاییە نزیكەكانی پێنجوێن لەسەر سنووری ئێران، هەروەها هەواری زستانەش لەو زەویانەی سەربەخۆن لە حوكومەتی

کەرکوك، پایزانیش بۆ دەشتی شارەزوور، لە ناوچەی حوکومەتی ناوخۆی گوڵ عەمبەر سەربکەون. ئیتر دوای ئەوانە خێڵی جاف بوو بەو خێڵەی کە ئەمڕۆ هەیە و لە ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی شارەزووردا نیشتەجێبوون. ئەو کەمایەتیە جافەی لە جوانڕۆدا مابوونەوە، بۆیان دەرکەوت کە مەحاڵە لەژێر ستەم و زۆری میری ئەردەڵاندا بمێننەوە، بۆیە بڕیاریاندا بچنە خاکی گۆرانەوە و پەنابەرنە بەر سەرۆکەکانیان. ئەو بەشانەی چوونە ئەوێ: قادری میرەویسی، تایشەیی، قەڵغانچاگی، یوسف یار ئەحمەد، کۆیك، تەیرێژی و گورگکایش، کە بەشێکی لەناو گۆراندایە و بەشێکی بچوکی لەژێر دەسەڵاتی فەتاح بەگدا، لەو چۆڵەوانیەی کە گۆران و جاف وەك یەك بەشدەکات هەڵیاندابوو. هەر کە ئەیانزانی خێڵە گەورەکە سەرقاڵی کاروباری ترە، هێرشێکیان دەکرد. جگە لەو خێڵانەی پەنایان بردبووە بەر گۆران، هەندێ خێزانیش چووبوونە سنجابی.

باجلان، ئەوەی ئێستا لەسەر سنوورە، لە بنەڕەتدا بەشێکی جافە و پێشتر لە (دێرنە) بوون، ئەمانە لە جوانڕۆی کۆنی خێڵی جاف بوون، گۆران لەوێ دەریکردبوون، هەرچەند وڵاتێکی گەورە و قایم بوو. ئیدی ئەم هەوارەی ئێستایان هەڵدا و هەموو پەیوەندیەکیان بە خێڵی جافەوە پچڕا.

لە کۆتاییدا هەندێ گرنگییان پەیداکرد، ئەویش دوای داگیرکردنی زەهاو لەلایەن تورکەوە و بنیاتنانی شاری سەرپێڵی زەهاو و ناونانی بە ناوی پاشای باجلانەوە. سەرۆکی پارێزگای زەهاو لەژێر دەسەڵاتی تورکدا بوو، هەروەها سەرۆکی ئێستای باجلان، ناوی کەریم خانی کوڕی عەزیز باجلانیە، کە خێڵێکی بچوك و بە رەگەز جافن. شەرەفبەیانی لە باکووری باجلاندا بوو، کە هەموو بیرەوەریەکی بە خێڵە

سەرەکیەکەوە لە یادکردبوو. گشت خێڵەکان هاوبەشی رەگەزاتی جاف دەکەن، جگە لە شەرەفبەیانی و باجلان، کە بە بیست هەزار خێزان، یان 120 هەزار کەس دادەنرێن. ئەمانە جیاوازن لە خێڵەکانی جافە عەرەبەکانی یەمەن، کە پاشاکانیان خۆزگەیان ئەخواست ئەوانیش بخرێنە سەر کۆی خێڵەکانی ئەمان، چونکە لەسەر زەوی خێڵی تر نیە هاوشێوەی ناوی ئەمانی هەبێت. جافی تورکیاش سێ بەشن، کە زانیاری لەبارەیانەوە کەمترە لە بەشەکانی تر.

خێڵەکانی جاف: ئەماله جافی سەرتەك، جافی تیلان، میکایلی، ئاغاسووری، چەنگەنی، رۆخزایی، تەرخانی، باشکی، کیلالی، زەردۆی یەزدان بەخشی، شێخ سمایلی، سادەنی، موسەوی، تیلەکۆ. سەرجەم ئەو خێڵانە لەژێر فرمان و سەرکردایەتی مەحمود پاشادان، کە براگەورەی سێ برای بنەماڵەی فرمانڕەوایە و سەرۆکی بەشێکی گەورەی ناوەندی پشتەماڵەیە. مەحمود پاشا هەمیشە لەگەڵ خێڵەکەدا گەرمیان و کوێستان دەکات و لە کۆچ و رەودا پێکەوەن و بە سەرۆکێکی گشتی ناسراوە. دوای ئەویش وەسمان پاشایە، کە سەرۆکی بەشی دووەمی خێڵی ناوەندی پشتەماڵەیە و بە شێوەیەکی گشتی زیاتر لە شارەزوور نیشتەجێن، هەروەها وەسمان پاشا نزیکەی هەموو ناوچەی گوڵ عەمبەری بە دەستەوەیە و لەگەڵ ئەوەی زۆر بەهێزیشە، کەچی وازی لە هەموو شت هێناوە و بووە بە قایمقامی گۆڵ عەمبەر. سێ بەشی یان کەمتر لە پشتەماڵە بە دەست (کەیخۆرسو بەگی)ەوەیە، کە فرماندەی سەرەکی محەمەد عەلی بەگە و لە قزلڕەبات دەژی و خاوەنی باخ و باخاتێکی زۆر و کۆشك و تەلارە. هەروەها مەحمود پاشاش زەوی و زارێکی زۆری لە ناوچەی خانەقین هەیە. ئەوەی لێرەدا ماوە باسکرێ ئەو دوو خێڵە

بچوکەی جاف لە ناو تورکیادا، کە خۆیان وا دادەنێن گوایە جیان و تەنیا بە شێوەیەکی گشتی دان دەنێن بە مەحمود پاشادا، ئەوانەش: بەهرام بەگی و وەلەد بەگین، کە بە هەردووکیان دەتوانن 80–100 سوار لە کاتی پێویستدا و بە فرمانی مەحمود پاشا کۆبکەنەوە، ئیدی لە هەموو کاروبارێکی تردا سەربەخۆن، سەرجەمی هێزی گشتی جافەکانی تورکیا، بە هەر سێ براکە دەگاتە چوار هەزار سوارەی چەکدار بە تفەنگی مارتینی کورت، ئەوەش هەمیشە ئامادەن بۆ چالاکی و لەژێر فرماندان.

وەسمان پاشا، کە قایم مەقامی گوڵ عەمبەر بوو، کۆچی دوایی کرد و مەجید بەگی کوڕە گەورەی شوێنی گرتەوە و سەرکردایەتیی ئەو بەشەی پشتەماڵەی دەکرد و لە هەڵەبجە دەژیا.

تا ئێستاش هەندێ خێڵی بچوکی جاف هەر لە جوانڕۆ ماونەتەوە و لەژێر دەسەڵاتی حوکومەتی سنەدا بە تەواوی لە خێڵی جاف جیان، ئەوانەش: قوبادی بابەجانی، وەلەد بەگی، ئیناخی ئیمامی، دەروێشی، دلەتەژە، میراوبەگی، دایتەری و نامداربەگی، کە هەندێك لەوانە نیشتەجێن و ئەوانی تر لە وەرزی زستاندا کۆچ دەکەن بۆ دەشتی زەهاو.

لەم کاتەدا خێڵی جاف سەرچاوەی ئاژاوە و بێزاری تورك و ئێرانن، ناوچەکانی دەوروبەری بانە و سەقز وێران دەکەن. خۆشبەختانە مەحمود پاشا فرمانڕەوایەکی بەهێزە و تا رادەیەکی بەرچاو دەسەڵاتی بەسەر خێڵەکەدا دەڕوات، هەروەها هەمیشە لەگەڵ خێڵەکەدایە و دەڕۆن بۆ سەر سنووری لای پێنجوێن. لەوێشەوە هێرش دەبەن. مەحمود پاشا لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی بەشێکی پشتەماڵەیە و

سەرۆکی گشتی ئەوانی تریشە و سیاسەتێکی تایبەتی هەیە لە کاروباری پەیوەند بە خێڵەکەوە، بۆیە هەندێك لەو یاخیبووانەی دژی دەسەلاتی ئەم هەستابوون، بێبەزەییانە لەناویبردن.

بە هەرحاڵ لەم ساڵانەی دواییدا گومان کەوتەسەر سەرۆکە نیشتەنیەکان، وەسمان پاشای برای مەحمود پاشا، تاهیر بەگ و مەجید بەگ، کە بە ئاشکرا مەیلیان بەلای ئێراندا هەبوو، وەسمان پاشاش کە تا مردیش قایمقام و فرمانڕەوای شارەزوور بوو، بەو هەلوێستەی ئازاری تورکیای دابوو، کە عادیلە خانم، خاتونێکی گەورەترین بنەماڵەی ئۆرستوکراتی هێنابوو، بەهۆی ئەوەوە سۆزێکی تایبەتی لەگەڵ وڵاتی ئێراندا پەیداکردبوو. کە هیچ کارمەندێ بەرگەی ئەوەی نەدەگرت و دەبوایە دەستوپێوەند تەنیا فارس بێت و هەرگیز رێی نەدەدا لەبەردەمیدا بە تورکی قسە بکرێت.

دوای ئەوەی هات بۆ هەڵەبجە، کە خۆی بەر لە 15 ساڵ لەوەبەر هاوبەشی وەسمان پاشا بوو لە موڵکەکەدا. ئیدی بە هەیبەت و هێز و توانایی زانیاری بەدەستهێنان تەواو دەستیگرت بەسەر هەموو کاروبارێکدا و فرمانڕەوایی لەژێر چنگی وەسمان پاشا دەرهێنا و خۆی بوو بە بەرپرسی گشتی و دادگا و دادوەری تایبەتی سەپاند و بازاڕێك و سێ کۆشکی لە هەڵەبجەدا درووستکرد و پاشایەتی کردە مەخسەرە و ناونیشانێکی بێ نرخ. ئەوە بوو لەژێر فرمان و دەستووری عادیلە خانمدا، گوندێکی بچوکی وێرانە بووە شارۆچکەیەکی پێشکەوتوی رازاوە، کە پڕبووە لە میوانانی کورد و فارس.

هەروەها بە فرمانی ئەو هێڵی بروسکەی تورکی لە نێوان سلێمانی بۆ تورکیا پچڕێنرا و سوور بوو لەسەر بڕیارەکەی تا تورکیای ناچارکرد پاشگەزبێتەوە لە فرمانی لابردنی وەسمان پاشا لەسەر کار. هەوڵەکانی ساڵی رابردوویان ئەم جۆرە ئەنجامەی ئەبێت، کە لە راستیدا دڵخۆشکەرنیە و ئەوانیش بە دڵنیاییەوە دایدەمەزرێننەوە.

هێشتا عادیلە خانم هێزێکی گەورەیە و هەموو ناکۆکی و کێشەکان دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو، تەنانەت قازی و پیاوانی ئاییینیش کە لە لایەن تورکیشەوە دامەزراون، بێ رەزامەندی ئەو ناتوانن بڕیار لەسەر کارێ بدەن. بەرپرسە تورکەکانیش ئەگەر بیانویستایە بچنە دیوەخانەکەی، دەبوایە لەرێی تایەر بەگ و مەجید بەگەوە ببرانایەتە خزمەت خانم. دیوەخانەکەشی لە لایەن کارمەندی ئێرانەوە بەڕێوەدەبرا، کە فارسیەکی باشی دەزانی و نامەکانی پێ دەنوسی و ئاخاوتنیشی پێدەکرد.

عادیلە خانم لە پەیوەندیەکی بەردەوامدا بوو لەگەڵ شازادەکانی کوردی سنە، کە ئەمەش تورکی تەواو بێزار کردبوو، بێدەسەلاتیش بوون لە دەستتێوەردانی کاروباری جافدا. سامانێکی زۆری هەبوو، مناڵەکانی ساڵانە بۆ پشو دەنارد بۆ وڵاتی ئێران، کە ئەمەش بۆ بێ نرخی تورکیا بوو، هەروەها زەوی و زارێکی زۆری لەسەر سنووری کێوی باڵانبۆ لە هەڵەبجە هەبوو. سەرکردەکانی تری جاف تا رادەیەک خۆیان بەوە جیادەکردەوە کە دوورن و مەحمود پاشا لە سلێمانی هەندێ بازاڕ و خانی تیا دروستکردبوو، کە لەسەر دەروازەی بازاڕ و خانەکان، شێرو خورشیدی وڵاتی ئێرانی وەك هێمایەك هەڵگرتبوو. لەم دواییەدا تورکەکان فشاریان خستە سەر

جاف، بە بیانوی ئەوەی سەربازیان لێبگرن، باجیان لەسەر زیادکردن، کە ئەمەش کارێکی گەوجانەی سەرنەکەوتو بوو.

ئیدی وەك پاراستنی گیانی سەربەستی و سەربەخۆیی خۆیان وەك پارێزگاری سەر سنوور ووردە ووردە هەندێ سواریان ناردە سەر سنوورەکان و کەمێ باجیان دەدا و یان نەیاندەدا و چاویان لێدەنوقێنرا. ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە جاف لە لایەکەوە نەیدەویست کوڕەکانیان بنێرن بۆ دوور و بە واتایەکی تر بۆ وڵاتی تورك، یان عەرەب و لەوێ بەرگی سەربازی لەبەربکەن و کڵاو و جامانە و مشکیەکانیان بگۆڕن بە تەربووش.

مەحمود پاشا و وەسمان پاشاش هەڵوێستیان زۆر لەوە باشتر نەبووە، لە دوو سێ شەڕی دەستەویەخەدا بە چەقۆ شەڕیان کردووە و هەردووکیان زۆر تووڕە بوون، بەڵام ئاسایش هەمیشە لای عادیلە خانمەوە سەری هەڵداوەتەوە، کە دەیویست دان بەخۆداگرتنی تورکەکان نەبێتە هۆیەك بۆ لاوازی خێڵی جاف و بڵاوەکردنی سەرکردەکانی.

لە لایەکی ترەوە مێردکردنی بە وەسمان پاشا، پەیوەندیەکی دۆستانەی چاکی دروستکرد لە نێوان خێڵی جاف و ئەردەڵانیەکاندا، هەروەها لەگەڵ خێڵەکانی کولیای کاندۆڵە و سونقور و خێڵە بچوکەکانی تر، کە سەرۆکەکانیان پەیوەندی دۆستایەتیان بە عادیلە خانمەوە هەبوو.

# گۆران

گۆران لەگەڵ بیروباوەڕی ئاینیە ناوێزەکەی و دیالێکتە جیاوازەکەی لە زمانی کوردیی ئێستا، یەکێکە لەو خێڵانەی کە زیاتر سەرقاڵی کێشە مێژووییەکانی کوردستانە. لەو تیئۆریانەی کە زیاتر بە نائاسایی پێشکەوتووە بۆ زانیاریگەیاندن لەبارەی بنەچەی خێڵەکە و سەرنج راکێشانی گەڕۆکەکان، تا بڕواننە سەرجەمی بیروباوەڕی ناوێزەی عەلی وڵلاهی، کە دەڵێن گوایە مەیلانە بەلای بانگهێشتنی جوولەکەوە. (راولینس) دەڵێ: زوربەی خێڵەکانی باشوور و خێڵە ونبووەکانی جوولەکەکان رەگەزێکی سامیان هەیە، بەڵام هەندێ راوبۆچوونی تر لێرەدا گومانی هەیە لە رەگەزی ئەم توخمە ناوێزەیە.

گۆران، لافی ئەوە لێدەدەن کە نەژادیان دەچێتەوە سەر (بەهرام گور) و باوەڕیان وایە کە هەمیشە لەم وڵاتەی ئێستادا نیشتەجێ نەبوون، سنووری باکووریان دەگاتە سەر رووباری سیروان لە بەشی سەرچاوەی رۆژئاوادا، بەڵام لە وەرزی بەهاردا خێڵەکە سەردەکەون بەرەو بانە و لەوێدا بەریەککەوتن دروست دەبێت لەگەڵ خێڵی جافدا، کە دەبێتە سەرچاوەی شەڕ و ناکۆکی نێوانیان.

لەوەدەچێ گۆران وەك خێڵێك مێژوویەکی بەدوای یەکدا هاتووی بەردەوامی نەبێ، چونکە ئەوە بە تەواوی ئێستا دەردەکەوێت، پاش پەیمانی ساڵی 1639 لەو سەردەمەدا کەڵهوڕەکان لە وڵاتی ئێستای گۆراندا و لە باشووری سیرواندا نیشتەجێبوون. وەرزێرانی کرند، بانەویچ و ناوچەی رۆژهەڵاتی زەهاو بەگشتی

كەڵهورەكان تیایدا بڵاو بوونەتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی لە (دەرنە) دەركرابوون، (نزیك شیروان، كە ئێستا تەنیا ئاسەواری قەڵایەك و وڵاتێكی وێرانەیە). ئیدی ئەم چین و توێژە جوتیار و وەرزێرانە ناوی گۆرانیان هەڵگرت و خاوەنی كلتوری هەردوو گۆرانی نیشتەجێ و رەوەند و ئەو كەڵهوڕە دەركراوانەی كە ئێستا ناوی ئەوانیان لە خۆیان ناوە، لە كاتێكدا كە بەشێكی جیان لە دیالێكتی باوخۆی كوردەكان و زۆر جیاوازە لە گۆرانیش.

بەم چەشنە ئەمڕۆ خێڵەكە بە گۆرانی بەشكراو دەناسرێ، بەشێكی رەوەندە و بە كوردی كەڵهوڕی ئاخاوتن دەكەن و ئەوانی تریش نیشتەنیەكان و گۆرانی سەرەكی دیالێكتی (گۆرانی) لە ئاخاوتندا بەكاردێنن. ئەوەش بنەچەییە و وەك دیالێكتێك دادەنرێ چونكە لە تاجیكی كۆنی فارسیەوە هاتووە. ئەو خەڵكە نیشتەجێیانەی خێڵی (ریزهو) كۆنترن، دوای ئەوەی لە توانەوە دەربازبوون و لە كاتی داگیركردندا چوونەتەوە ناوەوە، وادەردەكەوێت كە ئەوانە هەورامی بن، چونكە بە زمانێك دەدوێن كە پێكهاتووە لە زمانی ریزهوی و گۆرانی نیشتەنیەكان، كە لە هەمان رەگەزی جێگیرن. پاش ئەوەی لە وڵاتی نوێدا هێزیان گردكردەوە، ئێستا خێڵە نوێكەش پێیدەوترێ خێڵی گۆران، كە پێكهاتووە لە گۆرانی نیشتەنی و كەڵهوڕ و رەوەندی زەنگەنە. ئیدی بۆ دووەم جار كشانەوە بەرەو باكوور و باجلانیان لە (دەرنە) وەدەرنا كە كاتی خۆی داگیریان كردبوو.

فرمانڕەوایانی خێڵەكە هەمیشە نازناوی (سوڵتان)یان هەڵگرتووە، خێڵە سەرەكیەكە بریتیە لە شەش خێڵی ناوەندی : غەوارە، نیریجی، قەڵغانی، ببیانی، كەلی زەنجیری، كە بنكەی سەرەكیان لەم شوێنەیە و ناوەكەشیان هەر لە شوێنەكەوە

وەرگرتووە. سەرۆکی ئێستایان حسێن خان کوڕی ئەسەدوڵڵا خان کوڕی مستەفا خانە، کە یەك لەدوای یەك و لە کاتی خۆیدا سەرۆك خێڵ بوون. حسێن خان شازادەیەکی قاجاری هێناوە و کوڕێکی لێیبووە و ناوی ناوە محەمەد والی خان، خانی خانان، کە ئێستا نەماوە.

حسێن خان مەنسورالمولك، کە فرمانڕەوایی قەسری شیرینی درایە، بەم شێوەیە دەسەڵاتی درێژدەبێتەوە بۆ سەر سنوور، بەڵام پۆستەکەی لەژێر چاودێری داود خاندا بوو، کە بەهێزترین دۆست و سەرۆکی کەڵهور بوو.

شوێنی پارێزگای کرماشانی ئێستا زۆر بەهێزە، بۆ ئەوەی پارێزگاری بکرێت لەلایەن گۆران و کەڵهوڕەوە، پێکەوە هەشت هەزار سواریان کۆکردەوە، بۆ ئەوەی نەك تورك هەوڵی ئەو جۆرە پەلامارانە بدات، وەك لە باکووری کوردستاندا کردی. کەچی هەمەوەند (کە دواتر لەبارەیەوە دەدوێین) ئەم هەلەی قۆزتەوە بۆ داواکردنی پەنابەری لە گۆشەیەکی بچوکی خاکێکی نزیك گۆراندا، کە لەوێدا پارێزراون و لە هەمان کاتیشدا دەتوانن پەلاماری تورکیاش بدەن و بچەنە ناو خاکەکەیانەوە.

لەژێر فرمانڕەوایی ئەم سەرۆکەدا خێڵەکە هێز و توانای پێشووی لە دەست چوو، هەرچەند لاواز بوو، نەشیئەتوانی لە ناڕەزایی خانی ناوەند دڵنیابێت. بە چەشنی والیە کۆنەکانی ئەردەڵان، سوڵتانی گۆرانیش مەزهەبی شیعەی محەمەدییان وەرگرتبوو، تا سوپاس و ستایشی پاشاکانی ئێران بەدەست بێنێ، بەڵام خێڵەکە لەسەر مەزهەبی عەلی وڵڵاهی بوون و شوێنی پیرۆزیان هەبوو، بە شێوەیەکی تایبەتی، زەردە، بابایادگار لە خاکی خۆیاندا پیرۆز بوون لەلای هەردوو خێڵەکە، دانیشتوانی ئەو کاتەی بەر لەوەی کەڵهوڕ دەرکرێ و ببن بە گۆران لە بیروباوەڕدا.

(سێر هێنری رەولینسن) لە 1834دا تێپێكی لەم خەڵكانە پێكهێنابوو، ئەو زۆر رازی بوو لە توانای سەربازی و شێوەی رێكوپێكی و ملكەچیان بۆ فرمان.

دەستێكی باشیان هەبوو لە راگرتنی تایشایی و موراد وەیسی جافەكان، ئەوەش وەك پارێزگاریەك تێیدەڕوانن و خۆشیان بە گۆران دادەنا.

## هەمەوەند

ئەمە ناوی لقێكی خێڵێكە كە لە قەرەداخی سەر بە سلێمانی دەژین، بەڵام پێویستی بە شیكردنەوەی زیاتر هەیە، بەتایبەتی خێڵە ناوەندیەكان كە لەژێر ناوی جیاجیادان.

لەسەر زاری هاووڵاتیانەوە، وادەردەكەوێت كە هەمەوەند خێڵێكی گەورەیە و لە سەر سنوورەكانی نزیك قەسری شیرین دەژین. لە سەردەمانی زووتردا ئەم خێڵە بە یەكسانی لە دوژمنایەتیدا بووە لەگەڵ عەرەب و تورك و ئێران و بگرە كوردیش. ئەوەش بە تەواوەتی لە مێژوودا دیارنیە، تا ئەم دواییە كە دەركەوت، ئەوان وەكو لقێكی جاف ئاخاوتن دەكەن و جلوبەرگ لەبەردەكەن و خواپەرستی دەكەن. ئاژاوەنانەوە و كێشە دروستكردنی هەمیشەییان كردونیە سەرچاوەی بێزاری كە بەرگەگرتنی ئاسان نیە. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا و بگرە زوتریش لەوانەیە خێڵەكە بەش بووبێ و ئەو بەشەی ناوی هەمەوەندی لەخۆی ناوە، كە لەوانەیە ئەحمەدەوەند بێت (وەك گۆكردنی وشەی (حەمە)ی كوردی لە فارسیدا) ئەم خێڵە لە كرماشان نیشتەجێیە، یان روونتر، هەواری زستانەیان لە باكووری قەسری

شیرینە، لەوێشەوە هێرش دەکەنە سەر خاکی تورکیا. هەروەها هەواری هاوینەشیان لەلای خاکی ئێرانەوەیە. یەکێکی تر لە بەشە سەرەکیەکانی چوون بۆ ناوچەی قەرەداخ و لەوێ جێگیر بوون، بەڵام هیچ شتێکیان لە کلتوری کردەوەی شەڕئەنگێزی خۆیان وون نەکردووە. بەشە سەرەکیەکەشیان لەژێر فرماندەی جوامێر میرخاندا، نزیك قەسری شیرین لەسەر خاکە کۆنەکەی خۆیان ماون و لەژێر دەسەڵاتی ئێراندان. لەوێد ئەو خێڵە زۆر لاسارە و سەرپێچی دەکات و کێشەیەکی زۆر ئەنێنەوە. بە چەند میلێك وڵاتەکەی بە دەوری خۆیا پاکردۆتەوە، خێڵە گەورەکان بێزار دەکات و پەلاماریان ئەدەن و هەڵدێن. بۆیە حوکومەتی ئێران نائومێد بوو لەوەی کە بە هێزی سەربازی دەست بگرێ بەسەریاندا، ناچار هەوڵیدا کە ساڵانە بڕی سی هەزار قرانیان بداتێ بۆ پارێزگاری کردنی سەر سنوور، بەڵام بەر لەوەی پارەی ساڵانەکەیان وەرگرن، هەرچەند ئەوان هێشتا لەسەر سنوور بوون بۆ پارێزگاری کردن، لەپڕ بە پیلانێك دەوریان گیرا و سەرۆکەکەیان گیرا و لە داریاندا، پیلانەکەش زۆر سەرکەوتوانە جێبەجێ کرا.

ئیدی لەبەر چەند هۆیەك کە ناتوانرێ روونکرێتەوە، لە ساڵی 1887دا تورکەکان بۆ بەکارهێنانیان دژی ئێران، خێڵەکەی بانگکردەوە و ئەوانیش داواکەیان پەسەند کرد و لە سنوور پەڕینەوە و گەڕانەوە ناو کەسوکاریان لە قەرەداخ، بەوەش تورکیا تەواو شادمان بوو. جوامێر میرخان بە تەواوی سەرکردایەتی خێڵەکەی کرد تا وەك دەڵێن لە 1886دا کۆچی دوایی کردووە. لە دوای خۆشی حەمەی کوڕی بۆتە جێگیری و تا ئێستاش سەرۆکی هەمەوەندە.

لە هەمان كاتدا كە هەمەوەندی قەرەداخ ئاهەنگی دروستبوونەوەی خێڵەكەیان دەگێڕا، دەستەوسان نەبوون لە پەلامار و هێرشكردن، ئەوەبوو تەنیا بە نێزەكانیانەوە چوون بۆ سەر سنووری توركیا و روسیا نزیك بایەزید و لەو سەرەوە بە ماڵ و تاڵانی و چەكەوە گەڕانەوە، دوای ئەوەی بێ زیان بەناو وڵاتی هەكاری و حەسەنانلودا پەڕینەوە و هاتنەوە، ئیدی بۆ ماوەیەك پشویاندا، پاشان لە 1881دا دایان بەسەر سلێمانیدا و بۆ ماوەی چوار رۆژ دەوریان گرت و تا رادەیەك دەستیان گرتبوو بەسەر شارەكەدا، بەڵام بەهۆی هاتنی دوو تیپی سەرباز لە كەركوكەوە شارەكە ئازاد كرا. هەر لەبەر ئەوەش بوو كە ئەو بەشەی خێڵەكە دوورخرانەوە بۆ سەحرای سینا، بەڵام بە فرمانی پاڵپێوەنەری زكماكی لە مرۆڤدا، گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان و زێدی باووباپیریان، بەردەوام لە رێگەی گەڕانەوەدا سەرقاڵی تاڵان و جەردەیی و كوشتنوبڕین بوون، دەڵێن ماوەی گەڕانەوەكەیان شەش مانگی پێچووە و تا ئەمڕۆش شانازی بەوەوە دەكەن كە لەو رێگەیەدا عەرەب و توركیان وەك یەك تاڵان كردووە. پاشان چوونەتە ناو خاكی جافەوە، بەڵام ئاگایان لەوە بووە، ئەگەر سەربزێوی لەوێدا بكەن، لەوانەیە كۆتایی هەمەوەندبێت، كە ژمارەیان تەنیا 300 سوار بوون بەرامبەر بە هەزار سواری جاف، ئەمەش وەك پەندێك پەسەندیان كرد و داوای لێبوردنیان كرد و پاشگەز بوونەوە.

لە ساڵی 1908دا بۆ ماوەی دوو ساڵ یاخی بوون و باجیان نەدا و داوای لابردنی حاكمی سلێمانییان دەكرد. هەموو رێگەكانی ناوچەی خۆیان گرتبوو، هەروەها هێرشیان دەكردە سەر بنكەی بچوكی سەربازی لە قەرەداخ.

لە هاوینی ساڵی 1909دا هێزێك لە چەمچەماڵ کۆکرابۆوە بۆ پاکردنەوەی هەمەوەندەکان، تابورێکی 250 سەربازی تورك بە رابەری ئەفسەرێکی پلەدار و چەند ئەفسەرێکی تر و چەکدار بە چەکی ماوزەڕ، ناردیانن بۆ سلێمانی لەگەڵ 100 تفەنگی ماوزەڕی نوێ بۆ کوژاندنەوەی راپەڕینی کوردەکان و دامرکاندنەوەی یاخی بوون لەسەر سنووری ئێران.

هەمەوەندەکانیش هەموو پیاوە شەڕکەرو ئازاکانی خۆیان کۆکردەوە کە نزیکەی 170 سوار و پیادە بوون، لە بازیاندا بۆسەیەکیان نایەوە تا کاروان گەیشت و هەر لەوێدا دەوریان گرتن و لە ماوەی 15 خولەکدا دوو ئەفسەر و ژمارەیەك لە سەرباز کوژران، ئاژەڵەکانیان بەرەڵاکرد و چەك و جبەخانە و خواردن و پۆشاکەکانیان تاڵان کردن. لە هەمان کاتدا هێزێکی 3500 سەربازی لە چەمچەماڵدا کۆکرابۆوە، کە ماوەی سێ مانگ بوو چاوەڕێی فرمان بوون تا دژی هەمەوەند بەڕێکەون. هەمان سوارە جەنگاوەرەکانی هەمەوەند کە رزگار بووبوون لە کاروانەکەی بازیان، شەوانە هێرشێکیان کردە سەریان و سەرچاوەی ئاوەکەیان بڕی و هێسترەکانیان بەرەڵاکرد و چەند سەربازێکیان کوشت و پاشان بە یەك کوژراوەوە گەڕانەوە.

دوای چەند مانگێك دواتر هەشت هەزار سەرباز لە چەمچەماڵ کۆکرایەوە بۆ قەڵاچۆکردنی 250 سوارەکەی هەمەوەند، هەروەها دوو دادوەریش دانرابوون بۆ دادگایی کردنیان و سزادانیان دوای ئەوەی کە گیران.

لە ئابی 1909دا فرماندەی گشتی گەیشت و بەرەو وڵاتی هەمەوەند کەوتنەڕێ، هیچ بەرگریەك نەبوو، چوونە بازیانەوە، نە پیاوێك، ژنێك، منداڵێك، تەنانەت ئاژەڵێکیش لەو ناوەدا نەبوو، خۆیان شاردبۆوە و بڵاوەیان لێکردبوو.

ئیدی بەناو گوندەکانی شوان و خێڵەکانی تردا بڵاوبوونەوە و ڕێیان پێدرا کە لەناویاندا بژین.

بەڵام هەمەوەند دەگەڕێتەوە، جارێکی تر هەمان مێژوو دووبارە دەبێتەوە و هەمان شت بە توانایەکی نوێوە دەکەنەوە یان دەتوانن بیکەنەوە.

تەنانەت ژنەکانیشیان بە هیمەت و چاونەترسێکی بێ وێنەن لە هەڵمەت و شاڵاودا. زۆر کەس سەرگوزەشتەی ئەو ژنانە دەگێڕنەوە، کە بەچاوی خۆیان کارەساتەکەیان بینیوە، کە چۆن ئەو ژنانە بەوپەڕی قینەوە شان بەشانی پیاوەکانیان بەشداری شەڕەکانیان کردووە. هەمەوەندەکان هەروەك جافەکان ئاخاوتن دەکەن و هەمان پەند دەڵێنەوە کە (لە جیهاندا هیچ کۆیلەیەك نییە مشکی و جامانەی بەسەرەوە بێ) (واتە کورد کۆلە نییە..وەرگێڕ). ئەم هاوینە کاتێ لە قەرەداخەوە هەڵهاتن بەلای باشووری رۆژهەڵاتدا لە رووباری سیروان پەڕینەوە بۆ وڵاتی شەرەفبەیانی و ئێستاش لە خاکی ئێراندا ماونەتەوە.

# بەشی چوارەم

## هەمەچەشنە

### تێبینیەکان لەبارەی ئیدارەی تورکیا و وڵاتی ئێران لە کوردستاندا

کێشەی کوردەکان لەوانەیە وەك هەر کێشەیەکی تر لە خاکی ئاسیادا سەخت و دژوار بێت، کە بۆتە هۆیەك بۆ بیرکردنەوە لە حوکومەتی تورکیا. ماوەیەکی درێژ بەر لەوەی تورکیا، کوردستان بە مافی خۆی بزانێت و داوای بکات، پێش ئەوەی ئیمپراتۆرێت دابمەزرێنیَ و پاش ئەوەش، کوردستان هەر لەوێدا بووە و سەرچاوەی ئاژاوەی دراوسیَ مەزنەکانی بووە.

پێش سەدەی شانزەیەم، هێشتا کوردستان بچوکتربوو، ئەرمینیاش کوردی تێدا بڵاونەبووبۆوە و زیاتر لە باکوور و موش و بتلیس و بەدرێژایی کەناری رۆژهەڵاتی دەریاچەی واندا هەبوون و لەوێوە کوردەکان لە چیاکاندا دەژیان و خۆیان لە ناو چیاکانیاندا حەشاردابوو،* منەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دەکرد، کە دووربێت لە دەستێوەردانی دەرەکی. لەم سەردەمەدا بتلیس باشترین وڵاتی کوردان بوو، کاتیَ مەلا ئیدرس یەکیَ بووە لە وەزیرە بە تواناکان و خزمەتی دەسەڵاتی تورکی دەکرد.

* وەك جیاکەرەوەیەك لە کوردەکانی رۆژئاوا.

هێرش و پەلامارەکانی تیرەی حەسەنانلو لە نزیك بتلیسدا بەرەو بێ ئەنجامی دەچوو، بۆیە بیریان لەوە کردەوە کە بیانگوێزنەوە بۆ باکوور بۆ پارێزگاری کردنی سنووره نوێکەی تورکیا، کە دوای شەڕی 1514ز بەدەستی هێنابوو. ئاسایش و دابینکردنی کوردەکان چاوەڕوان دەکرێ، بەڵام شوانە گەڕۆکەکانی خێڵی حەسەنانلو بەدوای لەوەڕگای نوێدا دەگەڕان، دوای ئەوەی لە لەوەڕگاکانی خۆیان دوورخرابوونەوە، دەبوو شوێنێکی بە پیت و هەمیشەیی بدۆزنەوە و تیایدا نیشتەجێ بن، لێرەوە دووچاربوونی ئەرمەنەکان دەستی پێکرد.

پارێزەرە نوێکانی سەر سنوورەکان بەدەرکردنێکیان بۆ کردن لە سیستمی باجداندا و بەرگرییەکی میلی ئاسایان لێپێکهانین، بەڵام هیچ ستایش و دڵسۆزیەکیان بۆ تورك پێشان نەئەدا بۆ ئەو گرنگیپێدانە، بە تەواوی ئەیانزانی کە رازیان دەکات بۆ هۆیەکی باشتر و ئەوەشیان ئەزانی کە بێدەسەڵاتە لە سزادانیان.

تورکیا بەم جۆرە کوردێکی دەشتەکی زیاتری بڵاوکردەوە بەسەر ئەرمینیادا، حەسەنانلو و حەیدەرانلو میللەتێکی زۆرتر دڵڕەق و بێبەزەین، ئەوان بە خۆڕاگری مانەوە و هانیاندەدان تا ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ئەرزنجان و ئەرزروم و بایەزید بوو بە کورد، کە لە راستیدا ئەو ناوچانە خەریکە دائەنرێ بە کوردستان.

هەروەها ووردە ووردە ئەرمەنەکان بەرەو تووانەوە دەچن، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە کوردەکان بە وڵاتی ئەرمینیادا بڵاوبوونەوەتەوە و لە دەیەکان و بیستەکاندا ئەرمەنەکان ناچاربوون هەڵبێن. بەڵێ ئەرمەن تا ساڵی 1842 دەچەوسانەوە، کاتێ کە هەوڵدرا باری شانی ئەرمینیا سوك کرێ بەوەی کە وەك ئەو گوندانە بدەن بە

کوردەکان کە کاتی خۆی چۆڵکراوە، بیدەنەوە بەمان، کە دواجار ئەو هەوڵەش لە بەربەستکردنی پەلامار و راووڕوتدا بێکەڵك بوو.

پاشان لە 1894دا (بۆیاجین) و ئەرمینیایەکانی تر پیلانێکیان گێڕا و بەوەش بەرزترین پلەی توڕەیی تورکیان لەسەر خۆیان وروژان. کە کورد بانگکرا بۆ ئەوەی ئەو ئاژاوەیە دامرکێنێتەوە. بڕی کوژراوی ئەرمەنەکان دادەنرێ بە دە هەزار کەس و ئەوانەشی هەڵهاتن بۆ روسیا نزیکەی شەست هەزار کەس دەبوون، کەواتە لە ماوەی یەك ساڵدا حەفتا هەزار ئەرمەنی لە گوندەکانیان ئاوارە کراون و بە ئاسایی کوردەکان خراونەتە شوێنەکانیان. بەم جۆرە وردە وردە کوردەکان بە خۆراگری خۆیان بەو شارەزایی و زانیاریانەی هەیانبوو کاتێ کە لە شارەکاندا بوون، ئەرمەنەکانیان وەدەرنا و خۆیان لەو شوێنانەی داگیریان کردبوو نیشتەجێبوونەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا کێشەی کورد هێشتا زۆر دوورە لە چارەسەرەوە.

کوردەکانی ئەرزروم سەرجەم نامۆبوون بە کەش و ئاووهەوای ئەو خاکە، دوای نیشتەجێکردنیان لە گوندەکاندا، ژیانی ناو چیایان نەما و ژیان و گوزەرانی ناو شارەکانیان بەسەردا سەپاندن. لە سەدەی هەژدەدا ژێردەستەیەك لە بایەزیدا هەبوو کە شاعیر و ئەدیبی باشیان تیا هەڵکەوتبوو، نوسینیان بە تورکی و عەرەبی و کوردی هەبوو، دوای ئەوەی کەمێ پەیوەندیان باشتر بوو، ئیدی بە ژمارەی زۆر کۆچیان کرد بۆ ئەستەمبوڵ، ئێستا ژمارەیان دەهەزار کەس دەبێ و لە کاری بارهەڵگرتن و پاسەوانیدا بەکاریان دەهێنن، هەرچەند بۆیان نیە هەوڵی خۆپەروەردەکردن بدەن و هەرچۆن دەیانەوێ فێری خوێندەواری ببن. ژمارەشیان تا دێ بەرزدەبێتەوە و ئێستا لەوێ رۆژنامەیەك دەردەکەن بە زمانی تورکی و

کوردی لەو شارەی پێیدەوترێ (کورد). نیشتەجێبوونی کوردەکان لە ناو شارەکاندا چەند درێژخایەن بێت سنووری دانانێ لە ئاستی گیانی سەرپێچیدا بە خواستی سەربەخۆیی.

شەڕوشۆڕ، ئاسایش، بەرتیل، هەڕەشەوگوڕەشە، پەسەندی، بە تەنگەوە نەهاتن، هەمووی تاقیکراوەتەوە و هێشتا کورد وەك هەڕەشەیەك هەر ماونەتەوە بۆ هەموو هەڵفریواندنێك لە کاتی پێویستدا لە وڵاتی خۆیان و لەسەر سنوورەکانیان.

ئەوانەی لە ناو تورکیادان بەتەواوی دڵنیان لەوەی کە ئیمپراتۆریا لە 1830 بەختەوەرتر بووە. کە ڕێی نەدا بە لوتبەرزی دووچاری بکات بە کێشەوە، کە لە کۆتایدا دەبووە دابەزینی سەربەخۆیی ئاغاکانی کورد، ئێستا ئەوان تەنیا سەربەخۆن سەرباری ئەو روانینە ریسواییەی تورکەکان بەرامبەریان و زۆر جار دەریاندەکردن و دووریان ئەخستنەوە. بۆ هەوڵدانی راڤەکردنی هەر سیستمێکی ئیداری بۆ کوردستان، لەوە دەچێت مەحاڵ بێت، فرمانڕەوایی بۆماوەیی کە کوردەکان ملکەچی ئەو سیستمەن و کە دەکوژرێن و جێنشینەکە بەزۆر هەموو هێزێکی لێ زەوت دەکرێت و حوکومەتی تورکیا هەستیکرد کە مەحاڵە ئەوە بکات لەگەڵ ئەو هەموو دەستوورەی ناپلوێندا. هەروەها ئەفسەرە سەربازەکانی بە پرچی لولیانەوە و سیخوڕ و پۆلیسەکانیان کە کۆنتر جەردە بوون و کاریان دەکرد بۆ سەرکەوتنی تایبەتی خۆیان. ئەوەش لە بنەڕەتدا بێ توانابیە، چونکە ئەوان تورکن و لەلایەن هەموو ئەوانی ترەوە دەبوغزێنرێن، بەگشتی عەرەب، ئەرمەنی، ئاسوری، کلدانی و لەسەر و هەمووشیانەوە کوردەکان قینیان لێیانە.

لەم دوو ساڵەی ئەم دواییەدا کاتێ هەستی سوڵتان عەبدولحەمید زیاتر فراوانتر بوو بۆ پەروەردەکردن و ڕێنمایی کوردەکان، ئەو هەستە مرد و بەسوك روانین جێیگرتەوە و لاوازتر بوو لە رژێمەکەی پێشوو، بەوەش کوردستان لە هەموو لایەکدا تەقیەوە، ئەو خێڵانەی ساڵانێك بوو باجیان نەداوە و نایانەوێ جارێکی تر باج بدەن، خێڵەکان هەموو ساڵێك لە گەشەی زیاتردا بوون، بەهێزتر دەبوون و دەوڵەمەندتر بە کۆکردنەوەی سامان و چەك و جبەخانە، ئیدی خێڵەکان ووردە ووردە خۆیان ئامادەدەکرد بۆ ئەو سەربەخۆییەی کە لەژێر دەستی میرەکانیاندا هەیانبووە. بۆیە موتەسەریف و(بومباشی)یە تورکەکان شمشێرەکانیان خستە پشت دیوارە ئەستوورەکانەوە لە سنووری خۆیاندا.

وەك ئاشکرایە لای خوێنەوارانی مێژووی گشتی تورکیا لە دەیەی سێیەمی سەدەی نۆزدەدا، پارێزگاکانی: هەکاری، بتلیس، رەواندوز، ئامێدی و سلێمانی رێیان پێدرابوو کە لەژێر فرمانی میر و بەگەکانی خۆیاندا ببرێن بە رێوە، بە مەرجی ئەوەی کە وەك دەستوپێوەند وەلایان هەبێ بۆ تورکیا. سەرکردەکانیان ساڵانە دیاری و باربووی سوڵتانەکانیان دەکرد. بەڵام بەو هەستوسۆزەوە کە تورك هەیەتی بۆ دەست بەسەراگرتنی ئەو ناوچەیە، کێشەیەکی زۆر گەورەیە، هەوڵێکی زۆر دراوە کە بەهێز و بە فڕوفێڵ ئەو فرمانڕەوایانە لابەرن لەسەر کار. ئەوە بووی دوای چەند ساڵێك دوا میریان گیرا و دەرکرا. دوای ئەوە والیەکان و موتەسەریفەکان، قایم مەقامەکان، بەڕێوەبەرەکان و هەموو دامودەزگاکان کەوتە ژێر دەسەڵاتی تورکەوە و کوردستان بەشکرا. هەکاری خرایە ژێر دەسەڵاتی والی وان، ویلایەتێکی تر لە ناوچەی گەورە و گرانی بتلیس دامەزرا و سەرجەمی باشووری کوردستان خرایە

سەر موسڵ، شارە جیاوازەکان و بەرپرسەکان و حاکمی مەدەنی دانرا و لە چەند شوێنێکدا ئۆردوگای سەربازی بۆ پاراستن رێکخرا.

سیستمەکە رەزامەندی پێوە دیارنیە، ئەوان ئاماژەیان لەسەر ئەوە نەکردووە کە لەگەڵ کوردەکاندا یان بە تەنیشتیانەوە رەگەزی تری وەك مەسیحیەکان هەیە، کە پێویستیان بە پارێزگاری هەیە، ئەوان هەمیشە لەژێر دەسەڵاتی ئاغاکانی کوردەکاندا بوون و هەمیشە وون بوون لەژێر دەسەڵاتی تورکا. وان ناوەندی ئەرمەنەکان بوو، کەچی بە فرمانی سەرۆکی ولایەت نیوەی ئەرمەن و نیوەی کوردی تێدا دانرا، بە شێوەیەکی ئاشکرا هەکاری و وان لەبەر بە یەك نەگەیشتن بە یەك لە رووی جوگرافیەوە بۆیە جیابوون، ئەمە نەخشە و پیلانی دەست تێوەردانی کاروباریانە لەلایەن دراوسێکەیانەوە.

هێزێکی تر بۆ داگیرکردنی کوردستان لەوانەیە هێزی سەربازی بێت، یان نیمچە سەربازی، کە تاکە هۆکارە بۆ کۆنترۆڵکردنی کوردستان بە هێزی بێگانە. تورکیا لەگەڵ ئەوەی لەسەر مەزهەبی سونییە، کەمتر بێگانەیە بە کورد لە چاو میللەتەکانی تردا. کوردستان هەموویان سونی نین و رەگەزی ئارییان، کە هەستی کورد دژی تەتەر ئەخرۆشێنێ وەك دوژمنێکی بۆماوەیی. توخمی مەسیحیەکان هەڵهاتەیەکی زۆر مەبەستە لە نێو کوردەکاندا، بە تایبەتی لە هەکاری و باشووری وان، ئەوان نیمچە سەربەخۆیەك بوون لەژێر دەسەڵاتی کوردەکاندا، هەرچەند کوردەکان خۆیان لەژێر دەسەڵاتی تورکا بوون. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هیچ کۆمەڵکوژیەك روونەداوە تا تورك دەستیان گرتووە بەسەر حوکومەتدا، لەم سەردەمەدا، دانیشتوانی مەسیحیەکان، بەتایبەتی ئەوانەی ناوچەی (سێرت).

ئەوەی کە زۆر ناخۆشە ئەوەیە دوای ئەو هەموو پێناسەیە، تورکەکان هێشتا بەردەوامن لە بەکارهێنانی کوردەکان بۆ جێبەجێکردنی کارە ناپەسەندەکانیان و چەوسانەوەی کلدانەکان و ئاسوری و ئەرمەن.

سوڵتان عەبدولحەمید لە دیدێکی گەشبینەوە هەوڵی بەڵگەیەکی نەخۆشی ئەدا بۆ ئەوەی کوردەکان بکاتە هاوڵاتیەکی باش بە پەروەردەکردنیان تا بیانکاتە سوارەی تیپەکانی. بۆ ئەو مەبەستەش لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستاندا قوتابخانەی کردەوە، کە بە تەواوی گرنگیەکی باش بوو، بەڵام کاریگەر نەبوو لەسەر هەستی بوغزاندنی کوردەکان بەرامبەر گەورەکانیان. یان وەك دەڵێن: ئەو هەوڵە سەربازیەی پێشتر لەم راپۆرتەدا باسکراوە، تیپەکانی حەمیدیەی ئێستا دائەنرێن بە یەکێ لە کێشەکان و هۆی سەرەکی ئازاردانی ئەرمەنەکان.

بە گوێرەی فارسەکانەوە ژمارەیەکی کەمتر کورد لەژێر دەسەڵاتی فرمانڕەوایی ئەواندان، کە دابەشکراوە بەسەر خێڵەکان و پارێزگا سەرەکیە گەورەکاندا، لێرەدا پێنج دانەی سەرەکی هەیە: موکری، ئەردەڵان، کەڵهوڕ، گۆران و کرماشان، کە هەمان کێشەیان نیە تا مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

حوکومەتی ئەردەڵان لێکۆڵینەوەیەکی کرد، سابڵاخ بەڕێوەدەبرا لەلایەن خێڵی موکری و سەردارێکی خۆیان کە پیاوێکی تێگەیشتو بوو رابەری دەکردن، کوردی و فارسی وەك یەك دەزانی. خۆ ئەگەر گۆران و کەڵهوڕ نەنوسێن بە وڵاتی فارسەوە، ئەوا بە لایەنی کەمەوە ئەوە کۆیاندەکاتەوە کە لە رەگەزی ئاریدا هاوبەشن و پەیوەندیەکی بەهێزترە لەوەی بیری لێبکرێتەوە. هەروەها ئاینیش پەیوەندیەکی ترە لە نێوان کەڵهوڕ و ئەواندا. تا ئەم کاتەش کوردەکان ئەو کێشەیەیان بۆ فارس

دروستنەکردوە، لە بەراوردا بەهەمان بڕی شوێنەکانی تر و خێڵەکانی تر، ئەوەش لە لایەن فارسەوە دامەزراوە کە بێ تانە و تەشەر کورد لە ئاستی فارسدایە و لە رووی شارەزایی و زانیاریەوە هاوشێوەن و زمانەکەشیان تا رادەیەك هاوبەشە و بە بێ سڵکردنەوە تێکەڵ دەبن. کوردەکان هەمیشە لە پەیوەندیدان لەگەڵ فارسەکاندا و هەرگیز سوکایەتیان پێناکرێ بەو شێوەیەی لەلایەن تورکەوە پێیان کراوە. بە زەبروزەنگ و خۆبەسەرا سەپاندن و قسەی رەق و زمانی ناوێزە و نەناسراو و چەردەیەك یاسای سوکایەتی پێکردن.

لەم چرکەساتەدا جگە لە خێڵی موکری کە سونین، کوردستانی ئێران وەك هەموو بەشەکانی تری ئەو وڵاتە بێدەنگە. هەرچەند لەم ساڵی دواییەدا کێشە هەبوو لە هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیادا، کە لە راستیدا تێبینی هەڵدەگرێ بەوەی کاتێ لە کوردستانی تورکیادا ئاژاوە بەرپادەبێ کاروانەکان لە شارەکاندا دەمێنێتەوە، بەڵام لە کوردستانی ئێراندا پەیوەندیەکان کراوەیە و نەك بە شێوەیەکی رێکوپێك بەرقەراربێت. چاکترین نمونە ئەو ئاژاوەیەی سلێمانی بوو دژی حوکومەتی تورکیا کە شتومەك لە سنوورەکانی فارسەوە دەهێنن، لە هەر شوێنێکەوە بێ، ئەردەڵان یان کرماشان و پاشان وەستا.

ناوچەی کرماشانی ژێر دەسەڵاتی داود خان، کەڵهوڕ و گۆران، و کاروانەکان تێدەپەڕن و دەگەڕێنەوە، چونکە وڵاتەکە لەژێر دەستی کوردەکاندایە و سەرۆکەکانیان بەڵێنی پارێزگاری کردنی شتومەك و خەڵکی ناو کاروانەکانیان داوە.

## دووەم/ زمان

هۆی راگەیاندنی بیر لە لایەن کوردەکانەوە بەکارهاتووە، نەك وەکو زۆربەی ئەو گەشتیارانەی هاتونەتە کوردستانەوە، سوورن لەسەر ئەوەی کە زاراوە تایبەتیەکانی رەق و تەمومژاویە، بگرە دیالێکتێکی بۆگەن و ناشرینی فارسیە.
بە پێچەوانەوە، ئەوە زمانێکی خاوێنی ئاریە ماوەتەوە، بە شێوەك لە سەر چیا خۆڕاگرەکانی کورد پارێزراوە، کە مایەی شانازیە لەو کاتەوە کە مێژووی فارس چۆکی داداوە و مەزەندە و تیوێری شوێنیان گرتۆتەوە.
لە ناو هەموو زمانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا ئەو زمانە خۆی پاراستووە لە تێکەڵبوونی وشەی عەرەبی، جگە لەو وشانەی بەهۆی ئاینی عەرەبەکانەوە، ئاینی ئیسلامەوە خواستراوە، ئەو وشە ئاریە کۆنانەی پێشکەشکراون بە ئێمە، کە لە بنەڕەتا لە فارسیدا بەکارهاتووە، بەڵام زۆر لە مێژە لە بیرچۆتەوە، کەچی ئەوەتا کورد هەموو رۆژێ بەکاریاندەهێنێ.
بە هەرحاڵ، ئەوە بەرودوای زمانە جیاکانە کە پارچە پارچەکانی گەشەدەکەن و زمانێکی جیهانی ئەمڕۆ پێشکەشدەکەن، تەنیا دوو تا سێ دەیەی ئەوێت تا دیالێکتەکانی گەشەبکەن، گۆڕانی گۆکردنە سەرەتاییەکان بەدوای گۆڕان و شیکاری رێزمانیدا دێت، کە زۆر تەواو گەشەی کردووە، گەشەکردنەکەی بەشکردووە یان تەنیا تێبگەین بە زمانێکی سەرەکی ناسراو، یان تەنیا یەکێ لە دیالێکتەکان.

کەواتە لەگەڵ لقە سەرەکیەکەی زمانی ئاری کە فارسی و کوردی سەرچاوەی لێوە هەڵگرتووە، زۆر نیشانە هەیە کە سەردەمانێك کوردی و فارسی هەمان زمان بوون، بەڵام هەر یەکەیان بە تەنیا گەشەی کردووە لەسەر هێڵێکی دیاریکراو تا ئەمڕۆ کە ئیتر ناتوانین بڵێین کوردی دیالێکتێکی فارسیە، وەك ئەوەی کە دەتوانین بڵێین سکاندینافیان دیالێکتێکی ئینگلیزیە.

بەڵێ کوردی دەستیکردووە بە جیابوونەوە لە فارسی و هەریەکەیان دیالێکتە جیاوازەکانی خۆیان هەیە. فارسی بەو دیالێکتانە جیادەکرێتەوە کە لە شارەکاندا دەردەکەوێت، هەرچەند ژمارەیەکی زۆر دیالێکتی هەیە بەڵام لەبەرئەوەی هەمووی یەکگرتووە و فارسی دیاریدەکەن، نەك لوری و کوردی و بلوج. کوردیش بە هەمان رێگە ژمارەیەکی زۆر دیالێکتی هەیە، بەڵام چونکە بچوکن لە ئاستی ئاڕاستەکردنی کاردا نین، زمانێکی نوسینی هاوبەش هەیە و لە گەشەکردن و گۆڕانکاریدایە، بەم جۆرە ئەوەی لێرەدا وەك کێشەیەك بۆ قوتابی کورد دێتە پێشەوە، ئەوەیە کە هەر هەموو ئەو دیالێکتانە هەر یەکە لافی ئەوە لێئەدات کە زمانی سەرەکی کوردیە، بەڵام زمانی راستەقینەی کوردی پێویستە دیالێکتەکانی بە زنجیرە دیاریکرێ، تا بزانرێ کام خێڵ کۆنترە و دیالێکتەکەی کوردیەکی پاکترە.

زانستی رەگەزەکان، جوگرافی، کلتوری و زمانەوانی تیرەی موکری سابڵاخ، هەموو ئەو مەرجانەی تێدایە کە پێویستە ئەمڕۆ وەك پێوانەیەك بڕیاری رەگەز و زمانی کوردی بدات. ئەوەندەی ئێمە دەتوانین لێیبکۆڵینەوە (زۆرۆستەر) واتە زەردەشت، کە لە دوایدا بە زمانی مادەکان ئاخاوتنی دەکرد، لە سەر سنووری

باکووری ئەو شوێنە کە ئێستا خاکی موکریە لەدایك بووە، زمانەکەشی لە کتێبی زەردەشتا هاتوە کە زۆر نزیکە لە دیالێکتی موکریەوە. ئەو بیردۆزەی لە لایەن ( هوارت دۆرسەستەر) و دەسەڵاتەکانی ترەوە لەسەر زمانی ئاوێستای (زۆرۆستەر)ەوە پیشکەشکراوە، کە کوردی لە زمانی مادەکانەوەیە هەرچۆن فارسی دەچێتەوە سەر پەیکەری یادگاری (پێرسێپۆلیت)، گەشەکردنی هاوچەرخ جیاوازی ئەوەیە کە کوردی چەردەك وشەی لە عەرەبیەوە نەهێناوە وەك فارسی هێناوێتیە ناو زمانەیەکەیەوە و هەروەها زۆر بە باشی پارێزگاری لە شێوەی فرمان کردووە.

لەسەر زمانی مادەکان، بەداخەوە زۆر کەم لەبارەیەوە دەزانین، بەڵام وەك کتێبەکەی زەردەشت (زۆرۆستەر) لەوانەیە لە قۆناغی (ئەکایمێنیان) دا نوسراوبێ، ئێمە زمانێکمان تیایدا هەیە کە لەوانەیە زۆر کەم جیاوازبێ لە مادەکان. کوردی چەند بە نزیکی ئەم شێوانەی پاراستووە کە نمونەن لە زۆر رێگەوە، هەندێ وشە لێرەدا وەرگیراوە کە ئەوە پیشان ئەدات:

| فارسی هاوچەرخ | ئاڤێستا | کرمانجی هاوچەرخ | واتا |
|---|---|---|---|
| سەنگین، بزورگ | ماز | مەزن | گەورە |
| بولەند | بەرەزا* | بەرز | بەرز |
| ماهی | ماسیە | ماسی | ماسی |
| شوتور | وشترە | وشترا | حوشتر |
| پول | پەرەتا | پرت | پرد |
| ئافتاب | هوار | خوار | خۆر |
| گوراز | ڤورازە | ووراز | بەراز |
| مەگەس | مەخشی | مایش | مێش |
| بەڕە | ڤاراخا | بەرخ | بەرخ |
| هارف، سوخەن | خسە | قسە | وشە، وتە |
| خواستەن | ڤاس | ویسو | ئارەزوو |
| دانستەن | زان | زان | زانین |
| مەن | ئەزەم | ئەز | من |
| مەن، مەرا | ماینە | منا | منە |

جگە لەو تایبەخۆییانەی نەریتی کورد، تا ئێستا هەستی بەچی کردووە، ئەوەی پشتگوێ ناوە کە (ھ) ئەو وشانەی کە لە فارسیدا دەردەدەبڕێ. ئێستا وا دەردەکەوێ کە فارس ئەو دەنگی (ھ)ی خۆی لابردووە و کوردیش (ھ)یەکی خستۆتە سەر، زۆر جار کورد ئەوە دەکات، بۆ وشەکانی ئاوێستا و پەهلەوی وەکو

* بۆ بورز، بڕوانە ئەلبورز.

وشەی (هەنجومەن)، (هەن)، (هین) کە تا ئەمڕۆ لە کوردیدا هەبووە و هەیە، لە فارسیشدا، (ه) ی سەرەتای وشە لابراوە.

ئەو تێبینە کورتانە بەسە بۆ پێشاندانی ئەوەی کە چەندە راستەوخۆ زمانی کوردی زیاتر پەیوەستە بە زمانی بنەڕەتی ئاری لە چاو فارسی دراوسێ مەزنەکەیدا. هەروەها ئەوانە بەسە بۆ خستنەڕوو بۆ قوتابیانی زمانێك کە تا ئێستا توێژینەوەی لەسەر نەکراوە لە بەرزخوازی ئەوانەی کە وەك زمانێکی پاکی ئاری دەڕواننە زمانی فارسی. پوختە و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت چونکە لەبەر کاریگەری داگیرکردندا نیە، ئەوە لە هەردوو باردا بۆ فارسی ئاساییە و دروستە.

بەهەرحاڵ لەگەڵ موکری و بەشەکانیدا، زمانی تریش هەیە لە کوردستاندا لەلایەن خەڵکانێکەوە قسەی پێدەکرێ کە بەخۆیان ئەڵێن (کوردەکان) لەوانەش لە هەموویان گرنگتر زازایە کە ژمارەیەکی زۆر لە باکووری دیاربەکر، دەوروبەری ئەرزنجان و بەشەکانی تری ئاسیای بچوك قسەی پێدەکەن. ئەوانە خەڵکی کورتەباڵا و بەجەرگی شاخاوین، بە پێچەوانەی کوردە کەڵەگەت و ئێسك پان و گەورەکانەوە، زمانێ ئاخاوتن دەکەن کە هەرچەند ئاریەکی خاوێنە، بەڵام هەمان لق نیە وەك موکری، یا ئەگەر واشبێ، دیالێکتێکە پێشوتر جیابۆتەوە لە فارسی لەچاو کوردیدا. بەهەرحاڵ دەکرێ زمانێکی نزیك ئاری پاکی بێت، بەڵام لە کوردیەوە نزیکترە وەك لە فارسی. بۆ ئەوانەی بە زمانی کوردی دەدوێن تێگەیشتنی گرانە و خەڵکی زازا خۆیان بە ئاسایی بە دوو زمان ئاخاوتن دەکەن.

هەروەها خەڵکانێکی تر هەن کە لە ناوچەی **سێرت** نیشتەجێن و بە زمانێکی سەیر دەدوێن، ژماریەکی زۆر وشەی ئارامی تێدایە، دیالێکتێکە و هەندێ جار (گەورنە)

یان (گەوەری) پێدەڵێن و لە ناوچەی هەکاری لەسەر سنوور، کورد و کلدانیەکان پێکەوە تێکەڵە و لەوانەیە زمانی یەکتری ناسینی ئەو مەسیحیانە بێت کە بوون بە موسڵمان. نزیك ساسۆن لە ئەرمینیا خێڵێکی بچوك هەیە کە پێیان دەوترێ باڵەکی، کە نە موسڵمانن و نە مەسیحی، بە دیالێکتێکی ناوێزە دەدوێن کە وەك یەك عەرەبی و کوردی و ئەرمەنی تێکەڵە و لەبەشەکانی تری کوردستان خێڵ و خەڵکێکی سەیروسەمەرە هەیە، کە لە ئەنجامی هەڵهاتنی دانیشتوانە سەرەکیەکە بۆ چیاکان، ئەو خەڵکانە لەو شوێنانەدا تێکەڵبوون و لەئەنجامی ئەو هەڵهاتنەوە چوونەتە ناو خێڵەکانی ترەوە و بەشێك لە زمانەکەی خۆیان تێکەڵ بەو دیالێکتە نوێیە کردووە.

زمانی سەرەکی، بەهەرحاڵ، وەك لای کوردەکان ناسراوە بە کوردی یان کرمانجی، باشترین بنیاتنەری لەم سەردەمەدا و بە شێوەیەکی راستەخۆش لە سابڵاخدایە لە وڵاتی ئێران.

پێشتر لە بایەزید ژمارەیەك شاعیرانی هەکاری لێبووە، هەروەها هێشتا نوسەری تێدایە، کە زمانی زکماکیی کوردی بەکاردێنن وەك ماناکانی پەیوەندیکردن و رەورەوەی هەستی ئەدەبی.

ئەو بەشە باکووریانەی کوردستان، باکووری وان و ورمێ، فەرهەنگی زمانی کوردی دەدوێن. زمانەکە هاوشێوەیە، بەڵام ناسازیەکان کە بەرە بەرە هاتوونەتە ناوی، رەقی و گرانی روون دەربڕین نادیارە لە باشوورەوە و لەوێ (ب) ی ئاری نەرم دەکرێتەوە لە لایەن کوردە باشووریەکانەوە بۆ پیتی (ڤ) یان (ۆ) و باکووریەکانیش ئەیکەن بە (پ) و ئیدی زۆری تر لەم نمونانە.

ئەم جیاوازیانە لە گۆکردندا، زۆر جیاوازی تری لە شێوە و فۆڕمی ڕێزمانیدا دروستکردووە، بەتایبەتی لە شێوە و دارشتی فرماندا، لادانیکی گەورەی کردووە لە رووی لێکۆلێنەوەی جیاکردنە پێویستیەکانەوە، کاری پتەوکردن بەرەو کورتکردنەوە چووە و پیتی ڤاوڵی (دەنگدار) لابردووە، هەروەها کاری سوك کردن وئاسانکاری پیتی کۆنسنانتەکانی ( بێدەنگ) قرتاندووە و ڤاوڵەکانی فراوانکردۆتەوە. ئەنجامەکەی بۆتە هۆی ئەوەی زمانی زکماکی ئەرزروم تا رادەیەك لای سلێمانی گرانە و تێیناگات، هەرچەند هەردووکیان و بگرە جافیش کرمانجی بنەڕەتی ئاخاوتن دەکەن.

ئەم جیاوازیانە لە بەکارهێنانی زۆردا، هەندێ لە دیالێکتەکان وشەی لە دیالێکتێکی ترەوە دەرهێناوە و بە پێچەوانەشەوە. دیالێکتە باکووریەکان پارێزگاریان لە خۆیان کردووە و وشەی زۆر کۆنتر ئەنوسن لە چاو موکریدا، کە وشەی فارسی ناوەندی هێناوەتە زمانەکەیەوە، لە هەمان کاتدا دەبینین لە کرمانجی باکووریشدا وشەیەکی زۆر تیاچووە و بۆشاییەکەی بە وشەی تورکی و کلدانی پڕکراوەتەوە. وەك ئەمانە:

دینیز / (تورکی) بۆ کوردی موکری و..هیتد/ گۆلاو واتاکەی/ دەریاچە

گەمێ / = = = = / کیشلی = / کەشتی.

ئەرد / عەرەبی بەناو تورکییدا / زەوی = / زەمین.

قیرتق / ( تەتەر) / گەلۆ = / گەروو.

قیش / (تەتەر) / دڕا = /پارچەبوون.

هەروەها (یازمش دەکەم) واتە ( من دەنوسم)، لە کوردیشدا (دەنوسم) و ناوی بکەر دیارنامێنێ کاتێ کە هونەری نوسین لای گوندیەکان نیە، و لە شارەکانیشدا پیاوە خێڵەکیەکان فرمانە کۆنەکە واز لێدێنێ و (نویسان) هێشتا لە کایەدایە و بەکاردێ.
ئەم تایبەتمەندیانە پێکەوە لەگەڵ ئەوانەی بەکاردێ و گۆدەکرێ، جیاوازیەکی زۆر فراوان دروستدەکات. بۆ بەراورد بڕوانە ئەو چەردە وشە و نمونانە:

ئاو/ لە باکووردا دەبێ بە (ئاب) و ماناکەی. ..(ئاو).

وەفر . ...............(بەرف). .......... (بەفر)

خوری. ..............( هوری). .......... (خوری)

کاقەز . ..............( کاقەت). ......... (کاغەز)

دان. ............... (دیڤان ). ...........(ددان)

خوەیشك. ........... ( خوالیك). ......... ( خوشك)

کچ. ............... ( خیز ) لە قزی تورکیەوە. .(کیژ)

تاو. ............... ( تاف)..............(هەتاو)

یووی. ............. ( ئەڤیش). ........ (هیوا)

پیاو. . گۆڕاوە بە... (میر) . ............ ( پیاو)

مل. ............... (ئەستۆ ). ...........( مل)

نوستو. ............ ( راکوە). .......... ( نوستو) و سەدان نمونەی تر.

ئەو دیالێکتەی کە پێشتر لە ئەردەڵان قسەی پێدەکرا، وەکو ئەوە وابوو کە ئێستا ناودەبری بە هەورامی، بەڵام کاتێ خێڵەکان نیشتەجێبوون و ژمارەیەکی زۆریش لە کوردەکانی باکوور بەهۆی باری ئاسایشی ئەردەڵانەوە هاتن و لەو ناوچەیە

نیشتەجێبوون، دیالێکتەکە گۆڕا و تا ئەمڕۆ دیالێکتی موکری زمانی ئاخاوتنی ناوچەی ئەردەڵانە، هەروەها لە باکووری ئەردەڵاندا کە دانیشتوانێکی زۆری لێیە، دیالێکتی خێزانە ئەردەڵانیەکان ئاخاوتن ناکەن، بەڵکو پارێزگاریان لە زمانی سەرەکی خۆیان کردووە و بە گۆڤەری سنە و دەوروبەری دەدوێن، کە ئێستا ناسراوە بە کوردستانی و تا بڵێی زمانێکی شیرینە و فراوانبووە بە هێنانە ناوەوەی وشەیەکی زۆری فارسی.

دیالێکتی کۆنی ئەردەڵان هێشتا لای خەڵکانی رۆشنبیری سنە و سلێمانی تێیدەگەن و بەهۆی پاکی و شیرینیەوە وەك زمانی ئەدەبی و شیعری باشووری کوردستان بەکاردەهێنرێت. هەرچەند ئەوەش دیالێکتێکی کوردی نیە، بەڵکو فارسیەکی کۆنە و گەشەی کردووە بۆ گۆران و هەورامان کە لەوانەیە زمانی تایك بێت لە سەردەمانێکدا لە ناوەندی فارسدا قسەی پێکراوە. هەروەها لەوانەیە لە باشووری کوردستاندا لە لایەن ئەو رەگەزانەی کۆچیانکردووە لە وڵاتی فارسەوە، یان ئەوانەی کورد نەبوون بەکارهاتوە. هەورامی وەك دیالێکتێ ماوەتەوە، هەرچۆن لەناو خەڵکانی گۆرانە نیشتەجێکاندا دەبیسترێ، زمانێکی شیرین و گونجاوە، هەرچەند لەلای هەموو کوردەکان زۆر روون نیە و لە پاوە و پڵنگان قسەی پێدەکرێ.

زمانی کرماشانی، لەناو ئەو دیالێکتەی کە لە لایەن کەڵهوڕەوە قسەی پێدەکرێ، بە شێوەیەکی دیاریکراو دیالێکتێکی کوردی نیە، زۆر لەوە دەچێ لقێکی دابڕاوی زمانە ئێرانیەکان بێت، لە لایەکی تریشەوە زۆر جیاوازە لێی و لە بەرژەوەندی کوردە کە پێیدەوترێ زمانی کوردۆ لەك، لە فۆڕمی داڕشتنی فرماندا بەرزونزمی لەك هاتۆتە کایەوە و لەسەر بنەچەی کوردی دروستنەکراوە، لە شێوەی ناویشدا، فۆڕمی کۆ

بەكاردێ، نیوەی كوردی و نیوەی لەك و لە رووی دەستەواژەشەوە دوای لەك دەكەوێ بە نزیكی لە هەندێ تایبەتیدا و كوردیش بە تایبەتی لەوانی ترەوە دێ.

## سێیەم/ كولتوور

كورد بوونەوەرێكی دڕندە و بی رەوشت نیە، لەگەڵ باشی و خراپی ئەو شاخاویانەدا لە وڵاتێكی نیمچە سەربەخۆدا دەژیا و بۆ بنبڕكردنی كێشمەكێش و ناكۆكیەكانی دەستی داوەتە چەك.

بە هەرحاڵ، بێگانەی سەرسەخت زانیاری ژیرانەیەیان هەموو لایەكی گرتۆتەوە، كە گەشەكردنەكان لەگەڵ خێراییەكی سەیر لە كوێ بوار ئەدا.

بۆ ژیانی سروشتی كوردستان، كەمێك ئاوەز و هۆش بەكاردێ لە گەشەكردنیدا، ئەویش لە سێ بوواردا كۆبۆتەوە، كە كشتوكاڵ و كاری لەوەڕاندن و ئاژەڵداری و شەڕكردنە، تایبەتیەكانی رەگەزەكانی تر، ناوداری بە جورێتی سەربازیی، كورد سەلیقەی كاری بازرگانیان نیە، لە تەك ئەوانەشدا دوكانداری و ئاڵوگۆڕی كۆمەڵایەتی وەك زۆر چوبێتەوە یەك لە شوێنێكدا، هەروەها گونجاو نین بۆ كاروپیشەیەك كە پێویستی بە ئارام و دەست پێوەگرتن هەبێت. ئەوەش وایكردووە كە رازین بە بوونی مەسیحی و جوولەكەیەكی زۆر لە شار و گوندەكانیاندا، كە بۆ هەڵسوڕانی كاروباری كوردەكان لە گەڕدان. ئەمە بەتایبەتی لە باشووری كوردستان و تا رادەیەكیش لە ناوچەی ئەردەڵان هەیە، كە بنەماڵەی فرمانڕەوای شارستانی زیاتر مەسحیەكانی سەربەستكردووە بۆ كۆكردنەوەی سامانێك كە لە سامانی سەرگەورەكانیان زۆرترە. ئەوانیش ئاگایان لەوانە و ئاماری ووردیان بۆ دەكەن و لە

هەموو کاروبارێکدا یارمەتیاندەدەن و کاریان بۆ ئاسان دەکەن. لە یەکێ لە قوتابخانەکانی سنەدا کاسۆلیکێك بڕی پێداویستی قوتابخانەکی دا کە زۆر زیاتربوو لە بەرامبەر ئەوەی کە شازادەکان ئەیاندا و منداڵەکانی خۆشیان تیایدا دەیانخوێند. کوردە دەوڵەمەند و بە تواناکان، لەوە زیاتر پێویستیان بە شەڕ نیە و دوای مێگەل و مەڕومالاتیش ناکەون و زەویەکانشیان ناکێڵن، بەڵکو ئیدی روو دەکەنە ئەدەب و وێژە و زمان، هەر رەگەزێ بەهرەیەکی نایابی هەبێ لەو بڕوایەدام لە لای خەڵکانی تری ئاسیای ناوەڕاستە.

فارسی یەکەم زمانە کە لە باشووری کوردستاندا فێری دەبن و تورکی یان عەرەبیش لە باکووردا، کاتێ کوردەکان ئەوە رابەری دەکەن، بەشی زۆری کاتیان بە ئاسایی تەرخان دەکەن بۆ فەلسەفە و زانستی سووفیزم و خوێندنەوە و نوسین بە عەرەبی و شیعر بە کوردی. من بەش بە حاڵی خۆم بەختیارم بەو جیاوازیە بەرچاوەی نێوان کوڕی کورد بەرامبەر کوڕی تورك، لە قوتابخانەی سەربازی لە سلێمانیدا، سەرجەم قوتابیە کوردەکان بە سەرکەوتویی قوتابیە تەتەرەکانی هاوەڵیان بەجێهێشتووە بۆ پلەیەکی بەرزتر. لە سەرو ئەو توانایە و سۆزی نامەنوسینیش، کەچی بێبەختانە کوردەکان ئەو جۆرە توانا دیاریکراوە شکنابەن بۆ بەدەستهێنانی دەرامەتێکی پڕ لە ئاسودەیی، بەلام ئەگەر بەرپرسکرێ بە رێکخستنەکانی تری خۆی و کۆنترۆڵکردنی هێزەکانی، بە سەرکەوتوانە جێبەجێی دەکات. هۆش و دووربینی وەك سیاسی و بەرپرس زۆرجار لە کوردستانی تورکیا و فارسدا بەرچاو دەکەوێت و پەلەکردن لە جێگیری لەسەر راستی بەرچاوی هەر ژمارەیە لە گومانلێکراوەکانی بەرەو پێشچوون و داهاتوی لایەنگیری پێشکەوتنی پێگەیاندووە، بەلام هەر

حاكمێكی بچوكی كورد هاوبەشە لە تایبەتیەكاندا. ئۆرۆستۆكراتیەكی توندوتیژ تێكەڵ دەكەن بە دیموكراتیەك كە هێشتا لە رۆژئاوادا پیادە نەكراوە.

لوتبەرزترین خان هەست بە ناپەسندی ناكان ئەگەر یەكێ لە دەستوپێوەندەكانی رەخنەیەك لە فرمانێكی بگرێت، هەروەها كاتێ لە دیوەخاندایە، ئەگەر كەسێكی بێ چاو و رووی هەڵەشە لە رووی خاندا بێتە جواب، بەلایەوە شەرم نیە تا دانیشتوانەكە بكاتە دەرەوە، هەروەها لەگەڵ ئەو بێ چاو و روویەدا كەچی ملكەچی فرمانی خانە و یەكسەر بە چیاكەدا سەردەكەوێ بۆ شەڕكردن.

كونێكی زۆر بچوك و گۆشەیەك لە هەڵچون لەناو خەڵكی رۆژهەلاتیدا بڵاوە، بە گوێرەی كلتوری كوردیەوە قینی لە دەروازە داخراوەكانە، حەزی بە پشكنین و تێبینی دەربڕینە، هاوبەشی لە ناكۆكیەكاندا دەكات بە هەموو سیستمێ كە دەبێتە هۆی ناوبانگ و كاریگەریەكی باشی هەیە لەسەر رەگەزی كەسایەتییەكە، جۆرێ لە پێسەلماندنی سەخت و بە دڵنیاییەوە وابەستەی بەڵێنە بە واتای وشە، بەلام ئەوە راست نیە بەگوێرەی شازادە بێ ئابڕووە كوردەكانی ویلایەتی كرماشانەوە، كە خۆیان بەبێ هەڵە دەزانی نەك بە هەموو هۆكارێكی پاكی كوردانە، بەڵكو بە برِی لوڕ و فارس.

تایبەتمەندێتی گشتی ژیانی كورد، كە جیاكەرەوەیەكی نوكوڵی لێنەكراوی رەوەند و دەشتەكیە، ئەویش كە ناوبانگ و میوانداریە، كاتێ كورد جیگیردەبن لە شار و گوندەكاندا، ئەم تایبەتمەندیە كەمە بەردەوام ئەبێت تا دەبێتە جیاكەرەوەیەكی راستەخۆی ناكۆك بە دابونەرێتی موسڵمانی، كە كاریگەرییەكی باشی هەیە لەسەر ناپەسەندی نیشانەی بێفەڕی و چاوبەست، فڕوفێڵ و دوو زمانی و تانەوتەشەر و

بوختان کە بەرەو سەرنەکەوتنی کۆمەڵگایەك دەچێ کە خەڵکەکەی پاراستنی نهێنی لانەماوە.

ژنەکانیان رووپۆشیان نیە و روخساری خۆیان ناشارنەوە، هەرگیز ناشڵەژێن کاتێ لەبەردەمی پیاوێکی نەناس و بێگانەدا دەوەستن. بەبێ نازونوزکردن کاروباری ماڵەکە هەڵئەسوڕێن و دوودڵ نیە لە قسەکردن لەگەڵ بێگانەدا، ئەگەر پیاوگەل لە ماڵا نەبوون هەڵئەسێ بە دەوری خانەخوێیەکی زۆر چاك و میوانداری رێبواران و میوانەکان دەکات، ئەم رەوشتە بەرزە بەتایبەتی لای ژنانی رەوەند و دەشتەکی و هەروەها ژنانی خێڵە نیشتەنیە دەوڵەمەندەکان بە ئاشکرا دەبینرێ.

ناوەندی کۆمەڵایەتی ژنان لای کورد زۆر بەرزترە لە بەراوردا لەگەڵ رەگەزەکانی تری کۆمەڵگای ئیسلامی، وەك هاوبەشێك لە ژیانی رەوەندیدا پەسەندکراوە و هەموو کاروبارێکی گران و ئاسان جێبەجێدەکات و تا ئێستاش گیانی سەربەخۆیی تەواویان تێدایە، کە بەرگرییان لێدەکات، بە تایبەتی لەو رووەوە کە ژنی رەوەندی عەرەب تێیدا سەرکەوتو نەبووە. کچی کورد بەگشتی بەرگی جوان ئەپۆشێ، ئەگەر مێردەکەی هەژار و کەم دەرامەت نەبێت، ئەگەر کارەکەی زۆر گران بوو یارمەتی لە هاوماڵەکەی داوادەکات، نەك هەر ئەوەش خۆشی خاوەنی مانگا و ئاژەڵی ووردەیە و بەرهەمەکەی تایبەتە بە خۆیەوە، هەروەها چاودێری ئەو کەسانەش دەکات کە کاری بۆ دەکەن و هەندێ لە بەروبوومیان دەداتێ.

لەناو خێزانە گەورە و دەوڵەمەنەکاندا، کورد تەنیا یەك ژنی هەیە و بە دەگمەن ژنی دووەم دەهێنێ، کەیبانۆی ماڵ هەیە و کارەکەر و خزمەتکار لە خزمەتێدایە و پیاویش هەموو کارێکی ناوماڵی بۆ ئەو جێهێشتووە و دەیخاتە ژێر دەستیەوە. لە

ئەنجامی ئەوانەوە بۆمان دەردەكەوێ كە ژنی كورد ژیر و بەتوانایە و هاوبەشی گیانی سەربەخۆیی لە رەگەزی خۆیدا رادەیەكی زۆر بەرزترە لە ژنانی عەرەب یان تورك. لەو جۆرە ژنە نمونەییانەش وەك عادیلە خانم كە لەم دواییەدا بە مردنی وەسمان پاشا بێوەژن بوو، ئێستا فرمانڕەوایی خێڵەكە دەكات و خاوەنی گوند و زەوی و زارێكی زۆرە.

ژنی كورد لە ئامێدی فرمانڕەوایی بنەماڵە دەكات، ئەوانە ئەمڕۆ رۆڵێكی زۆر بەهێز دەگێڕن، ئێمە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە بەرەوپێشچوون و دەربڕینی بەرز لەو سیستمەدا مەودای داوە بە ژن، تا لە دیدێكی نزیك بە تێگەیشتنی ئاستی ژن لە رۆژئاوادا ببینرێ، وەك لەوەی كە لە سیستمە ئابووریەكانی هەر رەگەزێكی تری رۆژهەڵاتدا دەبینرێ.

### 3/ هێزی سەربازی تورك لە ناوچەکەدا

لەو ساڵانەی دوایدا، دابەشکردنی هێزی هەمیشەیی بە تیوێری لە ناوچەکەدا زیادکرا، کەرکوك وەك بنکە ئۆردوگایەکی گەورە و جبەخانەیەك بۆ هەر هێزێك دەمێنێتەوە، تا لەوێوە بنرێت بۆ هەر ناوچەیەك لە دەوروبەریدا. هەروەها مەڵبەندی سەربازگیریش بوو، بە پلەیەکی نزم سەربازی دەنارد بۆ ناوچەکانی تر، کەرکوك دانیشتوانەکەی تێکەڵەی عەرەب و تورکمان و کورد بوون و وەك هێزێك بەکار دەهێنران بۆ کاروباری سەربازی لە ناوچەکەدا.

ئەم هێزانە تا بڵێی سروشتێکی نائارام و هەڵچوویان هەبوو، هەر سەربازێك چاکەتێکی درێژی هاودامانیان دەدرایە بۆ ساڵێك، کە لە مادەیەکی لۆکەی شین باوی هەرزان دروستکرابوو، سەروپێچی ئاساییان دەبەست، ئەویش جامانە بوو، ئەگەر کورد یان تورکمان بووایە، بۆ عەرەبیش عەگال و دەسماڵ بوو. پانتۆڵێکی سەیریان بۆ سەربازی تورك و ئەم هێزە دروستکردبوو، کە وەك کراسێکی قۆڵ کورتی سەرەوخوار ملەکی دورابۆوە، سەربازەکان لاقیان دەکرد بە قۆڵەکاندا بۆ راکردن و سواری بوو، کە مەحاڵە بە کردەوە ئەو چالاکیانەی پێوەبکرێت.

ئەو سەربازانە زۆرجار لە کەرکوکدا ژمارەیان دەگەشتە 2000 کەس و لە سلێمانیشدا 1200 کەس دەبوون، بەلام لەو ماوەیەی من لەوێ بووم هەرگیز لە 120 سەرباز زیاترم لە سلێمانی و 400 سەرباز لە کەرکوك نەبینیوە. ئەفسەرە پلەدارەکان خەڵکی ناوچەکە نەبوون، زیاتر لە بەغدا و موسڵەوە هاتبوون و

فرماندەی پایەداریان لە بەغدا و موسڵ فێركرابوون، هەر هەموویان ئاگایان لە هونەری سەربازی نەبووە و كەمتەرخەم و گەندەڵبوون لە ئەركەكانیاندا.

من بەش بە حاڵی خۆم ئەو سەربازانەم نەبینیوە كە رۆژی لە رۆژان چاڵێ هەڵكەنن یان جلوبەرگەكانیان یان خۆیان بشۆن، هەروەها فرمانیشیان پێنەدەكرا كە ئەو ئەركانە جێبەجێ بكەن، لەگەڵ ئەوەشدا كاتێ كە گەورە سەربازەكان ئامادەبوونایە گیانی خرۆش و چالاكی دەبینرا و بانگ بە كەڕەنادا دەكرا، وەك بەشێكی هێمای سەربازی جۆشوخرۆشی دەبیسترا و بەری بۆ بەرەڵادەكرا و لە لایەن فێرخواز و گەورەكانیانەوە بە گیانی پەرۆشی خۆڕاگرتنەوە بەكاردەهێنرا.

دوو هۆی سەرەكی هێزەكانی لە سلێمانی و كەركوكدا نەهێشت، كە هەڵهاتن و ناردنیان بۆ مەخفەرەكانی سەر سنوور بوو. بە درێژایی سەر سنوور لە هەموو گوندێكدا 10- 12 سەرباز دادەنرا، هەروەها لەو شوێنانەی وەك قەرەداخ و ئەو گوندانەی كە مودیری لێبوو. لێرەدا ئەوان بە شێوەیەكی نائاسای شوێنەكانیان بۆ دیاریكردن، بۆیە كوردەكان ئەو ژمارەیەی لەناو هێزەكەدا بوون هەلیان قۆزتەوە و هەڵهاتن بۆ سەر سنوورەكان، تورك و عەرەبیش بۆ دەشتەكانی خۆیان.

چەند مانگێك بوو موچە بەم تیپە سەربازیانە نەدرابوو، لەگەڵ سەرقاڵیان بە گەندەڵی و بێتواناییان لە كاروبارەكاندا، وەك (تابوور ئاغاسی) و (ئەسكەر موحاسیبەچی) كە هەر خەریكی فرۆفێڵ بوون لە ژمێریاری سەربازیدا.

25 سەرباز و ئەفسەرێكی زۆر لە هەڵەبجە بوون، كە لە لایەن عەقید (بومباشی) و رائید (یوزباشی) و دوو (باش چاوش)ەوە رابەری دەكران، كە ئەوەش بەرگری لە یاخیبوون و هەڵهاتنی سەربازەكان ناكات. لە پێنجوێنیش هەمان حاڵەت روویداوە،

کەم دەرامەتی و بێ موچەیی یان موچەیەکی کەم بەرەو بێ هیوایی بردن و سەربازەکان ناچاربوون لەگەڵ کاروانەکاندا بچن بۆ سلێمانی و پشت بکەنە ئەفسەرەکانیان و بە شێوەیەکی شێتانە و ناجۆر لە پێنجوێن جێیانبهێڵن، هەروەها لە قەرەداخ و هەڵەبجەشەوە بۆ سلێمانی.

لە مانگی ئابدا پێنج سەربازی کورد پۆستەکانی خۆیان جێهێشت لە گوندێکی نزیك قەرەداخ و شار بۆ ئاژاوەی موچە وەرگرتن، کاربەدەستان ویستیان تا رادەیەك هێوریان بکەنەوە و چارەسەری کێشەکەیان بکەن، لە هەمان کاتدا ئەوانیش چوونە ناوەڕاستی شارەکە و لە ماڵێکدا خۆیان دامەزراند و دەستیان کرد بە تەقەکردن لە هەر کەسێ کە نزیکیان بکەوتایەتەوە، شەڕێکی بەردەوام بەرپابوو، هێزی هێرشبەر نەیتوانی بچێتە ماڵەکەوە و بیانگرێت، ئەوەبوو لە شەوا سەربازەکان توانیان هەڵبێن و تفەنگی ماوزەڕ و فیشەکیان برد و چوونە شاخ.

لە هاوینی 1909دا نە لە کەرکوك و نە لە سلێمانیدا تاکە ئەفسەرێك نەبوو، چونکە ئەترسان فرمان بدەن بە سەربازەکان، ئیدی ئەو یاخی بوونە بە درێژایی ساڵەکە بەردەوام بوو.

شوێنەکانی سەر سنوور چۆڵ ئەبوون، یان داگیردەکران، ئۆردوگاکانیش نەئەتوانرا پشتی پێببەسترێ، ئەوە بەسەر هێزی ناوچەی کەرکوك و سلێمانیشدا دەچەسپێ، جگە لە ئەنادۆڵیەکان، ئیدی هێزی تریان هێنا بۆ چەمچەماڵ بۆ سزادانی هەمەوەندەکان. بۆ کاریگەری لەسەر دابینکردنی سەربازەکان لەناو شارەکاندا، یەکێکیان هێنا کە پێیان ئەوت (قانون) وەك پۆلیس چاودێری هەڵسوکەوتی سوپای دەکرد، ئەو قانونیانە بە بازاڕ و شەقامەکاندا دەگەڕان و ئەگەر سەربازێکیان

ببینیایە كارێكی ناپەسەندی بكردایە، دەستبەجێ ئەیانگرت و دەیانبرد، دەسەڵاتی قانون پاشا زۆر گەورەبوو، چونكە دەیتوانی (بومباشی) بگرێ ئەگەر هەڵسوكەوتی ناپەسەند بووایە. بۆ سوپایەكی توندوتیژی ناپەسەندی وەك ئەو سوپایەی توركیا، ئەوە چارەسەرێكی پێویست و پەسەند بوو.

ئەندامانی سەربازی ئاسایی لە كەركوكەوە بۆ سلێمانی هەموویان چەكدار بوون بە چەكی ماوزەڕ و 10 گوللە، بەڵام فیشەكیان كەم پێبوو، هەندێكیشیان كۆڵەپشتی هەڵگرتبوو، هەروەها خەنجەرێكی كوردانەی ئاساییشیان كردبوو بە بەرپشتێنەكانیاندا. پۆلیسی ناوچەكە لە سلێمانی كەركوكدا هەبوو، لە شوێنەكەی جاران نزیكەی 50 پۆلیسی لێبوو، كە دواتر (پۆلیس قۆمیسەری) واتە قۆمیسەری پۆلیس و چوار پۆلیس بۆ ئەوەی شتێكیان دەسكەوێت دەستیانكرد بە پشكنین و داواكردنی پسوڵەی مۆڵەت لە سەربازەكان و سوكایەتی پێكردنیان و بە ئاشكرا داوای بەرتیلیان لێدەكردن.

## چوارەم/ پۆست

پۆست لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر هەفتانەیە، پیاوێك بە پشتی وڵاخ ئەیگەیەنێ، لە سلێمانییەوە هەموو ئێوارەی ڕۆژانی دوشەمەیەك پۆست دەچێت بۆ کەرکوك، هەموو ئێوارەیەکی دوشەموانیش لەو شوێنەوە دەگات و دوو ڕۆژی پێدەچێت تا دەگاتە کەرکوك. پۆست کراوە بە دوو بەشەوە، ئەوەی کە پۆستی بەغدا و موسڵی هەڵگرتووە، ئەیدا بەوەی کە کیسە پۆستی سلێمانی هێناوە لە بەغدا و موسڵەوە. پۆستی سلێمانی بۆ بەغدا حەوت ڕۆژ دەخایەنێ، کەرکوك بۆ بەغدا پێنج ڕۆژ، سلێمانی بۆ موسڵ پێنج ڕۆژ، کەرکوك بۆ موسڵ سی ڕۆژ، لە سلێمانییەوە بۆ پێنجوێن زۆر بە کەمی پۆست هەیە، خزمەتگوزاریەکی ڕێکوپێکی نیە، چەند ساڵێك بەر لە ئێستا لە هەڵەبجە پۆستەخانە کراوەتەوە، بەڵام کێشەی تێدایە و ئێستا نامە بە تەتەری تایبەتیدا دەنێرن. لەم وڵاتەدا پۆست پارێزراو نیە و کارمەندەکانی حەزیان لە نامە کردنەوە هەیە، کە جارێکی تر دەیپێچنەوە زۆر نائاسی لە شێوە و قەوارەدا دەردەکەوێت، هێڵی تەلەگراف (بروسکە) لە موسڵەوە بۆ بەغدا بە کەرکوکدا تێدەپەڕێ و لقی لێدەبێتەوە بۆ سلێمانی، لەوێشەوە هێڵێك براوە بۆ هەڵەبجە، بەڵام لەم دواییەدا جافەکان ڕایانکێشاوەتە خوارەوە و تورکیش وازی لێهێناوە، هەموو هێما و نیشانەکان چەند بستێك نزیك لە یەکەوە و لە سلێمانیە، خزمەتگوزاری تەلەگرافی تورکی لە هەموو شوێنێکدا تا بڵێی لە ئاستێکی نالەباردایە و شیاوی سەرزەنشتە.

## پێنجەم/ بازرگانی - کشتوکاڵ

ئەمەی لێرەدا باسی دەکەین تەنیا پێشنیارە بۆ هێڵکاری بازرگانی ناوچەکە، هەر چۆن لە لایەن نوسەری ئەم راپۆرتەوە ژمارەکان دیارینەکراوە.

بنکەی بازرگانی سلێمانی، کەرکوك و ئاڵتون کۆپری (قەنتەرە) زۆر گرنگیان هەیە بۆ تەواوی بەروبووی سروشتی، هەموو ئەم بەرهەمانەی لای خوارەوەیان لە کوردستانەوە بۆ دێ: توتن، خووری، بنێشت، گاڵ، مەڕ، پێستە، گا و مانگا، گوێز، پێستە رێوی، بادەم، گەزۆ و فاسۆلیا، ئەو شتانە بە بڕی زۆر دێن و دەینێرن بۆ بەغدا و ئەورووپا. ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی کوردستانەوە دەهێنرێت: کەللەشەکر و قوماشی کراسی نەخشکراوە کە لە بەغداوە دێت لەگەڵ چا، قاپوقاچاخی فافۆن و فەخفوری و چرا و فانۆس و شوشە، هەروەها لە موسڵەوە بڕێکی گەورە قوماشی لۆکە لە حەڵەب و دیاربەکرەوە دێت، کە پێدەوترێ (شەیتان بێزی) و بەکاردێ بۆ کەواوسەڵتەی پیاوانەی کورد.

کۆی گشتی بازرگانی لە ساڵێکی بە پیت و باشدا، دەڵێن دەگاتە (475000 لیرە)، هەرچەند بەهۆی بوونی تورك و شێخەکانەوە ئەو رێژەیە کەمی کردووە.

و زۆرترین شتومەکێ کە بە بڕێکی گەورە بۆ دەرەوە دەچێت توتنە و دوای ئەویش خووریە. بازاڕی سلێمانی هەمەجۆرە و دوکانێکی زۆری تێدایە بۆ پێڵاو دروستکردن، کە کەوشی سور و رەشی لوت هەڵگەڕاوە دروستدەکەن بۆ کوردستانی تورکیا، کاڵایەکی بازاڕی و گرانە، (نرخی جوتێ 3-6 قڕان دەبێت) و دوو مانگ زیاتر بەکارنایەت. نزیکەی پەنجا چەخماخسازی تێدایە، تفەنگی مارتینی کورت

دروستدەكەن، كە زۆر بە كەڵكە و فیشەكیش دادەگرنەوە و باروتەكەی بە بەرمیل لە روسیاوە لە رێی باكووری كوردستانەوە دەهێنن. ژمارەیەكیش خەنجەر دروستكەر هەیە بە پلەیەكی نزم. كەركوك زیاتر سەرقاڵی بازرگانیەكی گەورە و زۆری لۆكە (قوماشی كراسی نەخشكراو) و جلوبەرگ و قوماشی لۆكەی خۆماڵی و چرا و شوشە و ئاسن و مس و شەكر وچا و قاوە و شتی ترە. هەروەها بازرگانی ناردنە دەرەوەی شتومەكی هەیە، ئەویش لە موسڵەوە بۆ سلێمانی و بە پێچەوانەشەوە. مەڕ و ماڵاتیش دەنێرن بۆ بەغدا. كەركوك بازاڕێكی گەورە و سەرقاڵی هەیە، كە ئاسنگەر و مسگەر و زیندرووی تێدایە، بازرگانە باوەڕپێكراوەكان لە هەردوو لادا زیاتر مەسیحیەكانی موسڵە، كە دەوڵەمەند و راستگۆن و وەك سەڕافیش كاردەكەن بۆ سەرجەم كۆمەڵگاكە.

بە گوێرەی ئاڵتون كۆپرییەوە، لەگەڵ ئەوەی شوێنێكی بچوكە، بەڵام یەكێكە لە بازاڕە سەرقاڵەكان، كە خووری و پێستە و گەنمی بۆ دێ و بە كەڵەك لە رێی ئاوەوە دەینێرێ بۆ بەغدا، هەروەها سروشتی ژێنگەكەی خۆشی بڕێكی زۆر لە میوە بەرهەم دەهێنێ لەگەڵ گەنم و خووری و بادەم.

ناوچەی كشتوكاڵی كە گەنمێكی زۆر بەرهەم دەهێنێ دەكەوێتە دەوروبەری ناوچەكانی كەركوك و ئاڵتون كۆپری، كە جۆرەكەی باشە و بڕێكی زۆریش دانەوێڵە بەرهەم دێنن. ئەو دەشتە نزمانەی كە ئاودێری لەسەر نیە، زیاتر پەنائەبەنە بەر بارانی بەهارەی زۆر بۆ شێداری. هەروەها دانەوێڵەیەكی كەمیش لە دەشتی شارەزووردا دەكرێ، كە بەشی پێداویستی سلێمانی دەكات.

تلیاكیش لە هیچ شوێنێكی ئەم ناوچەیەدا ناڕوێت.

## پاشکۆی (١)

## بنەماڵەی شێخانی باشووری کوردستان

لەژێر فرمانڕەوایی ئاغا و بەگەکانی کوردستانی باشووری تورکیا، ژمارەیەك بنەماڵەی سەرۆکە ئایینیەکان هەیە و هێز و دەسەلآتێکی زۆریان هەیە. لە هەکاری شێخی کەرامی کە لە دەوروبەری 1840دا لە ئامێدی و دەوروبەری نیشتەجێبووە، ئەم شێخە داردەستی تورك بوو بۆ هاندانی کۆمەڵکوژیەکەی ئەو کاتەی ناوچەی (تەیاری)، بنەماڵەیەکی موبارەکی سەید بوون و پەیوەندیان بە پاشاکانی ئامێدیەوە هەبوو، ئەوە نەوەی ئەو بوو کە رابەری تورکی کرد لە 1880دا بۆ داگیرکردنی (ئۆرامەر)ی وڵاتی ئێران. شێخ عوبێدوڵڵا کوری شێخ تاهیر، کە لە هەکاریدا ناوبانگێکی زۆری هەیە.

لە ناوچەی شارەزووریشدا بنەماڵەیەکی تر لە شێخەکان هەیە کە لە ژن و ژنخوازیەوە پەیوەندیان لەگەڵ شێخەکانی ئامێدیدا پەیداکردووە. کچەکانیان بۆ پاراستنی پەیوەندی ناونیشانی (خان)یان وەرگرتووە، خۆشی وەك ئەندامێکی بنەماڵەکە مافی ئەوەی هەیە کە داوای بکات. یەکێ لەو بنەماڵەیە عەبدولقادر بوو، کە سەرۆکێکی توندڕەو بوو، کاتێ لە ناوچەی (تەیاری) سەدان مەسیحی کۆمەڵکوژ کران، عەبدولقادریش لە دەوروبەری سلێمانی و شارەزووردا هەرچی بەردەست کەوت لە ناوی بردن، تەنانەت لە سلێمانیدا دوو خێزانی مەسیحی نەمابوون. ئیدی ئەو خەڵکانە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە سلێمانیدا نیشتەجێبوون و لە سەردەمی

پێشووی سوڵتان عەبدولحەمیدا خۆیان كردە خاوەنی هێزێكی زۆر گەورە و زەویوزار و گوندێكی زۆریان بەدەست هێنا. سەرۆكەكە شێخە و خزمی شێخ عەلی ئێستای تەوێڵەیە كە رابەرێكی بەرزی سونیە. ئامانجی بنەماڵەكە دوای نەمان و كۆتایی فرمانڕەوای پاشای سلێمانی لەم دواییەدا، ئەوەبوو كە وەك ئەو هەمان هێز و دەسەڵاتیان لە سلێمانیدا هەبێ و دەبی حوكومەت بیمەیان بكات، بەم شێوە بەرچاوە دەستیان كرد بە هێرشێكی درێژخایەن دژی یاسا و دەستوور و لە ئاكامیشدا سەركەوتنیان بەدەست هێنا كە شێخ سەعید لە ئەستەمبوڵدا چنگی كەوت، چەند ساڵێكی لەوێدا بەسەربرد و كاریگەرییەكی زۆری هەبوو لەسەر سوڵتان، لەگەڵ عیزەت پاشادا پەیمانێكی بەست، بەپێی ئەو وابەستەیە خواستی خۆی لە سلێمانیدا بەكاربرد.

لەو سەردەمەدا سلێمانی وەك مەڵبەندێكی كاركردن بەرەوپێش دەچوو، ناوەندی هێنانی شتومەك بوو لە ئەورووپا لە رێی بەغدا و موسڵەوە، هەروەها شوێنی كۆكردنەوە و ناردنە دەرەوەی بنێشت و خووری و بەروبوومی تری وڵاتەكە بوو. بە یەكگرتن لەگەڵ دەسەڵاتی ناوخۆی توركا، ناوچەكە دەچەوسایەوە و دەگوشرا، یەك لە دوای یەك گوندیەكان و بازرگانەكان وازیان لە كاروبارەكانیان هێنا و كۆچیان كرد بۆ وڵاتی وێران، كە تەواو بێتوانا بوو بوون بە باجی حوكومەتی ناخۆ و دزی و روتاندنەوەی شێخ سەعید، كە وەك رەوشتی خۆی داوای زۆری دەكرد و پەڵپ و بیانوی بە بازرگانەكان دەگرت و دەیوت وەك بكوژێ مامەڵە دەكرێن ئەگەر بە تەواوی بە دەم داواكەیەوە نەیەن.

لە 1881دا خەڵکی تەواو بێزار و بێ هیوا بوون، ئەوەبوو بانگی هەمەوەندەکانیان کرد کە شارەکە داگیر بکەن و شێخان دەرپەڕێنن، بەڵام بەر لەوەی شارەکە خۆی بدات بە دەستەوە سوپای تورکیا گەیشت و بارودۆخەکە پارێزرا و شێخیش بە سەرکەوتویی لە شوێنی خۆی مایەوە.

لەو ساڵانەدا سیاسەتی بەخشەندەیی و چاودێریی باوکانەی شێخ سەعید راگەیەنرا، هەرکەسێ کە لە لایەن دەستوپێوەندەکانیەوە تۆمارکرابوون بەوەی کە کەڵکیان بۆ شارەکە نیە، کە لە راستیدا هەموویان کەڵکیان هەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی وەك خزمەتکار لە دەرباری شێخدا نەبوون، ئەوەش سزاکەی ئەوەبوو دەبێ نیوەی داهاتیان بدەن لە بەرامبەر ئەو تاوانەدا.

هەروەها ئیتر ئەو دەستوپێوەندانە بوونە سیخوڕی شێخ و بڤەبوو ناوی شێخ بە هیچ جۆرێ بهێنی، ترسی ئەوەی نەبا دراوسێکەت سیخوڕبێت، ئەوەبوو کە ناوی شێخیان ئەهانی زۆر بە گەرمی و جۆش و خورۆشەوە ناودەبرا. لەگەڵ ئەوانەشدا لەنێو چینە رێزدار و سەنگینەکاندا، گیانی دوژمنایەتی و هێرشی دژ بە بازرگانەکان بە دڕندەیی دائەنرا و بە خرۆشەوە باسدەکرا.

ئیدی تەشەنەی کرد تا بووە هۆی کوژرانی زۆر کەس و تالان و بڕی زۆر و هێرشبەرانیش تەواو ئاشکرابوو کە کێیە، بەڵام کەس چاودێری نەدەکردن و سزانەئەدران.

دوای هێرشی 1881 ئیتر شێخ سەرکەوتنی لەوەشدا بەدەست هێنا کە هەمەوەندەکانی خستە تەك خۆیەوە، چەکێکی لەگەڵدا بەکارهانین کە بەرتیل و ژن و قەرزوقۆڵە بوو، ئەوەش کاری خۆی کردبوو، لە 1908دا کاتی داوایان لە

هەمەوەندەکان کرد کە هەستن بە شۆڕش، ئەوەبوو، ئەو دز و جەردانە، ملکەچی فرمانیان بوون لەبەر ئەو هۆیەی باسکرا. مەبەستیش لەو هەڵسانە، یاخی بوون بوو دژی ئەنجومەنی نوێ. شێخەکان بە ئاسایی خاوەندار بوون و لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە پشتیوانیەکی باشیان لێدەکرا. دەیانویست خۆیان زۆر بەهێز پێشان بدەن، بەڵکو دەوڵەت داوایان لێبکات یان بە زۆر بیانخاتە ناو دەسەڵاتی خۆیەوە.

بازرگانەکان دژی ئەو ستەمکاریەی بەرامبەریان دەکرا پەنایان بردەبەر پەڕلەمان، ئیتر لە دوایدا شێخ سەعید بانکرا بۆ موسڵ، کە چوو بۆ ئەوێ ویستی والی موسڵیش بکاتە هاوئاهەنگی خۆی، ماوەیەکی ئەوتۆ نەمایەوە کە لەلایەن کەسێکی نادیارەوە کوژرا. دوای ئەو رووداوە ئەندامانی بنەماڵەکە تورەبوون و هەمەوەندەکانیان هاندا بۆ زیاتر راووڕوت، ئیتر کە هێنایانەوە بۆ سلێمانی زوڵم و زۆر و ستەمێکی زیاتر کرا بەسەر بازرگانەکاندا، کە وتبوویان شێخ سەعید رەشەکوژ کراوە.

شێخ قادر وەك پەیوەندی و نوێنەریان لە ئەستەمبوڵ، خۆی سەرۆکی ئایینی کورد بوو، ئەوەی لە توانایا بوو هەوڵیدا بۆ بە سزاگەیاندنی تاوانبارەکە، دوا پیلانگێڕی ئەو پیاوە ئەوەبوو کە هاواری دەکرد تاوانبار سزابدرێ، بەڵام بە هەرحاڵ ئەویش زۆر بڕوای پێنەکرا بەهۆی مێژووی پڕ لە خەوشێوە، تا ئەم قورساییەی ئەمڕۆ هەڵگرێ. بەڵام لەو لاوە والی موسڵ فرمانی دا بە دەسەڵاتی سلێمانی کە لێپرسینەوەیەك بکەن، خۆی لەلایەن شێخەوە بەرتیلی درابوویە و شێخیش سلێمانی جێهێشتبوو هەڕەشە و هێرشی دەکرد دژی یاخیبوونی بازرگانە بێ نرخەکان، ئەوانە ئەوە ناهێنن کە بە گیانی پڕ لە قین و ئارەزووی نەخۆشەوە تۆمەتبارکرێن.

موتەسەریفێکی نوێ بە چەشنی داهۆڵ بۆ سلێمانی دانرا، کە بەرتیلی لە شێخ وەردەگرت و چاوی لە هەموو شت ئەنوقان.

هاتوچۆ بۆ ماوەیەك لە جوڵە کەوت، سلێمانی وەك وڵاتێکی وێرانەی لێهات، نیوەی بازاڕەکان داخران و بازرگانەکان لە دوکانەکانیاندا بەبێ شتومەك و کڕیار دانیشتبوون، بۆ چەند مانگێك هەمەوەندەکان وڵاتەکەیان وێرانکرد، لەو کاتەدا شێخ ئەحمەد کە بە تەمەنترین ئەندامی بنەماڵەکە بوو، وەك قایم مەقامێك بۆ چەمچەماڵ دیاریکرا، ئەویش لە پاساوی دەمکوت کردن بەرامبەر کردەوەکانی شێخەکان. حوکومەت ئەو کاتە ئەوەندە لاواز نەبوو کە ئەو هێزەیان بداتێ تا بە ناڕەسمی لە سلێمانیدا ئەوەی تەمایان بوو بیکەن. ئیدی لە چەمچەماڵ ووردە ووردە هێز کۆکرایەوە بۆ سزادانی هەمەوەندەکان، بەڵام شێخان ئەوەندە هێزیان هەبوو کە بەدووری گرتن لە سزا. ئیدارەی ناوخۆ بە خێرایی بەرتیلی درایە، پاشان هێزەکە نەیئەتوانی لەوە زیاتر بمێنێتەوە، بۆیە ڕێ درا بە هەمەوەندەکان کە هەڵبێن بۆ سەر سنوور و لەوێشەوە بۆ وڵاتی ئێران.

شێخ مەحمود لەم کاتانەدا ئەندامێکی دیار و بەرچاوی بنەماڵەکە بوو، لە یەکەم فرمانیدا، سوێندی خوارد لە تۆڵەی شێخ سەعیدا سلێمانی وێران بکات. تا کاتی نوسینی ئەم راپۆرتە هێزەکەی هەر بۆ شەڕە، بەڵام لە وڵاتێکی وێرانە بە دەستی هەمەوەندەکان بۆی ناچێتەسەر. شێخ لە شارەزووردا زۆر بە دەسەڵاتە، پیاوەکانی بکوژ و ببڕِ خۆیانن. لە سلێمانیشدا لە هەرکوێ ستەم و زۆر بکەن چاودێری بەسەرەوە نیە، ئەو دەڵێ سلێمانی شاری شێخانە، نەك حوکومەت و هیچ هیوایەك نیە تا ئەوانە قەڵاچۆ نەکرێن.

بازرگانی وەك جاران نیو بە نیو نیە، بەڵکو بارودۆخەکە گەشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە باشترین بازرگانانی مەسیحەکانی موسڵ و فارسی هەمەدان دەردەکرێن.

## پاشکۆی ( ب )

## ڕێگەکان و نرخی کرێی وڵاخ

| | لە | بۆ | سەعات | میل/ بە نزیکی | کرێی هێستر | کرێی باری کەرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کەرکوك<br>چەمچەماڵ<br>بازیان | چەمچەماڵ<br>بازیان<br>سلێمانی | 12<br>5<br>29=12 | 30<br>13<br>71=28 | 2 مەجیدی | 1 مەجیدی و نیو |
| 2 | کەرکوك | ئاتون کۆپری | 11 | 33 | 1 مەجیدی | 15 پێزە/ پیەستەر |
| 3 | کەرکوك<br>تاوغ<br>توزخورماتو | تاوغ<br>توزخورماتو<br>کفری | 9<br>6<br>22=7 | 27<br>18<br>65=20 | | بە پێی قەوارەی بارەکە و ژمارەی وڵاخەکانە و هەندێ باریش دەچێ بۆ موسڵ. |
| 4 | کەرکوك | کۆی سنجاق | 2 ڕۆژ | 50 | 1 مەجیدی | نیو مەجیدی |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | سلێمانی<br>قەرەداخ<br>ئیبراهیم<br>خانچی | قەرەداخ<br>ئیبراهیم<br>خانچی<br>كفری | 8<br>9<br>25=8 | 22<br>24<br>68=22 | 2 مەجیدی | 1. بە هۆی مەترسی لە ناوچەكەدا.<br>2. بە پێی وەرزەكانی ساڵ جیاوازی هەبووە. |
| 6 | سلێمانی<br>مووان | مووان<br>هەڵەبجە | 7<br>13=6 | 20<br>37=17 | | بە پێی قەوارەی بارەكە بووە. |
| 7 | سلێمانی | پێنجوێن | 2 رۆژ | 33 | | نرخی كرێ دیاریكراو نیە |
| 8 | سلێمانی<br>سەردەشت | سەردەشت<br>مەرگە | 2 رۆژ<br>1 رۆژ | 35<br>59=24 | 2 مەجیدی | یەك مەجیدی نیو |
| 9 | سلێمانی<br>سەردەشت<br>دوكان | سەردەشت<br>دوكان<br>كۆی<br>سنجاق | 2 رۆژ<br>5<br>7 | 35<br>14<br>69=20 | | نزیكە دوو مەجیدی نیوە ئەوەش دەگۆڕێ |
| 10 | مەرگە | بانە | 7 | 18 | | |
| 11 | مەرگە<br>كۆی<br>سنجاق | كۆی<br>سنجاق<br>ئاڵتون<br>كۆپری | 30<br>33 | 40<br>12 | | |
| 12 | مەرگە | دەربەند | 10 | 24 | 1مەجیدی | 1 مەجیدی |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەربەند | بانە | 10 | 24 | و نیو | |
| 13 | هەڵەبجە<br>دەربەند<br>مەیدان<br>شیروان | دەربەند<br>مەیدان<br>شیروان<br>خانەقین | 5<br>7<br>6<br>11 | 12<br>19<br>17<br>75=27 | 2 مەجیدی و نیو تا 4 م | بە پێی وەرزەکانە |
| 14 | هەڵەبجە | زەهاو | 2 رۆژ | 40 | | نرخی دیارنیە |
| 15 | هەڵەبجە<br>تەوێڵە<br>پاوە | تەوێڵە<br>پاوە<br>جوانڕۆ | 8<br>9<br>26=9 | 20<br>24<br>69=25 | | نرخی دیار نیە. |
| 16 | هەڵەبجە<br>تەوێڵە<br>پڵنگان | تەوێڵە<br>پڵنگان<br>سنە | 8<br>10<br>2 رۆژ | 20<br>24<br>80=36 | | نرخی دیار نیە |
| 17 | هەڵەبجە<br>زەنجیسەر | زەنجیسەر<br>پێنجوێن | 8<br>15=7 | 25<br>40=15 | 5 قران | 4 قران |
| 18 | پێنجوێن<br>مەریوان<br>شێخ عەتار<br>شێخ عەتار | مەریوان<br>شێخ عەتار<br>پێنجوێن<br>سنە | 7 | 18<br>17<br>40 | 4 قران<br>..... | 2 قران و نیو<br>.......... |
| 19 | پێنجوێن<br>سەرەمباڵ<br>پاوە | سەرەمباڵ<br>پاوە<br>سەردەشت | 8<br>6<br>2 رۆژ | 21<br>15<br>71=35 | | نرخێکی دیاریکراوی نیە |
| 20 | پاوە | میک | 8 | 20 | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | میك<br>كانی شیرە | كانی شیرە<br>سنە | 7<br>3 رۆژ | 16<br>96=60 | | |
| 21 | مەریوان<br>دوڕو<br>پاوە<br>رەوانسەر | دوڕو<br>پاوە<br>رەوانسەر<br>كرماشان | 13<br>7<br>12<br>44=12 | 30<br>20<br>29<br>109=30 | | نرخێكی<br>دیاریكراوی نیە |

## پاشكۆی ( ت )

| بە پیتی فارسی | بە پیتی ئینگلیزی | زمانی بنەڕەتی | تێبینیەكان |
|---|---|---|---|
| | A | | |
| ابابیل | Ababail | كوردی | لە ئەباعوبەیدەی عەرەبیەوە هاتوە كە لەو گوندەدا نێژراوە، نزیك هەڵەبجە لە شارەزوور |
| ابزیرك | Abzirek | = | ئاوی ژێرەوە |
| ادمانلو | Adamanlu | = | كۆتایەكەی توركیە و واتا خێڵی ئادەمان |
| احمدوند | Ahmadãvand | = | خەڵكی ئەحمەد |
| احمدكلوان | Ahmad Kulwan | = | گوندێكی سەر رێگەی پێنجوێن سلێمانیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ایناخی | Ainakhi | | خێڵێکی جوانڕۆیە |
| اجفان | AJãfan | | ناوچەی گوندێکی نزیك سەڵماسە |
| اخه سوری | Akha Suri | | خێڵێکی جافە |
| البجه | Alabja | فارسی | کورد بە هەڵەبجە گۆی دەکات |
| البس | A1bis | | گوندێکی ناوچەی هەکاریانلۆیە |
| الوسان | Alusan | کوردی | گوندێکی ناوچەی ورمێە |
| الوسپی | Aluspi | = | گوندێکی نزیك سلێمانیە سوروسپی |
| التون کۆپری | A1tun Keupri | تورکی | پردی ئاڵتونی |
| عمله | Ama1a | کوردی | خێڵێکی جافە |
| امانلو | Amanlu | = | تێکدراوی ناوی ئادەمانلۆیە |
| اوبیشان | Ao-i-Baishan | = | ڕووباری بایشان |
| اوهنگ | Ao-i-Hang | = | ڕووباری هەنگ |
| اوکتاوان | Ao-i-Katawan | = | ڕووباری کەتاوان لە ئەردەلان |
| اوشای | Ao-i-Shai | = | لە ئابی شای فارسیەوە هاتوە |
| اوزمکان | Ao-i-Zimkan | = | ڕووباری زمکان |
| اورامان | Aorãmãn | = | کۆی وشەی ئەورام یان ئەهرام یان ئیبراهیم و کراوە بە ئەورام |
| اق سو | Aq Su | تورکی | ڕووباری سپی لەسەرو زێی بچوکەوە |
| عرب دیزه | Arab Diza | کوردی | قەڵای عەرەب نزیك ماکۆ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| اربابا | Arbaba | = | زۆر جار پێیدەوترێ اربایات |
| اربات | Arbat | = | ناوی گوندێکی نزیک سلێمانیە، عەربەت |
| اربیل | Arbil | عەرەبی | چوار خوا، لە ئەسیریانەوە هاتوە |
| اردلان | Ardalan | کوردی | کۆی ئەردەڵە کە دۆزەرەوەی خێڵە |
| اردانە | Ardana | = | گوندێکی نزیک پێنجوێن، خانوی کۆنی کوردی |
| اسرابا | Asraba | = | کوندێکی نزیک مەریوانە، ئەسترابادی فارسی |
| اورین داغ | Avrin Dagh | کوردی+تور | شاخێکی نزیک سەڵماسە |
| ازمڕ | Azmir | کوردی | شاخێکە نزیک سلێمانی |
| | B | | |
| باباجانی | Babajani | کوردی | خەڵکی جوانڕۆ |
| بابامردە | Baba Murda | = | گوندێکی نزیک سلێمانی لەسەر رێی کەرکوك |
| بداخی | Badakhi | = | خێڵێکی جافە |
| بیتوش | Baitush | = | گوندێکی نزیک سەردەشتە |
| بیز | Baiz | عەرەبی | گوندێکە لە ناوچەی سەردەشتە |
| باجلان | Bãjlãn | کوردی | خێڵێکی باشووری کوردستانە |
| باخانی | Bakhani | = | شوێنێکی باخاوی نزیک سلێمانیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| باکۆ | Bakov | کوردی | گوندێکی وڵاتی مامەشە لە نزیك زێی بچوك |
| بالکی | Balaki | = | گوندێکی باکووری برادۆستە لە ورمێ |
| بانە | Bãna | = | شوێنی بەرز |
| بانخیلان | Bãna Khilan | = | لەسەر ئاوی سیروانە لە ناوچەی شەرەفبەیانی |
| برادوست | Barãdúst | = | ناوچەیەکە لە نزیك ورمێ |
| برچیلان | Barchilan | | |
| بردراش | Bardarash | = | سنووری گوندێکی نزیك قوتورە (بەردەڕەش) |
| بارودار | Barudar | = | داری بەڕو گوندێکی ئەردەڵانە (داربەڕو) |
| باروریان | Barwarian | = | بەرواریان |
| باشکی | Bashaki | = | خێڵکی جافە/ باشاکی |
| باش قلعە | Bash qal'a | تورکی | قەڵایەکە لە سومیت |
| باسمیچ | Basimich | | گوندێکە نزیك تەبرێز |
| باونج | Bowanij | کوردی | ناوچەیەکە لە کرماشان |
| بایزید | Bayazid | عەرەبی | |
| بازی | Bazi | کوردی | سنووری گوندێکە لە نزیك قوتور |
| بازیان | Bazian | = | دەربەند و شوێنی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | هەمەوەندەکانە |
| بازرگە | Bazirga | = | سنووری گوندێکە لە برادۆستە (بازارچە)ی پێدەڵێن |
| بازرە | Bazirra | = | دەربەندی هەمەوەندە |
| بیك کندی | Beykandi | = | سنووری گوندێکە نزیك بایەزید (بەیکەندی) |
| بیارە | Biara | = | شارۆچکەیەکی هەورامانە |
| ببیانی | Bibyani | = | |
| بالجق | Balajiq | تورکی | سنووری گوندێکی نزیك قوتورە (بالەجیق) |
| بلباس | Bilbãsr | کوردی | |
| بمان سو | Biman su | کوردی و تورکی | رووباری بیمان |
| بیروزە | Biruza | کوردی | پیرۆزەیی، گوندێکی نزیك سەڵماس |
| بستان | Bistan | = | لە بوستانی فارسیەوە هاتووە (باخ) |
| برت کرە | Burut kurra | = | گوند و دەربەنێکە نزیك سەڵماسە |
| | C | | |
| چم باخان | Cham-i-Bakhan | کوردی | رووباری سورچینە، چەمی باخان |
| چمی | Cham-i-Qara Chualan | = | رووبارێکە نزیك سلێمانی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| قره چولان | | | |
| چم تاج | Cham-i-Taj | = | رووبارێكی رۆژئاوای كرماشانە |
| چنگینە | Changaina | = | گوندێكە لە نێوان سلێمانی و پێنجوێندا |
| چنگنێ | Changanai | = | خێڵێكی جافە |
| چمچمال | Chemchemãl | = | لەوانەیە كۆی چەم بێ |
| چفتان | Chiftan | = | گوندێكی سورچینەیە |
| چویس | Chwais | = | ناوچەی گوندێكی نزیك بێستانەیە |
| | D | | |
| دیگە | Daiga or Doga | كوردی | گوندی ناوچەیەكی فارس نزیك سەردەشت |
| دیتری | Daitiri | | خێلێكی جوانرۆیە |
| دربند | Darband | | نزیك هەڵەبجەیە و پێدەوترێ دەربەندی خان |
| درنە | Darna | | شارۆچكەیەكی ناوچەی باشووری شارەزوورە |
| درویشی | Darwashi | | خەڵكی جوانرۆ |
| دشت | Dasht | | دەشتێكی نزیك ورمێیە |
| دیالە | Diala | عەرەبی | |
| دلە تیژە | Dilataizhai | كوردی | خێڵێكی جوانرۆیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دڵاوردی | Dilaverdi | کوردی | سنووری گوندێکی نزیك ماکۆیە |
| دیریز | Diriz | کوردی | سنووری گوندێکی نزیك ورمێیە |
| دیزە | Diza | | قەڵا و گوندێکی هەکاریە |
| دوداران | Dodaran | | دوو دارە، شوێنێکە لە شارەزوور |
| دورود | Dorud | | دوو رووبار، گوندێکە لە هەورامان |
| دویسە | Duaisa | | گوندێکی باکووری سنەیە لە ئەردەڵان |
| دوخان | Dukhan | | گوندێکە لە نێوان سەردەشت و کۆی سنجاقدا. |
| | G | | |
| گچی | Gachi | کوردی | گوندێکی نزیك کەرکوکە |
| گهوارە | Gahwara | | گوندێکە نزیك کەرند |
| گرچە | Ga.rja | | گوندێکە لە سورچینە |
| گك | Gek | | سنووری گوندێکی مامەشە |
| گنگچین | Gengachin | | سنووری گوندێکی برادۆستە |
| گورك | Geverek | | بەردەکە، گوندێکە نزیك قوتور |
| گیلان | Gilan | | ناوچەیەکی فارسیە، رووبار و شارۆچکەیەکە لە باشووری زەهاو |
| گیرمر | Girumar | | |
| گۆك تپە | Gok Tapa | تورکی | شونێکە لە قەرەداخ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پایتەختی شارەزوورە | کوردی | Gul'anbar | گلعنبر |
| گوندێکە لە باشووری نیلامبۆ، قەڵا | | Gunda | گندە |
| قەن– تارە گۆدەکرێ | عەرەبی | Guntara' | قنگارە |
| خەڵکی گوور | کوردی | Gūrãn | گوران |
| قەڵایەکە لە رۆژئاوای چیاکانی شارەزوور | | Gūrãn Qal'a | گوران قلعە |
| جافێکی ناوەندی گۆرانە | | Gurg Kash | گرگ کش |
| دەربەندێکە لە شاخی کەدەر | | Guvatan | گوتان |
| | | H | |
| گوندێکە نزیك حەوت دەشت | کوردی | Haft Dasht | هفت دشت |
| | | Hakkiãri | هکاری |
| گۆکردنی کوردی هەڵەبجە | | Halabja | هلبجە |
| سنووری گوندێکی نزیك بایەزیدە | | Halaj | هلاج |
| | | Hamãvand | حماوند |
| گۆکردنی کوردی بۆ ئەسرەباد | | Hasraba | حسرابا |
| خێڵێکی هەکاریە | کوردی | Havirian | هویریان |
| گوندێکی سەر رووباری سیروانە | | Herawa | هراوا |
| گۆکردنی کوردی بۆ هەورام | | Haoram | هورام |
| گۆکردنی کوردی ئەربیل | | Hauler | هولیر |
| پایتەختی کوردەکانی | | Haorin | هورین |

| | | | |
|---|---|---|---|
| شەرەفبانیە | | | |
| خێڵێکی جافە | | Haruni | هارونی |
| بە فارسی حلوان | | Holwan | هلوان |
| | | I | |
| | تورکی | Ibrahim Khanji | ابراهیم خانچی |
| خەڵکی جوانرۆ | کوردی | Imami | امامی |
| ناوچەیەکی ئەردەڵانە | فارسی | Isfandabad | اسفنداباد |
| | | J | |
| رەوەند | عەرەبی | Jãf | جاف |
| | کوردی | Jãf Tilan | جاف تیلان |
| | عەرەبی | Jabour | جبور |
| | کوردی | Jãf-i-Sartik | جافی سارتك |
| دورگەی ئیبن عومەر کە شارۆچکەی لەسەر بنیات نراوە. | عەرەبی | Jazira ibn Umar | جزیره ابن عمر |
| چیای سوور | | Jabal Hamrin | جبل حمرین |
| خێڵێکی حەسەنانلو | کوردی | Jibranlu | جبرانلو |
| خێڵێکی هەکاری | | Jelū | جلو |
| گوندی کوردەکانی مامەشە | | Jindian | جندیان |
| سنووری گوندێکی نزیك ورمێیە | | Jirma | جرمه |
| رووباری دڵخۆشی | | Juanru | جوانرو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| جلامرك | Julamark | | شارۆچکەیەکە لە هەکاری |
| | K | | |
| كفر | Kafar | عەرەبی | گوندێکە لە نێوان کەرکوك و ئاڵتون کۆپری |
| كيوانلو | Kaiwanlu | کوردی | خێڵێکی کوردە |
| كالان | Kalan | | کەلی شاخ،گوندێکە نزیك پێنجوێن |
| كلهور | Kalhur | | |
| كل بالين | Kal-i- Balin | | کەلی پشتی یان سەرین |
| كل شين | Kal-i-Shin | | ناوچە و دەربەندی کەلی شین |
| كل زنجيرى | Kal-i-Zanjiri | | زینجیرە کەلەکان |
| كندرله | Kundulah | | خێلچێکی کرماشانە |
| كانيان | Kanian | | بیرەکان، باکووری بێستانە |
| كانى چقال | Kani Chaqal | | بیری چەقەڵ نزیك خانەقین |
| كانى تاڵ | Kani Tal | | بیرە تاڵ، نزیك کەرکوك |
| كانى شيره | Kani Shire | | کانی خۆشاو لە ئەردەڵان |
| كاپوره | Kapura | | |
| كرگه | Karga | | گوندێکی سلێمانیە |
| كرمانج | Karmanj | | ناوی سەرەکی تیرەی کوردی باکوورە |
| كولك | Kavlik | | گوندێکی ناوچەی تورکیا نزیك قوتورە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| كرند | Kerind | | شارۆچكە و خێڵێكی كرماشانە. |
| كویسنجاق | Keui Sanjaq | توركی | ناوچە و گوندی ژێر دەسەڵات |
| خانقین | Khaniqin | عەرەبی | خەفەكەر، خامۆشكەر |
| خانی سور | Khan-i-sur | كوردی | خانی سوور نزیك پاشقەڵا |
| خراسانلو | Khurãsãnlú | | لقێكی تیرەی حەسەنانلو |
| كفری | Kifri | عەرەبی | |
| كلالی | Kilali | كوردی | گەلاڵی خێلێكی جافە |
| كركوك | Kirkúk | توركمانی | |
| كوچكران | Kuchkaran | كوردی | گوندێكی حەسەنانلوی ناوچەی توركیایە |
| كوه بمو | Kuh-i-Bamu | | چیایەكی سەر سنووری تیرەی گۆرانە |
| كوه چلچمە | Kuh-i-Chilchama | | چیای چل چەشمە نزیك بێستان |
| كوه كدر | Kuh-i-Kedar | | ناوچەیەكی شاخاوی باكووری پێنجوێنە |
| كوكوی | Kukui | | خێڵێكی جافە |
| كویك | Kuyik | | خێڵێكی ناوەندی جافی گۆرانە |
| | L | | |
| لاهیچان | Lahijan | كوردی | ناوچەی باشووری دەریاچەی ورمێ |
| لیهونان | Laihunan | | خێلێكی هەكاریە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| لولرك | LarIavak | | گوندێکی ناوچەی فارسە نزیك قوتور |
| | M | | |
| مباوه | Mabawa | کوردی | قەلایەکە لەسەر رەواندوز لەسەر رێگەی سابلاخ |
| ماهی دشت | Mahidasht | | ناوچەیەکە نزیك کرماشان و لەوانەیە مایدەشت بنوسری |
| میدان | Maidan | | گوندێکە لە خوار شیروانەوە |
| ماکو | Maku | | شارۆچکەیەکی ئازربایجانە |
| ماماش | Mãmãsh | | |
| مندلك | Mandalik | | |
| مرند | Marand | فارسی | شارۆچکەیەکی ئازربایجانە |
| مرگه | Marga | کوردی | |
| مرگور | Margavar | | ناوچەیەکە لە ورمێ |
| مسودی | Masadi | | خێڵێکی جافە |
| مسخال | Maskhal | | |
| مریوان | Merivãn | | کۆی مەرڤە، خەڵکی مەرڤ |
| میانداب | Miandab | فارسی | لەوانەیەمیاندواو بێ |
| مك | Mik | کوردی | گوندێکی نزیك بانەیە |
| میکایلی | Mikaili | | خێڵێکی جافە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مل کل | MiI-i·Kal | | مله کەل |
| مل پلنگان | Mil-i- Palangan | | ملەی پڵنگان |
| مەنگوڕی | Minkri | | خێڵێکی تیرەی موکریە |
| میرابێگی | Mirabegi | | خێڵێکە لە جوانڕۆ |
| میرادە | Miradeh | | گوندێکە لەسەر رێی بانە و سەقز |
| مسوری | Misuri | | خێڵێکی هەکاریە |
| موان | Muan | | گوندێکە لە شارەزوور |
| مرکز | Murkuz | عەرەبی | ناوچەی قەڵایەکە نزیك خانەقین |
| موسای | Musai | کوردی | خێڵێکی جافە |
| مگارە | Mutara | عەرەبی | زنجیرەیەکە نزیك کەرکوك |
| | N | | |
| نفت داغ | Naft Dagh | تورکی | شاخی نەوت |
| نفت تپە | Naft Tapa | | گردۆڵکەی نەوت |
| نیرژە | Nairzhi | کوردی | خێڵی جاف لە گۆران |
| نامداربیگی | Namdar Begi | | خێڵێ لە جوانڕۆ |
| ناوسد | Naosud | | گوندێکە لە هەورامان |
| نرگسجە | Nargisja | | گوندێکە لە شارەزوور |
| نارنجلان | Narinjalan | | نارنجەلان لە شارەزوور |
| ناوی | Naoi | | لە ناوەڕاست، لە شارەزوورە |
| نیلانبو یان بیلانبو | Nilanbu or Bilambu | | زنجیرە چیایەکە لە شارەزوور |

| | | | |
|---|---|---|---|
| نیلپاریز | Nilpariz | | گوندێکە نزیک سلێمانی |
| نیروە | Nirwa | | |
| نیشار | Nishar | | گوندێ لەسەر رێگەی شاری مەریوان |
| نوروالی | Nur vali | | خێڵێکی جافە |
| | O | | |
| اوهنگ | Ohang | کوردی | رووباری هەنگ |
| اولیانە | Oliana | | گوندێکە نزیک سلێمانی/ وەلیەکان |
| اورمر | Oramar | | گوند و خێڵێکی هەکاریە |
| | P | | |
| پمنگان | Palangan | کوردی | پایتەختە کۆنەکەی هەورامان |
| پنجوین | Panjwin | | لای کورد نابانگە بە پێنج دین، جولەکە، مەسیحی، شیعە، سونی و عەلیوڵڵاهی. |
| پاوە | Pave | | گوندێکی گۆرانە |
| پیرمگرون | Pir-i-Mugurun | | چیایەکە نزیک سلێمانی |
| پشدر | Pishdar | | خێڵێکی تیرەی موکریە |
| پونمرك | Pun mark | | سنووری گوندێکی نزیك قوتورە |
| پشتەمالە | Pushtamala | | خێڵێکی جافە |
| | Q | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| قادرمیر ویسی | Qadir Mir Waisi | کوردی | خێڵێکی گۆرانە |
| قیصران | Qaisaran | عەرەبی | گوندێکە لە باشووری دەشتی هەڵەبجە |
| قلعه بانگه | Qal'a-i-Baniga | کوردی | قەڵایەکە لە باشقەڵا، لە رێی ورمێ |
| قلعه حمه | Qal'a-i-Hama | | قەڵایەکە لە وڵاتی شوان |
| قلعه خواره | Qal'a -i- Khwarawa | | قەڵا و گوندێکە نزیك چەمچەماڵی هەمەوەند. |
| قلعه سبزی | Qal'a-i-Sabzi | | قەڵایەکە نزیك قەسری شیرین |
| قلعك | Qal'ak | کوردی | گوندێکە نزیك باشقەڵا |
| قلخانی | Qalkhani | | لقێکی تیرەی گۆرانە |
| قمرجق | Qamarajiq | تورکی | گوندێکە نزیك بایەزید |
| قرەباغ | Qaradagh | | گوندێکە نزیك ئاڵتون کۆپری |
| قرەچوالان | Qarachulan or Qarachwalan | تورکی و کوردی | رووبار و گوندێکە نزیك سلێمانی رەشە چۆڵانی |
| قرەداغ | Qaradagh | تورکی | زنجیرە چیا و گوند ناوچەیەکە |
| قرەپاپاخ | Qarapãpãkh | | خێڵێکی تەتەرە نزیك ورمێ، تەپلە رەش |
| قرەتپە | Qara Tapa | | رەشە گردۆڵکە |
| قصرك | Qasrak | کوردی | سنووری گوندێکە نزیك سەڵماس |

| | | | |
|---|---|---|---|
| قصرشیرین | Qasr·i·Shirin | فارسی | شارۆچكەیەكە نزیك شوێنی شیرین |
| قزلجه | Qizilja | توركی | ناوچه و چەمێكی نزیك پێنجوێنه |
| قزلربات | Qizil Rubat | | گوندێكه لەسەر رێی بەغدا و كرماشان/ سووره قەلآ |
| قوبادی | Qubadi | | خێڵێكه له جوانرۆ |
| قرتو | Quratu | | رووبار و گوندێكه له زەهاو |
| قرت كوی | Qurt Keui | | گوندی كورد نزیك ئالتون كۆپری |
| قریه | Quria | | گوندێكه له كەركوك |
| قتور | Qutur | | شارۆچكەیەكە له ناوچەی ئازربایجان |
| | R | | |
| رانیه | Rãnīa | كوردی | شارۆچكەیەكی كوردستانی توركیایه |
| رواندوز | Rawandüz | | شارۆچكەیەكی كوردستانی توركیایه |
| روانسر | Rawansar | | گوندێكی گۆرانه |
| ربات | Rayat | | گوندێكه نزیك رەواندوز |
| ریژه | Rìzho | | هەرێمی كەرند |
| رفزادی | Rugh Zadi | | خێڵێكی جافه |
| | S | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| صدانی | Sadani | کوردی | خێڵێکی جافه |
| سگرمه | Sagirma | | دەربەدێ لە قەرەداخ |
| سەلاحیه | Salahia | عەرەبی | ناوچە و خێڵێکی نزیك کفریه |
| سلماس | Salmas | فارسی | شارۆچکەیەکی ئازربایجانە |
| سقز | Saqiz | تورکی | شارۆچکەیەکی ئەردەڵانە/ بنێشت |
| سردشت | Sardasht | کوردی | لەسەر دەشت |
| سرمبل | Serambal | | ناوچەی گوندێکی نزیك بانەیە |
| سراوان | Serawan | | گوندێکە لە نیلامبۆ |
| شای | Shahi | | گوند و شاخێکە لە ئەردەڵان |
| شادان | Shah Dan | کوردی و عەرەبی | گوندێکە نزیك بێستان |
| شهرزور | Shahr-i-Zür | فارسی | بە کوردی شارەزوور، شاری زۆر، یان شاری بازاڕ |
| شیخان | Shaikhan | کوردی | دەشت و گوندێکە لە کرماشان |
| شیخ عتار | Shaikh Attar | عەرەبی | ناوی گوندێکی نزیك مەریوانە |
| شیخ اسماعیلی | Shaikh Isma'ili | کوردی | خێڵێکی جافه |
| شەمدینان | Shamdinan | | خێڵێکی هەکاریە |
| شاتری | Shatiri | | خێڵێکی جافه |
| شوان | Shūãn | | شوان/ ناوی خێڵە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| شوشان | Shushan | | نزيك هەڵەبجەيە |
| سهكانلو | Sihkanlu | | خێڵێكی حەسەنانلويە |
| سنه | Sina | | سەنەندوج/ صحنة يان صحندج |
| سنجابی | SenJãbì | | خێڵێكی كوردی فارسە لە ناوچەی قصری شيرين |
| سوبلاخ | Soblakh | | لە توركيەوە سوچ بلاخ/ مەهاباد |
| سليمانيه | Sulaimãnia | عەرەبی | ناوە كورديە تەواوەكە سلێمانی |
| سورباخان | Surbaghan | كوردی | سورەباخ/ نزيكە بايەزيد |
| سورچينه | Surchina | | گردۆڵكە سوورەكان |
| سوريان | Surian | | ناوچە و گوندێكە لە نێوان ورمێ و باشقەڵادا. |
| | T | | |
| تيلكو | Tailaku | كوردی | ناوچە و خێڵێكی جافە |
| تايشه | Taishai | | خێڵێكی گۆرانە |
| تندروك | Tandurak | | بە ناو توركيا لە فارسە وە / تەنور |
| تپەكوی | Tapa Keui | توركی | گوندی تەپۆڵكە |
| تپەريز | Tapa Ruiz | كوردی | گردۆڵكە بچوك/ ناوچەی گوندێكی نزيك بايەزيدە |
| ترگور | Targavar | | سنووری ناوچەيەكی نزيك ورمێيە |
| ترخانی | Tarkhani | | خێڵێكی جافە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| تاوق سو | Tauq su | تورکی | ئاوی هەڵقوڵاو |
| تویله | Tavila | کوردی | گوندێکی هەورامانە |
| تشر | Tashar | | گوندێکی هەورامانە |
| تولیه | Tulia | | گوندێکی ورمێیە |
| تمان | Tuman | فارسی | گوندێکی هەکاریە |
| دوزخورماتی | Tuz Khurmatu | تورکی | گوندێکی کفریە |
| | U | | |
| ئوخداغ | Uokhdagh | کوردی | شاخێکی بچوکە لەسەرو وشنێوە |
| اورمیه | Urumia | فارسی | لەوانەیە ناوێکی مادەکان بێت |
| اشنی | Ushnai | کوردی | |
| | W | | |
| ولدبیگی | Walad Begi | کوردی | خەڵکی جوانرۆ |
| ورده | Warda | | ملەیەکە لە سنووری زنجیرەیەك لە کوردستان |
| | Y | | |
| یزدان بخشی | Yazdan Bakhshi | کوردی | خێڵێکی جافە |
| یگی کوی | Yogi-Keui | تورکی | گوندی نوێ نزیك ئەباغ لە بایەزید |
| یوسف یار احمدی | Yusuf Yar Ahmadi | کوردی | خێڵێکی جافی ناو گۆرانە |
| | Z | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| زاب | Zab | ئاسووری | |
| زنگنه | Zangana | فارسی | خێڵێکە نزیك كرماشان |
| زنگی سر | Zangisar | کوردی | گوندێکە لە شارەزوور |
| زرده | Zarda | | گوندێکە لە گۆران |
| زردوی | Zardawi | | خێڵێکی جافە |
| زبری | Zibarì | | خێڵێکی لە هەکاری |
| زبرکان | Zevakan | | سنووری گوندێکە لە هەکاری |
| ژیریا | Zhiria | | لەژێر بادا، دەریاچەیە لە مەریوان |
| زمکان | Zimkan | | رووبارێکە لە کرماشان |
| زرکانلر | Zarkanlr | | خێڵێکی حەسەنانلوە |
| زهاب | Zuhab | فارسی | زەهاو |

# پاشكۆی ( ج )

## زاراوە

لەم زاراوانەی لای خوارەوە هەوڵدراوە لیستێكی تەواو پێویست بۆ گەڕۆك و گەشتیارەكان دیاری بكرێ، لەبەرئەوەی لەوانەیە زاراوەكان زۆرتر بن، ئەوانەشی كە زۆر جیاوازیان هەیە لە هەر دیالێكتێكی فارسیدا لێرەدا هەڵبژێراون. بەڵام بەهۆی تێكدانیانەوە لەلایەن كوردە ساكارەكانەوە هەمان وشە كە لە فارسیدا بەكاردێ، بەو هێڵە دەڕوات كە لای كەسێكی فارسی ساكاریش هەست بە جیاوازیەكە ناكات، یان بە تێكدانەكە. لەبەر ئەو راستیە ئەو تێكدانە ئاشكرایە شێوەیەكی دەگمەن نیە، شێوەی فارسیەكەی فەرهەنگێكی بۆ دانراوە كە قەوارەكەی بە تەنیا دادوەری زمانەكە دەكات. بەگوێرەی فرمانەوە درێژبۆتەوە وەك بۆنمونە، بە دڵنیاییەوە، و لە راستیدا. زۆربەی فرمانەكان لەسەر ئەوە شێوەی وەرگرتووە. جیاوازیە ئاشكراكان لە فرمانە دەگمەنەكاندا، وەك بەیەك گەیشتن، داوا هاوئاوازەكان، بەهەرحاڵ فرمان گرانە و ئەو رستە سادانەی لێرەدا هاتوون بەسە بۆ رێبوارێ كە بە وڵاتەكەدا بگەڕێ، بەداخەوە فرمانی یارمەتیدەر ئەوەندە ئاڵۆزە كە ناتوانرێ لێرەدا باسكرێ.

هەندێ وشەم لە دیالێكتی كرمانجی وەرگرتووە، حەسەنانلو، حەیدەرانلو،كە خێڵەكانی ئەم گروپە زمانێك لەو بەشە گەورەیەی باكووری كوردستانی توركیادا قسە دەكەن، كە لە دیاربەكر و موسڵ تێدەگەن، بەڵام كوردەكانی ناوەڕاست وەك موكری و سلێمانی و ئەردەڵان جیاوازن. هەروەها وشەی (خانیگە)م داناوە كە دیالێكتی باشووری كرماشانە و لە كرماشانەوە قسەی پێدەكرێ تا سنووری توركیا.

لە دوا خشتەدا بەرامبەری وشەكان فارسیەكەیم داناوە بۆ گۆڕان و بەراوردكردن.

نابێ واهەست بكەین كە ئەم سێ دیالێكتە هەموو زمانی كوردستان دەگرێتەوە، من باسی زازام نەكردووە كە زۆر بە فراوانی بڵاوە، هەروەها دیالێكتی كۆنی هەورامان كە درێژئەبێتەوە بۆ پاوە و رەژۆ، یان گەوارنەیی و باڵەكی، بەڵام من لە سنووری ئەو سێ دیالێكتە سەرەكیە دەرنەچووم.

| واتا | كوردی باكوور كرمانجی | كوردی ناوەڕاست (موكری) | كوردی باشوور كرماشانی | فارسی |
|---|---|---|---|---|
| لە دواوە/ بۆ شوێنكەوتن | دوما | شۆن | دوواو | عقب، دمبال |
| پاشان / بۆ كات | پاش، پاشە | پاش | دورتر | بعد، پس |
| دوا نیوەڕۆیەكی | ئێوارە | ئێوارە | ئێوارە | گرف غروب |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| درەنگ | | | | |
| دوانیوەڕۆیەکی زوو | ئەسر | پاشی نیمەڕۆ | | عصر |
| مێرولە | موورە | مەیرولە، مەیروچە (با) | موور | مورچە |
| قۆڵ | باڵ | باڵەك | باڵ | دست |
| کەر | کەر | کەر | کەر | خر |
| خراپ | خراپ، مردار | خەراو | گەن | بد |
| دەنوك | دەنوك | دەنوك، نوکاڵ | دەنوك | نوك |
| وورچ | بیرچ | ورچ | وەرچی | خرس |
| هەنگ | هەنك | هەنگ | هەووگ | زنبرعسلی |
| لەوەپێش | بەریە | جاران | وەرتیر | پیشتر |
| سوالکەر | فەقیر | سالکەرە | گیە | گدا |
| سك | زك | زك | زك | شکم |
| هی | مالی | هینی | مالی | مال |
| ژێر | ژێر | ژێر | ژێر | زیر |
| تر | ئیتر | تر | دیتر | دیگر |
| گەورە | مەزن، گەورە | زڵ، زەلام | گەورە | بزرك |
| رەش | رەش | رەش | سیا | سیاه |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شین | هەشینە | شین | کەوە | ابی |
| کوڕ | کوڕ، زاوەڕۆ | کوڕە | کوڕە | پسر |
| مەمك | میم | میمك | مامکە | پستان |
| هەناسە | هەناسە | هەناسە | هەناسە | نفس |
| بوك | بوك | بوك | ویو | عروس |
| زاوا | زاڤا | زاوا | زاما | داماد |
| پرد | پرت | پرت | پرت | پل |
| هێنان | باڤەر | بیەنە،باڤر | بار | بیار |
| گەسك | نەڤلیك | گسك | گەزك | جاروب |
| کڕین | کڕین | کڕین، سەنین | سنین | خریدن |
| بانگکردن | بانکردن | بانگکردن<br>چڕان (با) | دەنگدان | بانك کردن |
| پشیلە | پسلنك | پسلنك، پسکە | پشی | گربە |
| خەڵوز | کەومەر | خەڵوس | زوخاڵ | زغال |
| منداڵ | زاوەرو | مناڵ | موناڵ | بچە |
| جلوبەگ | جلك، هتاری | جل | جل،جەنك | لباس |
| کەڵەشێر | خوروس | کەڵەشێر | کەڵەشێر | خروس |
| هاتن | هاتن | هاتن | هاتن | امدن |
| گەڕانەوە | واگەرن | واگردن، | ئەلگریان | برگشتن |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | هەلگڕیان | | | |
| تەواو | ساخ | ساخ | تەواو | درست |
| کولاندن | پاهتن | کولان | کولیان | پختن |
| مس | پاخر | فاخر | مس | مس |
| سەر توێژ | قەیماق | سەرشیر | سەرشیر | سرشیر |
| پێرێ | پەرێ | دودوەینێ، پێرێ | پەرێکە | پریروز |
| چۆڵ | چۆڵ، ڤەران | چۆڵ | چۆڵ | خالی |
| کردن | کڕن، کردن | کردن | کردەن | کردن |
| خوارەوە | خوار | خوار | خوار | خوار |
| مراوی | وۆردەك | مراوی‌ن سۆنە | سۆنە،هۆردك | مرغاپی |
| خاك | خاڵ | خواڵ | خاك | خاك |
| زەمین | ئەرد | ئەر، زوی | زۆین | زمین |
| هێلکە | هەك | هیلکە | خا | تخم |
| بەتاڵ | بەتاڵ | بەتاڵ | خالی | خالی |
| ئەبرۆ، برۆ | برێ | برۆ | برۆ | ابرو |
| کەوتن | کەتن | کەوتن | کەفتن | افتادن |
| باوك | باب | باوك | باوکە | پدر |
| ئاگر | ئاگر | ئاگر | ئاگر | اتش |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| چیلکە | ئەیژنك | هیژنك | چیلەك | میزم |
| پرژە | چیلکە | چوولکە | ........ | ............ |
| خواردن | گەرمك | چەیشت | خۆراك | خوراکی |
| بۆ | بۆ، ژبۆ | بۆ | ئارەی | برای |
| پێشتر | جاران | جاران | وەرتر | پیشتر |
| مریشك | مریشك | مریشك | مامر | مرغ |
| ناوچەوان | نۆچاڤ | نۆچۆ | ناوی چاو | پیشانی |
| لە | ئەهی، لە | لە | لە | لز |
| ئاسکە کێوی، ئاسك | ئاسك، جیران | ئاسك، جیران | جیران | جیران |
| دان | دان | دان | دان | دادن |
| بدە | بەدە | بیە | بیە | بدە |
| ڕۆشتن | چوون، هەڕۆ | ڕۆین | چڵان | رفتن |
| بڕۆ | هەڕە | بڕۆ | بچۆ | برو |
| بزن | بزن | بزن | بزین | بز |
| زێڕ، ئاڵتون | زر | زێر، ئاڵتون | تەڵا، زەڕ | تلازر |
| باش | ڕەند | باش، چاك | خۆس | خوب |
| کولەکە | کۆل | کولەکە | کەو | کدر |
| ترێ | ترێ | ترێ | هەنگور | انگور |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زەمین | ئەرد | ئەرد، زوی | زوین | زمین |
| رەق | رەق | رەق | سوت | سغت |
| کەروێشك | کەرویشك | کەروێشك | هەروش | خرگوش |
| بیستن | بهستن | بهیستن | ژنەفتن | شنفتن |
| قورس | گران | گران | گران | سنگین |
| لەوێ، لێرە | لەوەرێ | لەیرە، لەوێ | وەیرە | انجا |
| خۆی | خود | خۆی | خۆی | خودش |
| کون | کوون | کونا | کونا | سوراغ |
| زەردەوالآ | زەمبور | زەردەوالآ | زەمبوری کافر | زنبورزرد |
| خانو | خانو | خانو، ماڵ | ماڵ | خانە |
| چۆن | چتون | چۆن، چلۆن | چۆن | چتور |
| چەند | چەن | چەن | چەن | چقدر |
| برسی | برچی | برسی | وورسی | کرسنگی |
| من | ئەز، من | من | من | من |
| صەهۆڵ | یەخ | سەۆڵ | یەخ | یخ |
| لە پێشەوە | لەوا | لەپێش | لەوەر | جلو |
| ئەژنۆ | زنێ | ئەژنۆ | ژانۆ | زانو |
| زانین | زانین | زانین | زانین | زانستن |
| بەرخ | بەڕ | بەرخ | وەرخ | برە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پاشان | شۆن، شۆنتر | پاش، پاشتر | دور، دورتر | بعد |
| قورقوشم | قورڕقوشون | قورڕقوشون | سورب | سرب |
| گەڵا | چلۆ | گڵا | گیڵا | برگ |
| پێ، قاچ | پەی، ران | قاچ، پێ | پا | پا |
| کەم | هەندەك | هەنەك، کەم | کەم | کم |
| بچوك | کوەخە | پچوك، وورد | بوچك | کوچك |
| تەماشاکردن | فکیرن | نێرین | .......... | نگاکردن |
| زیان | ژیان | زیان | زیان، زەرار | زیان، زرر |
| گوم، وون | واندا | گوم، وون | گوم | گم |
| شێت | دانە | شێت | شیت | دیوانە شید |
| پیاو | میر | پیاو | پیاو | مرد |
| زۆر | زۆر، پێر | زۆر | فەرە | خیح |
| کاڵەك | قەرپوس،کاڵەك | کاڵەك | کاڵەك | خربوزە |
| ئاش | ئاش | ئاش | ئاش | اسیاب |
| پارە | پارا | پارا، پوڵ | پوڵ | پول |
| بەیانی | لیو | بەیانی | سوەی | صبح |
| دایك | دا | دایك | داڵك | مادر |
| چیا، شاخ | چیان | کۆ، کۆکان | کۆ، کۆکەل | کوە |
| دەم | دەف | دەم | دەم | دهان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زۆر | زۆر، پێر | زۆر | فره | خیح |
| هێستر | ێستر | ئیچستر، ولاخ | هێستر، قاتر | قاتر |
| خۆم | خۆم | خۆم | خۆم | خودم |
| مل، گەردن | ئەستۆ | مل | مل | گردن |
| دەنگ | بانگ | دەنگ | دەنگ | صدا |
| ئێستا | نکا | ئێستە | ێرەنگە | حالا |
| دیار، ئاشکرا | دیار | دیار، مالوم | پەیٚ، دیار | پیدا |
| بایەقوش | بەلقوش | بایەقوش | بەیقوش | چغد |
| هەرمێ | هەرمێ | هەرمۆ | هەرمۆ | گلابی |
| ئاڵەت | یسۆت | ئاڵەت | ئاڵەت | فلفل |
| مەنجەڵ | قازان | قازان | تیانچە | دیك |
| جوان | جوان | خوجوال | جوان | خوشکل |
| قازانج | قەزانج | قازانج | مەنفەئەت | منفعت |
| چارەك | چێرەك | چوارەك | چوارۆك | چارك |
| لێفە | یەرقان | لێف | لێف | لحاف |
| بەران | ڤەرەن | وەرەن | شەك، وەران | غوج |
| سوور | خوسۆر | سوور | سوور | سرخ |
| تیر | تیر | تیر | تیر | سیر |
| چۆڵەوانی | چۆڵ | چۆڵ | چۆڵ | خرابه |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| راکردن | راڤەن | راکردن | دەرچیەن | دریدن |
| خوێ | خەڤێ | خوێ | خوا | نمك |
| وتن | خوتن، بن | واتن، گوتن | واتن | گفتن |
| بڵاو | بڵا | بڵاو | پەرت | پراکندە |
| مەقەست | مقاس | مقاس | مقاس | قیچی |
| دوپشك | قرژنك | دوپشك | کولژدەم | عقرب |
| سێبەر | سێبەر | سێبەر | سایێ | سایە |
| مەڕ | پەڕە | مەڕ | گاڤر | کفند |
| زیو | زیو | زیو | نوقرە | نقرە |
| شیش | شیش | شیش | شیش | سیخ |
| خەو | خەو | خەو | خەو | خواب |
| نوستن، خەوتن | راکەفن | نوستن، خەفین | کەفتن | خوابیدن |
| وورد، بچوك | کوچك، هورد | وورد | وورد | کوچیك |
| هەندێ | چەن | چەن | چەن | قدری |
| گۆرانی | ئاڤاز | گۆرانی | گۆرانی | اوازە |
| کوڕ | زاوەرۆ، کوڕ | کورش | کوڕە | پسر |
| جاران | بەریە | جاران | وەرتر | پیشتر |
| چۆلەکە | کوچەك | چۆلەکە، | مەلوچکە | کنجشك |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | مەلوشکە | | |
| وتە | قسە | قسە | قسە | حرف |
| کانی، سەرچاوە | کانی | کانی | کانی | چشمە |
| بەرد | گڤەرد، بەرد | بەرد | کوچك | سنگ |
| راوەستە | بسکن | راوەسە | وەسە | را ایست |
| لێدان، پێداماڵین | بقەت، لێخە | لێخە | بدە | بزن |
| هاوین | هاڤین،تاوسان | هاوین، تاوسان | تۆسان | تابستان |
| خۆر | تاف | فەتاو | خوەر | افتاب |
| پلیکانە | پلیکان | پلێکان، جێپێ | پلیکان | پلە |
| بیگرە | بگرە | بگرە، سێن | بستن، بگرە | بگیر |
| بیبە | بیوە | بیبە | بووە | ببر |
| دەوار ،خێوەت، چادر | ماڵ | چایر، ماڵ | چایر، ماڵ | چادر |
| ئەوە | ئەڤ | ئەو، ئەوە | ئەوە | ان |
| ئەو کات | ئەوەقت | ئۆسا، ئەوەخت | ئەوەخت | انگاه |
| لەوێ | لەورە | لەورە | ئەوردە | انجا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هەیەتی، هەیە | هەیە | هەیە، هەیەتی | هەس، هەسی | هست |
| نیە | تونە | نیە | نییە | نیست |
| ئەمان | ڤان، یان | ئەیانە | ئەیانە | اینها |
| ئەوانە | ڤان | ئەوانە | ئەوانە | ایشتن |
| تینو | تێمە | تینی | تینی | تشنە |
| ئەو | ئەڤ | ئەم، ئەو | یەھ | این |
| دڕك | دڕەکە، هەی | دڕکە | دڕکە | خار |
| ئەوان | ڤان | ئەوان | ئەوان | انها |
| خستن | دێخن | دایخن، خسن | خسن | انداختن |
| ئاوا | ڤا | وا | چنو | چنین |
| ماندو | ما | ما، هیلاك | شکەت | خستە |
| بۆ، بە، لە | لە، ب | لە، بە | وا | بە |
| بەیانی، سبەینێ | سوبە، سەوا | سبەینێ، سوزی | دەمسۆ | فردا |
| چەم | چەم | چەم | چەم | سیلاب |
| خاولی | خاولی | خاولی | هەولە | حولە |
| درەخت | درا | درا | درا | درخت |
| شەرواڵ | شاڵ | شواڵ | شەڵوار | شلوار |
| ناشرین | ناشرین | ناشرین | زش | زشت |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مام | مام | مامۆ | مامۆ | عمو |
| ژێر | ژێر | ژێر | ژێر | زیر |
| زۆر | زۆر، پێر | زۆر | فره | خیح |
| دیار | دیار | دیار | دیار | پیدا |
| گوند، دێ | گوند | گوند، دێ | دێکەیە | دبه |
| گوێز | گوێز | گوێز | گوێز | گردد |
| ئێمە | ئێمە،ئانی | ئێمە | یمه | ما |
| خۆمان | خۆمان | خۆمان | خۆمان | خودمان |
| کانی | کانی | کانی | کانی | چاه |
| هەرچی | چقاس | هەرچی | هەرچی | هرچه |
| لەکوێ | لەکوێ | لەکوێ | کورا | کجا |
| کام | کێژان | کامین | کام | کدام |
| سپی | سپی | سپی، چەرمی | چەرمو | سفید |
| بۆچی | ژێ، بەوچی | بۆ، بۆچە | ئاڕای چە | چرا |
| وتە، قسە | قسە | قسە | قسە | سخن |
| کار، ئیش | ئیش | ئیش | کار | کار |
| دوێنێ | دهو | دوێنێ،دوێکە | دوێکە | دیروز |
| ئێوە | هون | ئیوە | ئێوە | شما |
| خۆتان | خۆتان | خۆتان | خۆتان | خودتان |

## پاشکۆی ( د ) بەردەوامە

## ووشەسازی- بەردەوامە

| ژمارە | کوردیی باکور کرمانجی | کوردیی ناوەڕاست موکری | کوردیی باشوور کرماشانی |
|---|---|---|---|
| 1 | یەك | یەك | یەك |
| 2 | دوو | دوان | دو |
| 3 | سێ | سیان | سە |
| 4 | چار | چوار | چوار |
| 5 | پێنچ | پنج | پەنج |
| 6 | شەش | شەش | شەش |
| 7 | هەوت | هەوت | هەفت |
| 8 | عەشت | هەشت | هەشت |
| 9 | نیە | نە | نۆ |
| 10 | دە | دە | دە |
| 11 | دەوەیەك | یانزە | یانزە |
| 12 | دەوەدودو | دوانزە | دوانزە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 13 | دوەسەسە | سیانزە، زیادە | سیانزە |
| 14 | دەوەچار | چواردە | چواردە |
| 20 | بیس | بیس | بیس |
| 30 | سی | سی | سی |
| 40 | چل | چل | چل |
| 50 | پەنجا | پنجا | پەنجا |
| 60 | شێست | شێست | شەست |
| 70 | هەفتە | هەفتا | هەفتا |
| 80 | هێشتە | هەشتا | هەشتا |
| 90 | نوت | نوت | نەوەد |
| 100 | سەت | سەو | سەو |

لە باکوور و ناوەڕاستدا، بە خستنەسەری (ان) یان (ەکان) بۆ سەر وشەی تاک، کۆی وشە دروستدەکرێت، هەروەها لە باشووردا بە خستنە سەری (ەل) یان (ەکەڵ) بۆ سەر وشەی تاک. نمونە: موران، تەنان، ئەفان ( لە باکوور). پیاوەکان،

ژنەکان (لە ناوەڕاست)، پیاوەل، ژنەل (لەباشوور). ( واتە پیاوگەل، ژنگەل.... وەرگێڕ)

کوردی ناوەڕاست، بۆ دیاریکردنی شێوەی تاك نیشانەی (ێك) هەمیشە دوای ناو دەکەوێت، وەك: پیاوێك، پستکێك (یەك پشیلە)، سەگێك...هتد. شێوەکانی کۆ دەبێ هەمیشە بۆ کۆی راستەقینە بەکاربێت، چونکە لە کوردیدا شێوەی تاك واتای کۆ نابەخشێ وەك لە فارسیدا هەیە.

# شێوەکانی فرمان

وەك بۆچونێکی گشتی لەم شێوانە و لە شیکردنەوەیەکی گونجاوی ئەوانە، جگە لە درێژەی ئەوەی هەیە لە بەیەکگەیشتنێکی کەمی فرمانی (کردن) کە لە هەر سێ دیالێکتی کرمانجی و موکری و کرماشاندا وەك یەك کاردەکات.

## دەمی ئێستای هەواڵگەیاندن

| کرماشانی | موکری | کرمانجی |
|---|---|---|
| کەم | دەکەم/ یان/ ئەکەم | دەکەم/ یان/ دەکڕم |
| کەیت | دەکەی، ئەکەی | دەکەی/ یان/ دەکڕی |
| کەت | دەکەیت، دەکات/ یان/ئەکەیت،دەکات | دەکن/ یان/ دەکا، دەکڕن،دەکڕە |
| کەیمن | دەکەین، ئەکەین | دەککن، دەکڕن |
| کیاتن | دەکەین، ئەکەین | دەککن، دەکڕن |
| کەن | دەکەن، دەکەن | دەککن، دەکەڕن |
| | دەمی رابردوو | |
| کردم | ئەمکرد، کردم | مەکرد، کردم |
| کردیت | ئەتکرد، کردت | تەکرد، کردی |
| کرد | ۆکتد،یکرد، کردی | ئەڤکرد، کرد |
| کردیمن | ئەمانکرد، کردین | ئەمکرد، کردن |
| کردیتن | ئەتانکرد، کردین | هونکرد، کردن |
| کردیان | ئەیانکرد، کردن | ڤانکرد، کردەن |

## كرداری رابردووی دوور

| كرمانجی | موكری | كرماشانی |
|---|---|---|
| كردمه | كردومه | كردیه م |
| كردته | كردوته | كردته |
| كردیه | كرده‌وه | كردیه |
| كردنه | كردونه | كردنه، كردیانه |
| كردنه | كردونه | كردنه، كردیتانه |
| كردنه | كردونه | كردیانه |
| | رابردووی ناته‌واو | |
| ده‌مكرد | ئه‌مكرد | كردیام |
| ده‌تكرد | ئه‌تكرد | كردیات |
| ده‌یكرد | ئه‌یكرد | كردیا |
| ده‌مكرد | ئه‌مانكرد | كردیامن |
| دهونكرد | ئه‌تانكرد | كردیاتن |
| دیانكرد | ئه‌وانكرد | كردیان |

## داهاتو

دەمی ئێستای هەواڵگەیاندن شێوەیەکی تایبەتە بە موکری و سلێمانییەوە.

نمونە: دەبابیکەم. ..هتد وەکو فرمانیش: بیکە..بیکە...بکە.

لێرەدا زوربەی فرمانە ئاساییەکانی کوردی و پارچە سەرەکیەکانی پێشاندراون، هەروەها دەکرێ شێوەی فرمان لە ناو دروستکرێ هەروەك لە فارسیدا. بۆ هەوڵدانی شیکردنەوەی فرمانەکانی (بوون) یان (دەبێت) جیاوازی دەنگی ڤاوڵ بەدیدەکرێت، کە لە راستیدا تێبینی نەکراوە و هێمای دەمێك دەکات لە دەمەکان، چونکە لێرەدا داوای بۆشاییەکی زۆر دەکات کە نیە و ئەوانەش تا بڵێی ئاڵۆزن. شێوە و بەکارهێنان نیە، بەڵام قوتابیەکی بە تەنگەوەهاتو دەتوانێ ئەو داخوازیەی هەبێت تا دابینیان بکات.



# محەمەدئەمین حسێن (مینە)

## بەرهەم و نووسین

- سەلیقەی کوردەواری، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوید- کوردستان، ساڵی 1994
- زمانی جەستە، پەیوەندیە گۆنەکراوەکان، سلێمانی، ساڵی 2004
- عەشق لە جوانکاریدا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە سلێمانی، ساڵی 2005
- زمانی جەستە، درۆ و هێماکانی درۆکردن، کۆمپانیای ئاوێنە، سلێمانی، ساڵی 2007
- دیوانە شیعر، لەسەر ئەرکی نوسەر، مینە، ساڵی 2022

## له بواری وەرگێڕاندا

- نامە ئاوارەکان، نووسینی کارۆ، لە فارسیەوە، سلێمانی، ساڵی 2006
- زمانی روخسار، نووسینی رۆبەرت وایتساید، لە ئینگلیزیەوە، کۆمپانیای ئاوێنە، سلێمانی، ساڵی2007
- سلێمانی..ناوچەیەك لە کوردستان، نووسینی مەیجەر سۆن، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، لە ئینگلیزییەوە، سلێمانی، ساڵی 2007 ، چاپی دووەم ساڵی 2023
- کوردی سووریا، نووسینی هێریەت مۆنتگومری، بە هاوبەشی مینە و پێشەوا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، لە ئینگلیزییەوە، سلێمانی، ساڵی 2009.
- گەشتەکەی ریچ، نووسینی کلاودیوس ریچ، بەرگی دووەم، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، لە ئینگلیزیەوە، سلێمانی، ساڵی 2012
- وڵایەتی موسڵ، راپۆرتی کۆمەڵەی نەتەوەکان، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، لە ئینگلیزیەوە، سلێمانی، ساڵی 2012
- زانایانی ئایینی کورد و فوتابییە ئەندەنوسیەکانیان، نووسینی مارتن ڤان برۆینەسن، ناوەندی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی، لە ئینگلیزیەوە، سلێمانی، ساڵی 2016
- لیڤیەکانی عێراق، نووسینی جۆن گیلبەرت براون، ناوەندی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی، لە ئینگلیزیەوە، سلێمانی، ساڵی 2016.
- گەشتێك بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا، نووسینی مەیجەر سۆن، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادکار، لە ئینگلیزیەوە، سلێمانی، ساڵی 2018. چاپی دووەم ساڵی 2023
- رامان لە مرۆڤدا، نووسینی رجاءالنقاش، لە عەرەبیەوە، بە 86 ئەڵقە لە بڵاوکراوەی مانگانەی مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن بڵاوکراوەتەوە، ساڵی 1990.
- تێبینیەکان لەبارەی هۆزەکانی باشووری کوردستانەوە، نووسینی مەیجەر سۆن، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادکار، لە ئینگلیزیەوە، سلێمانی، ساڵی 2023.